سلاولدیادی چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی کوردستان

دەزگای رۆشنبیری وبلاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی و
سەرنووسەر
اسماعیل رسول

شەقامی الجمهوریە
مەیدانی الخلانی
ت ٥/٨٨٧٥٧٩٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری

التضامن

رۆژنامەیەکی
هەفتانەیە
٨ لاپەڕە
٢٥ فلسە

دەستەڵاتی خێراگرتن و دەستەڵاتی خێرخوازی سەرکەوت ، هەموومان ، سەرەڕای گرانی باری ڕۆژگار لەپێناوی چەسپاندنی بنکەی ئۆتۆنۆمیدا کارمان کرد و لەسەرینمانە زیاتر لەپێناوی چەسپاندنیدا لەم ڕۆژگارەدا کاربکەین .
سەرۆکی فەرماندە
صدام حسین

● دووشەممە ١٠ی ئاداری ١٩٨٠ ژمارە ٥١٦ ●
● الاثنین ١٠ آذار ١٩٨٠ العدد ٥١٦ ●

دەست پێکردنی گفتوگۆی نێوان سەرۆک صدام حسین وسیادبری

سەر لە نێوارەی ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو لە کۆشکی کۆماری لە بەغدا یەکەم خولی گفتوگۆ ڕەسمیەکەی نێوان بەڕێز سەرۆک صدام حسین و بەڕێز محمد سیادبەری سەرەک کۆماری سۆمالی دیموکراتی دەستی پێکرد .

لە خولی یەکەمی گفتوگۆکەدا باسی پەیوەندی برایانەی نێوان هەردوو وڵات کراوە لە هەموو مەیدانەکاندا لە گەل ئامۆکانی پشتگیریی لە هاوکاری دوو قۆڵی بە جۆرێك یارمەتی بزووتنەوەی پەرەپێدان و بنیاتنان بکات لە هەردوو وڵاتدا . ئەو گفتوگۆیەی دەوروبەری سەعات و نیوێکی خایاندوود ئامی دوا پەرەسەندنی و ڕوداوی مەیدانی عەرەبی کراوە لە گەل ئەو گیروگرفتانەی سۆمالی هەیەتی . لەو گفتوگۆیەدا لە لایەن عیراقەوە بەڕێز طە یاسین ڕمضان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی سۆرش یەکەم جێگری سەرەك وەزیران و دکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوە ئامادەبوون و لەلایەن سۆمالەوە عەفید عوسمان محمەد جیلی سەرۆکی دایرەی بەرزی لێکۆڵینەوەی زانستی ئەندامی لیژنەی کۆمیتەی پارتی سۆشیالیستی سۆمال و بەڕێز عبدالرحمن جامیع بری وەزیری دەرەوە و ئەندامی لیژنەی کۆمیتەی پارتی سۆشیالیستی سۆمال ئامادە بووە .

ئەوە بوو بەڕێز محمد سیادبەری سەرەك کۆماری سۆمالی دیموکراتی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممەی ڕابوردو لەتەك وەفدێکا بە سەردانێکی ڕەسمی لە سەر بانگێشتنی بەڕێز سەرۆك صدام حسین هاتۆتە وڵات .

نامەیەکی دەست نووس بۆ سەرۆك لە مەلیك حسن ی دووهەمدا

سەرلەنێوارەی ڕۆژی هەینی ڕابوردوو نێراوی تایبەتی بۆ لای بەڕێز سەرۆك صدام حسین لە مەلیك حسن ی دووهەمەوە مەلیکی مەغریب دکتۆر عزالدین العراقی وەزیری پەروەردەی مەغریب گەیشتۆتە بەغدا .

دکتۆر العراقی ئەوەی ڕاگەیاندووە کە نامەیەکی دەست نووسی پێیە بۆ بەڕێز سەرۆك صدام حسین کە خاوەن شکۆ مەلیك حسن ی دووهەمی برای بۆی ناردووە لەبەر ڕۆشنایی ڕاگەیاندنە نەتەوایەتیکەی بەڕێز سەرۆك کە داوای یەك خستنی ڕیزەکانی نەتەوەی عەرەب دەکات .

هەروەها وتوویەتی .. کە سەردانەکەی لە چوارچێوەی ئەو بەسەرکردنەوە هەمیشەییەدایە کە لە نێوان عیراق و مەغریبدا هەیە بۆ بەنین کردنی پەیوەندی برایانە لە نێوان وڵاتانی عەرەبدا .

بەڕێز جاسم محمد خلف وەزیری پەروەردەی بەرزو پشکنینی زانستی پشتوازی نیراوی بەڕێزیان کردووە لە گەل باڵوێزی مەغریب لە بەغدا .

ئا . د . ع

ڕۆژنامەدیدکی دەنگۆ بەدەوامن لە ستایش کردنی ڕاگەیاندنەنەتەوایەتیکەدا

دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەوڵاتانی عەرەبدا بەردەوامن لە ستایش کردنی ئەوەی ڕاگەیاندنە نەتەوایەتیەی بەڕێز سەرۆك صدام حسین لە بیرەوەری حەفدەهەمین ساڵەی شۆڕشی ٨ ی شوباتدابە نەتەوەی عەرەب و دنیای ڕاگەیاند .

لەم بارەیەوە گۆڤاری - الازمنة العربیە - کە لە ئەبوزەبی دەردەچێت ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە ڕاگەیاندنە نەتەوایەتیکە هەستی عیراق نیشان دەدات بەرامبەر ئەو مەترسیانەی هەڕەشە لە دوا ڕۆژی نەتەوەی عەرەب دەکات ئەویش لە ژێر سایەی دۆخی سیاسی دەوڵەتانو ئەو ئەنجامانەی لەوانەیە نێی بوەشێتەوە .

گۆڤارەکە داوای لە دەوڵەتانی عەرەب کردووە بۆ پەیڕەوی کردنی ڕاگەیاندنە نەتەوایەتیکەو خستنە کاری بۆ شتێکی کارامە کە نەتەوەی عەرەب بپارێزێت لە دۆخێکدا کە ئەوە دەرکەوتووی زۆر لایەنی کێشەی دەوڵەتان لە سەر ناوچەکەیە ..

گۆڤارەکە ناوی ڕاگەیاندنەکەی وابردووە کە دەشێت ببێتە ڕێگایەك بۆ نەخشەکێشانی سەراتیژیەتیکی نوی بۆ نەخشەکێشانی سەراتیژیەتیکی نوی بۆ نەتەوەی عەرەبی جیاوازیان لە سەری نییە .

هەروەها وتوویەتی . . ئەر ڕاگەیاندنە نەتەوایەتیەی عیراق پێشنیاری کردووە وەك بانگێشتنێ وایە بۆ هەموو وڵاتانی عەرەب بۆ ئەوەی وریای هەموو مەترسیەك بێت .

جۆگسلافیا

ڕاگەیاندنەکەی سەرۆك صدام حسین لە کاتی خۆیدابوو

یوگسلافیا بە گەرمی بەوەپێشوازی ڕاگەیاندنە نەتەوایەتیکەی کردووە کە سەرۆك صدام حسین لە بیرەوەری حەفدەهەمینی شۆڕشی ٨ی شوباتدا بۆ نەتەوەی عەرەب و هەموو دینای بلاوکردەوەو وای باس کردووە کە دەست پێشکەریەکی بنیات نەرانەو گرنگەو بەشداریەکی گەورەیە لە پشتگیری کردنی یەکێتی و هاوکاری عەرەب و بزووتنەوەی بتلایەنی .

ئەمە لەو بەیاننامەیەدا هاتووە کە بەڕێز میرکوکا لزتیش قسەکەری ڕەسمی بە ناوی حکومەتی یوگسلافیاوە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا لە بەلگراد بلاوی کردۆتەوە ، قسەکەرەکە لە سەر پرسیارێکی بەیامنیری ئاژانسی دەنگوباسی عیراق وتوویەتی ڕاگەیاندنەکەی بەڕێز سەرۆك صدام حسین بە دوای ئەو ڕووداوانەدا هاتوە کە لەم دوایەدا لە ئاسیادا ڕوویان داوە کە بەردەوام زۆران بازیی هێزە گەورەکان بەنین تر دەبێت بە جۆرێك ئەمن و ئاسایش و سەر بە خۆیی وڵاتانی ناوچەکە دەخاتە مەترسیەوە ، هەر وەها وتوویەتی .. ئێمە لە یوگسلافیا لەو ڕاگەیاندنە نەتەوایەتیەدا کە بەڕێز سەرۆك صدام حسین ڕایگەیاندووە هاوبەش یەکی گەورەیە لە پشتگیری کردنی بیروباوەڕەکانی بزووتنەوەی بێتلایەنی و بیروباوەڕی دەسەڵات دارێتی و سەربەخۆی و دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی ترو ئەوەش لەو بانگەوازی داواکردنەیدا بە چاکی دەردەکەوێت کە دەوڵەتانی ناوچەکە ڕەفزی بوونی هێزی سەربازی بنکەی سەربازی بکەن لە خاکیاندا .

بەرپابوونی شەڕێکی توند لە زۆربەی ناوچەکانی ئەفغانستان

کابل - ٤ - ئاژانسەکان . ئا . د . ع :

بۆ چوار هەم ڕۆژە لە نێوان بەرەی نارازی بەحکومەت و هێزەکانی حکومەت کە لە لایەن هێزەکانی سۆڤیاتەوە پشتگیری دەکرێت لە کابل ی پایتەختدا بە درێژایی سنووری نێوان ئەفغانستان و پاکستان شەڕێکی توند بەردەوامە .

ئاژانسی دەنگوباسی ئەسوشیتدپریس لە سەرچاوە نارازێکان لە حکومەتەوە هەوالی ئەوەی گەیاندووە کە هێزەکانی حکومەت لە ماوەی سێ ڕۆژی یەکەمی شەڕدا هەزارو هەشتسەد کەس زیانی داوە سەرەڕای ئەو زمارە زۆرەی لێیان بەدیل گرتووە لە ناوچەکانی ئەسمەرو سیگال دا ئاژانسەکە ئەوەشی ڕوون کردۆتەوە کە هێزەکانی حکومەت هێرشێکی گەورەیان کردۆتە سەر هێزە نارازێکان و لەو هێرشەیدا فرۆکەو زرێپۆش و چەکی قورسی بەکارهێناوە بەلام ئەو ئەنجامەی مەبەسەر نەکردووە کە هێرشەکەی بۆ کردبوو .

وە ئەوەشی باسی کردووە کە هێزە نارازێکان بە حکومەت لەو دوو ناوچەیەدا چەند هێزێکی حکومەتیان ئابلۆقە داوە ، ئەوەشی وتووە کە سەد کەسی لە هێزەکانی بابراك کارمل لە نزیك ناوچەی باجورەوە لە ناوبراون کاتێك وبستویانە لێوەی نزیك بنەوە .

ئاژانسەکە هەروەها باسی ئەوەشی کردووە کە هێزەکانی سۆڤیات جێگای خۆی لە سووری شاری ئەسمەر توند کردووە .

لەنگاوێکی تر لە سەر ڕێگای خیانەتی نەتەوایەتی

یەکەم فرۆکەی سەربەزایونی دوژمن دوێنێ شەو لە فرۆکەخانەی قاهیرە نیشتۆتەوە بەود ڕێگایەکی بازرگانی لە خاکی زەوت کراودا کردۆتەوە

ئەم هەنگاوە خیانەت کاریە نوێیە وەك بەشێك لە جێبەجێ کردنی ڕێکەوتنە خیانەت کارێکەی کامپ دیفد نراوە کە ساداتی خایەن لە گەل زایونی دوژمندا بەسەر پەرشتی جیمی کارتەر مۆری کردووە وەدوای ئاڵوگۆڕ کردنی باڵوێز لە نێوانیاندا .

لێپرسراوێك لە کۆمپانیای « العال » ی سەربە قەوارەی زایونی وتوویەتی ئەو فرۆکەیە ١٦٥ کەسی تێدا بووە . هەروەها وتوبانە کە لە گەڕانەوەی فرۆکەکەدا ٤٠ کەسی لە دەستەو دایرەکانی ساداتی خایەن سوار دەکات وەئەوەشیان ڕوون کردۆتەوە کە یەکەم فرۆکەی سەر بە ڕژێمەکە لە ڕۆژی چوار شەممەدا لە فرۆکەخانەی ئەللد نیشتۆتەوە ویەکەم فرۆکەی زایۆنی فرۆکە خانەی قاهیرە نیشتۆتەوەو الیاهو کوری الیعازر باڵوێزی قەوارەی زایونی لای سادات پێشوازیی کردووەو خۆشحالی خۆی نیشانداوە بەکردنەوەی ئەو ڕێگایە .

ئێران

ئاکۆکی نوێ لە نێوان سەرۆکی ئێران وقوتابیکانی سەر بە خومەینی

تاران - ٤ - ئا . د . ع - ئاژانسەکان :

سەرۆکی ئێران ابوالحسن بنی صدر دوێنی شەو مەرجەکانی قوتابیانی سەربەخومەینی ڕەفز کردووە ئەوانەی لە تاران باڵوێزخانەی ئەمەریکایان گرتووە بۆ پێشوازی کردنی ئەندامانی لیژنەی وڵاتان کە لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی شای لابراوی ئێرانیان پێ سپێردراوە .

ئەم ڕەفز کردنە دوای ئەوە بوو کە داگیرکەرانی باڵوێزخانەکە ڕەفزی ئەوەیان کردووە کە چاویان بە ئەندامانی لیژنەکە بکەوێت وە ڕەزامەندی خۆیان بەرامبەر تەنیا باسێك نیشان داوە ئەویش ئەوەیە کە ڕێگایان بەئەندامانی لیژنەکە داوە کە هەندێك لە بارمتەکان ببینن ئەویش لە کاتێکدا لیژنەکە گوێی لە قسەی داگیر کەرانی باڵوێزخانەکە بگرێت بەوپێیەی شایەتن لە مەسەلەکەدا ...

بنی صدر ئەو مەرجەی بە ناماقول داناوە کە هەڵوێستی حکومەت لاواز دەکات . ئەم ڕەفز کردنەش تەبیعەتی پێچەوانەو جیاوازی هەڵوێستەکانی کاربەدەستانی ئێران نیشان دەدات .

لە لایەکی ترەوە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دوێنێ ئەوەی بەدرۆ خستۆتەوە کە ئەگەر یەکێك لە دبلۆماسییە ئەمەریکایەکان پەیوەندی لە گەل کۆمەلی « الفرقان »ی ئێراندا کردبێت کە دەستەیەکی ناریان کردووە کە پەیوەندیەکی توندوتۆڵی لە گەل ئەو تاقمەدا هەیە .

ئەوە بوو حەوت کەس لە نارازیانی سیاسەتی خومەینی دوێنێ لە تاران لە سێدارە درابوون .

ناژاوە لە تاراندا

چەند شەڕێك لە نێوان (فیداکارانی گەل) و تاقمەکەی کنی سەرپەرشتکەری ئەوی لێداوە کە هێزەکانی مەبەستی بلاوە پێ کردنی هەردوولادا کە شەڕیان لە پرۆپاگاندەی هەڵبژاردنەوە .

مەهدی ئەوەی دیاری بەر ئەو تەقانە کەوتبن .. بەلام نەیتوانیوە ئارام و ئاسایش ئەو هەڵبژاردنە کە ڕێکخراوی کرابوو وەلە لایەن وەزارەتی ئەمن ڕەزان لەرژێمی ئێران . . ئەوە بوو دەسەڵات دارێتی ڕژێمی ئێران فکتور تومیت ڕاوێژکاری سیاسی لە باڵوێزخانەی ئەمەریکاو ئێستا لە وەزارەتی دەرەوە دەست بەسەرە بەوە تومەت لایەنگیرانی ڕێکخراوی خومەینیدا ڕوویداوە مهدی وەزارەتی ناوخۆی ئێران لافی پۆلیس تەقەی کردووە بۆ خۆنیشاندانەکان لە نێوان نێواندا هەڵگیرسابوو بەهۆی ئەکردوو ، کە ئەگەر کەس ئەوەی وتووە کە حکومەت بارێزگاری بکات بۆ کۆبونەوەی فیداکارانی گەلی بۆ بانگ کاوخۆوە ڕێگای درابوو .

گیروگرفتی ئابووری لە ئەفغانستاندا

سەرچاوەیەکی بەرپرسیار لە ئەفغانستان باسی ئەوەی کردووە کە لە چەند مانگی داهاتوودا ئەفغانستان دووچاری گیروگرفتی ئابووری سەخت دەبێت کە ئەویش بەهۆی کەمی بەرهەمی کشتوکاڵی و گرانی نرخی شتومەوە دێتە گۆڕێ .

سەرچاوەکە هەروەها وتوویەتی . . نرخی خراردەمەنی و هەندی کەلوپەلی تری زۆر پێویست بۆ ژیانی ڕۆژانە بە ڕادەی ٣٠٪ و ٤٠٪ لە ٢٧ ی مانگی بەفرانباری پێشووەوە زیادی کردووە .

فرۆکەی - بی ٥٢ - ی ئەمەریکایی بەسەر ئوقیانووسی هندی و دەریای عەرەبدا خولی خواردووە

هارولد براون وەزیری بەرگری ئەمەریکا پەردەی لەرووی ئەو هەوالە هەتمالیوە کە چەند فرۆکەیەکی بۆمبا هاویژی ستراتیژی لە جۆری (بی - ٥٢) سێ گەشتی تاقی کردنەوەی بەسەر ئوقیانووسی هندی و دەریای عەرەبدا کردووە .

وە لە بەردەم لیژنەی پەیوەندی دەرەوەدا لە کۆنگرێسی ئەمەریکا ئەوەی دووپات کردۆتەوە ئەم خول خواردنی تاقی کردنەوەیە درای بلاو بوونەوەی کەشتی یە جەنگێکانی ئەمەریکا لە ئوقیانوسی هندی دا بووە بەرادەیەك ژمارەی ئەو کەشتی یە جەنگیانە ئەمەریکا لەو دەریایانەدا گەیشتۆتە (٢١) پاپۆر لە گەل دوو باژوری گەورەی فرۆکە هەڵگردا . وە ئەوەشی وتووە کە لەو جۆرە فرۆکانە لە هەندێ بنکەی ڕژێمی ساداتدا هەیە .

وتەی هاوکاری

لە بیرەوەری یادی دەیەمین ساڵەی دەرچوونی بەیاننامەی ئاداری مێژوویی و شەشەمین ساڵی ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی لە کوردستان

هەمیشەو بەردەوام ئەم ڕۆژەی مانگی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ وەك ڕۆژێکی مێژوویی بەنرخ دەمێنێتەوە ، بۆ ئەو هەموو مانابەرزوو بەنرخانەی هەڵیگرتووە کە هەموو مانای پەیوەندی تێکۆشانی هەردوو گەلی عەرەب و کوردی پێوە دیارە لە خەباتیاندا بۆ بنیاتنانی عیراقێکی دیموکراتی گەشاوە ، وە لەپێناوی خستنەکاری هەموو وزەو هەوڵو تەقەللایەك لەپێناوی بنیاتنانو بەرهەمهێنانو پەرەپێدانی وڵاتو چەسپاندنی برایەتی ڕاستەقینەی نێوان کوردو عەرەب لە بەربری کردنی ئەمپریالیزم زایونیزم و کۆنەپەرستیدا ..

ئەمڕۆ ئێمە ئاهەنگی بیرەوەری دەهەم ساڵی دەرچوونی ئەم بەیاننامە مێژوویەو بیرەوەری شەشەمین ساڵی ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان دەکەینەوە سەر لە نوێ ئەوە دووپات دەکەینەوە کە ئەو بیروباوەڕانەی لەو بەیاننامەیەدا هاتوون پوختو دروستن بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لەعێراقی خۆشەویستماندا ..

ئێمەڕبوونی شەش ساڵی ڕەبەق بەسەر جێبەجێ کردنی یاسای ئۆتۆنۆمی و ئەو تاقی کردنەوانەی دەزگاکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن لە ناوچەکەدا پێیداتێپەڕیون و ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن سەرکردایەتی حزبو شۆڕشەوە بەو دەزگایانە دراون ، سەرلەنوێ ئەوە دەسەلێنێت کە ئۆتۆنۆمی چارەسەرێکی چاك بووە بۆ گیروگرفتێك کە چارەسەرکردنی لەزۆر سەردەمی بەر لەشۆڕشی هەڤدەی تەممووزی ساڵی ١٩٦٨دا لەدەست نەدەهات ئەویش بەهۆی تێنەگەیشتنی جەوهەری مەسەلەکەوە نەبوونی ئارە زوویەکی تەواو بۆ چارەسەرکردنی .

ئێمە لە گەرمەی ئاهەنگی بیرەوەریی جەژنەکانی ئادارو ئۆتۆنۆمی و نەورۆزدا هیوادارین کە ئەم جەژنانە هاندەرێکی بەهێزبن بۆ دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی ئەویش بۆ گەشەپێ کردنی کوردستانو ئاوەدان کردنەوەی .

ئابێ ئەو هەوڵدانەشمان لە بیر بچێتەوە کە لە هەموو بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵدا دراوە . وەك فرەوان کردنی ڕێگاوبان بۆ گەم .

● هاوکاری ●

بڕوانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا

● لێك نزیك کردنەوەی بارە لە قەبالەی خەرجی و وەرگرتندا .
● دالهێنانی وەزیفەیەك بە ناونیشانی « بلیت بڕ » .
● دەرکردنی کرێکارێك بۆ ماوەی دوو ساڵ بە هۆی دلسۆزینە بوونی لە کارەکەیدا .

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هەموو دایەرە ڕەسمیەکانی دەوڵەت و دامەزراوەکانی کەرتی سۆشیالیستی سەرپشك - کردووە لە دەسەڵاتی نزیك کردنەوەی بارەدا لە قەبالەی ئەو خەرجی و وەرگرتنانەدا کە دەریان دەکات هەتا وەکو لبستەی داواکردنی مافەکانیشی لە سەر لایەنەکانی تر وەیا بە پێچەوانەوە بۆ پێنج فلس ئەگەر بارەکە کۆتایی هاتبو بە ٢ر٥ فلس یا زیاتر .

وە ئەنجومەن بڕیاری داوە کە ئەو بارەیە پشتگوێ نخرێت کە لەوە کەمرەو وەرگرتنی بارەو ئەو چەکانەی بە چاکەی خۆی دەرچووە ئەگەر کۆتایی بە بارەیەك هاتبوو لە پێنج فلس کەمتر بێ . هەروەك ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری داوە کە وەزیفەیەك بە ناونیشانی « بلیت بڕ » دابنێت بە مانگانەی لە نێوان ١٥-٩٠ دینار بۆ دەرچووانی قوتابخانەی ناوەندی . ئەنجومەن بڕیاری داوە کە ئەم ناو نیشانی وەزیفە نوێیە بخاتە سەر ئەو خشتانەی کراونەتە پاش بەندی بنکەی خزمەت گوزارێکەی لە دەزگای گشتی گواستنەوەی وشکانیدا پەیڕەو دەکرێت .

● دەرکردنی کرێکارێك

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری داوە بە دەرکردنی سالم حمودی کرێکاری تەکنیکی لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گومرگ لە ناوچەی ناوەراست بۆ ماوەی دوو ساڵ .

هەروەك ئەنجومەن بڕیارێکی تری داوە بە لابردنی ئەو بڕیارەی لە بەڕێوەبەرایەتی گومرك و باج وەرگرتنی ناوچەی ناوەراستەوە دەرچوو بوو بە دەست گرتن بە سەر ئۆتۆمبیلی رەقەم (٢٢٥٤) کربلاء لە جۆری پاسی مارسدیس و گەراندنەوەی بۆ خاوەنەکەی .

ئەمەش تەواوی هەر دوو بڕیارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشە ژمارەی بڕیارەکە ٣٤١ کە لە ٣-٣-١٩٨٠دا دەرچووە .

بڕیار بە پێی دەسەڵاتی بڕگەی (أ) لە مادەی ٤٢ی دەستووری وەختی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٣-٣-١٩٨٠ دا بڕیاری داوە .

١ - دەرکردنی سالم حمودی کرێکاری تەکنیکی لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گومرك و باج وەرگرتن ناوچەی ناوەراست لە خزمەت کردن بۆ ماوەی دوو ساڵ .

٢ - وەزیرەکان پەبڕەوی ئەم بڕیارە دەکەن .

صدام حسین
سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ئەمەو ئەمینداریتی گشتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری دەست بە سەراگرتنی سالم حمودی کرێکاری تەکنیکی تەکنیکی لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گومرگ و باج وەرگرتنی ناوچەی ناوەراستی داوە بۆ ماوەی شەش مانگ .

ئەوە بوو ناوبراو سالم حمودی داوای لە هاوولاتی عبدالزهرە قاسم خلف خاوەنی ئۆتۆمبیلی لە جۆری پاسی مارسدسی دیزل کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گومرگەوە دەستی بە سەرا گیراوە بەو پێیەی قاچاخی کرد بوو کە ٣٠ دیناری وەك بەرتیل بدات لە باتی فەحص کردنی ئۆتۆمبیلەکەی وە کاتێ هاوولاتی خاوەنی ئۆتۆمبیلەکە ئەو بارەیەی نەداوەی (سالم)ی فەحسی کەر لە تیبینیکانیدا نووسیویە کە ژمارەی مەکینەکەی دەستکردی خۆمالی یەو لەگەل سجیلە بنەرەتیکاندا ڕێك ناکەوێت ئەمە وای لەو لێژنە فراوانە کرد کە ئۆتۆمبیلەکەی خراوتە لا کە پشت بەو تیبینیە بەستێتو ئۆتومبیلەکە بە قاچاخ بنووسێتو دەستی بە سەردا بگرێتو ٦٥٠ دینار لە خاوەنەکەی بستێنێ . ژماری بڕیارە کە ٣٤٠ .

جۆری بڕیارەکە ٣-٣-١٩٨٠

بڕیار

بە پێی دەسەڵاتی بڕگەی «أ» لە مادەی ٤٢ی دەستووری وەختی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبوونەوەی ٣-٣-١٩٨٠ دا بڕیاری ئەمانەی لای خوارەوەی داوە .

١ - ئەو بڕیارە لادەبرێت کە لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگ و باج وەرگرتنی ناوچەی ناوەراست ژمارە « ٢٢٧١ » لە ٢٥-٧-١٩٧٩ دا دەرچووە کە دەست بە سەراگرتنی ئەو ئۆتۆمبیلەی تبدایە کە وەسفەکەی لای خوارەوەیەوە دەدرێتەوە بە عبدالزهرە قاسم خلفی خاوەنی و بارەی سزاکەشی دەدرێتەوە کە بە پێی بڕیاری ناوبراو لێی سەندرا بوو .

ژمارەی ئۆتۆمبیلەکە ٢٢٥٤ کربلاء .

جۆر پاسی مارسدس .

ساڵی دروستکردنی ١٩٥٢ .

ژمارەی شاسی ٣١٢٢١٠٠٨٣٣ .

ژمارەی مەکینە ١٢٩٥١ .

٢ - وەزیرەکان ئەم بڕیارە بە جێ دەگەیەنن .

صدام حسین
سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

سەرۆکی فەرمانده

ڕیزی ئامادەکەرانی پرۆگرامی دەرگای ژیان لە تیپستگەی کوردی دەگرێت

لەم دوییەدا ، سەرۆکی فەرمانده ، دەستی ڕیزی نا لە دوو برادەر لە کارگێرانی تیپستگەی کوردی لەبەغداو خەڵاتی پێشکەش کردن ، ئەم خەڵات کردنەش بەرامبەر ئەو هەوڵو تەقەللا سەرکەوتوەیان بووە کە لەبەرنامەی (دەرگاکانی ژیان)دا پێشکەشیان کردوە. کاك (محمد جهاد حسن) وکاك (اسماعیل ابراهیم سعید) بەم بۆنەیەوە ، ڕێزو خۆشەویستیو سوپاسی دلسۆزیان بەرامبەر ئەم لالی کردنەوە دلسۆزانەیەی سەرۆکی فەرمانده دووپات کردەوە لەگەل بەڵێیندان بەبەردەوامیو زیادکردنی هەوڵو کاری بەرهەمداریان .

هەردوو برای ناوبراو دەربارەی بەرنامەکەیان وتیان ئەم بەرنامەیە سەرکەوتنەکەی لەوەدایە کە ڕاستەخۆ لەگەل خەڵکدا دەدوێو چارەسەری گیروگرفتی ڕۆژانەی خەڵك دەکاو بەمجۆرە هەمیشە بەیوەندی ڕاستەو خۆی بەکۆمەڵانی خەڵکەوە هەیە .

● ڕیزو سلاو بۆ ئەم لاکردنەوەی سەرۆکی بەرمانده .

● پیرۆزبایی لەو دوو برادەرە

بانگەوازێك لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی بەوە بۆ هەموو ئەندامە بەرێزەکان

داوا لە هەموو ئەندامە بەرێزەکانی دەستەی گشتی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی دەکەین ، کە سەرلەبارەگای کۆمەڵە بدەن بۆ تازەکردنەوەی (هویە)ی ئەندامیەتیو بۆ ئەم مەبەستەش تکایە وێنەیەکی بچوکی (٣×٣ لەگەل خۆیان بهێنن بۆ لای سکرتێری دەستەی بەڕێوەبەر تا (هویە) کۆنەکانیان بدەنەوە (هویە)ی تازەی کۆمەڵە وەربگرن و سوپاس .

سکرتێری دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵە

لە بیرەوەری ئەنجام ساڵی چەسپاندنی ئۆتۆنومی دا

تیشکی ڕووناکی شۆڕشی ١٧-٣٠ تەمووزی مەزن

ناوچەی کوردستان ئاوەدان دەکاتەوە

ئەواشەش ساڵ بەسەر چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستاندا ڕابورد، لەماوەی ئەم شەش ساڵەی کاروانی دەسەڵات کەوتەکاندا سەرکردایەتی حزب (حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست) شۆڕش لەبەر ڕووناکی بیروباوەڕی مرۆڤایەتیو پێشکەوتنخوازانەیدا تەقەللای دلسۆزانەی بەردەوام بوە بۆ قول کردنەوەی ئەم تاقی کردنەوە مەزنە نموونەییە .

● پیا چوونەوەیەکی تیکڕایی

لەبەر ڕووناکی ئەو بایەخە فراوانەی سەرکردایەتی حزبو شۆڕش بەناوچەکەو گەلی کوردی داوە ، ژیانی ئەهوەنیو سەربەستی بۆ زامن کردوون، هەتا ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە ڕوو لەزیادی بوەو ئەم زیادەیە بەرادەی زیاتر لەنیو ملیون دەبێ لەماوەی ساڵی ١٩٧٠ - ١٩٧٧ دا و موعەدەلی زیادەی ژمارەی دانیشتوان گەیشتۆتە (٥ر١) کە ئەم زیادەیە دووکەرەت بە قەدەر ئەو زیاد بوونەیە لە ساڵانی ١٩٦٥ - ١٩٧٠ دا بوەو هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەسپاندنی هیمنیو ئاسایش، بەتایبەتی دوای جێبەجێ کردنی یاسای ئۆتۆنومیو زیاد بوونی بەرهەمو ماوەفراوان کردن لەبەردەم خەڵکی ئارچەکەدا بۆ کار کردنو پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری کۆمەڵایەتیو تەندروستی کە بونەتە مایەی کەم کردنەوەی نەخۆشیو مردنو بێ کاری .

● بەرنامەی وەبەرهێنان :

قەوارەی وەبەرهێنانی ساڵانەی ناوچەکە بەشێوەیەکی دیار پەرەی سەندوەو لە ٣ر٥ ملیون دینارەوە لە ساڵی ١٩٦٧ گەیشتە ١٥٢ملیون دینار لە ساڵی ١٩٧٧دا و ٢٥٩ ملیون دینار ساڵی١٩٧٨ و ٢٦٤ ملیون دینار ساڵی پار ١٩٧٩ ٨ دیسان داهاتی یەك کەس لەوەبەر هێناندا کە لەساڵی ١٩٦٧ دایەك دینار بوو لە ساڵی ١٩٧٧ دا گەیشتە ١.٣ دینارو ساڵی پاریش ١٩٧٩ گەیشتە ١٧٩ دینار .

هەروەها زیاتر بایەخدرا بەدانانی بەشی ناوچەکە لەبودجەی گشتی وڵاتداو لەکاتێکدا ساڵی ١٩٦٧ بەشی ناوچەی کوردستان لەبودجەی گشتی عیراقدا ١ و ٣٪ بوو لە ساڵی ١٩٧٧ دا گەیشتە ٤ر٧٪ و ساڵی ١٩٧٩ گەیشتە ١ر١٢٪ و ئەمساڵ ، ساڵی ١٩٨٠ زیاتر کراوە .

ئەو بارەیەی بۆ ئاوەدان کردنەوەو کردنەوەی پرۆژەکانی پارێزگاکانی ناوچەکە دانراوە لەم ساڵانەدا زیاتر بووە لەوەی بۆ پارێزگاکانی ناوەراستو خوارو دانراوە ، بۆ نموونە بارەی دانراو بۆ پارێزگاکانی هەولێرو سلیمانیو دهۆك لە ساڵی ١٩٧٨ دا بەم جۆرە بوو : ٦ ر٣٪ و ٤ ر٢٪ و ٤ر٢٪ بوەو لەساڵانی دوایشدا زیاتر کران .

● پەر پێدانی کەرتەکانی کشتوکاڵو پیشەسازی

دیسان بەرهەمی کشتوکاڵ لەناوچەکەداو بەپێی بایەخ پێدانی فراوان لەناوچەکە زیادی کردوەو ئەو بارەیەش بۆ ئەم بڕەو پێدانە دانراوە کە لەساڵی ١٩٦٧ بریتی بوو لە ٥٧٩ هەزار دینار لەساڵی١٩٧٧ دا گەیشتە ٤٠ ملیون دینارو ساڵی پار ١٩٧٩ گەیشتە ٤٦ ملیون دینار .

بەڵام لەلایەنی کەرتی پیشەسازیدا بارەی دانراوی ساڵانەش زیادی کردوەو لەکاتێکدا لەساڵی ١٩٦٧ دا بریتی بوو لە ٦٧٥ دینارساڵی ١٩٧٧ گەیشتە ٣٠ ملیون دینارو ساڵی ١٩٧٩ زیادکرابۆ ٧٩ ملیون دینارو لەم ساڵیشدا ١٩٨٠ دا زیاتر کراوە .

لەلایەنی خانووبەرەوئاودانیشەوە ، لەکاتێکدا ساڵی ١٩٦٧ بارەی دانراوی ئەم لایەنە تەنیا ٤٧ ملیون دینار بوو ساڵی ١٩٧٩ گەیشتەرادەی ٦٨ ملیون دینار .

● ژمارەی تر :

- لەناوچەی کوردستانداژمارەی دامەزراوە پیشەسازیە گەورەکان لەسایەی بایەخدانی شۆڕشدا بەناوچەکە گەیشتۆتە (٧٦)دامەزراوی پیشەسازی .

- ژمارەی کارگێران لەودەزگاپیشەسازیانەدا لە (٩.٥٠) کەس زیاترە .

- لەڕووی خزمەن گوزاری تەندروستی یەوە ژمارەی پزیشکەکانی لەچاو ساڵانی پیشوتردا لە (١٤٠٪) زیادی کردوە .

● پەروەردەو خوێندن :

بایەختیکی فراوان بەم لایەنە دراوەو ساڵانی پێش شۆڕشی ١٧ - ٣٠ تەموزی مەزن ، ناوچەی کوردستان لەم ڕووەوە پشت گوێ خرابوو ، بەڵام لەسایەی شۆڕشداو دوای چەسپاندنی ئۆتۆنومی لەناوچەکەدا بایەختیکی بەر فراوان بەم لایەنە دراوە ، لەڕووی هەلمەتی نیشتمانی نەهێشتنی نەخوێندەواریەوە ، ناوچەکە چالاکیەکی دلسۆزانەی بەخۆیەوە دیوە بۆ ڕزگار کردنی ڕۆلەکانی گەلی کوردلە دەردی نەخوێندەواری .

بەم جۆرە ، کاروانی شۆڕش لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عیراق ، ڕۆژلەدوای ڕۆژ ، دەستکەوتەی مەزنی ئاوەدانیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری پێشکەش بەڕۆلەکانی گەلی کوردمان دەکا .

● سلاو لەسەرکردایەتی ئەو شۆڕشەی دەستکەوتەی مەزنی ئۆتۆنۆمی بۆ بەدی هینایین .

فەلەستین و شۆڕش .. لەکۆرێك دا

سەر لەبەیانی ڕۆژی٦ - ٢ - ١٩٨٠ یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر - کۆڕێکی فراوانی ئەدەبی بۆمامۆستای ئەدیب (محمود زامدار) سەبارەت بە پێوەندی مەسەلەی فەلەستین بەشیعری هاوچەرخ وبەرهەمی ئەدەبی کوردی یەوە دوای ئەوەی کاك جمال علی بەوتارێکی جوان کۆڕەکەی کردەوە ، مامۆستا زامدار بەپارچەشیعرێکی کۆرانی یە ناوداراکەی فەلەستین کە ژنەکۆرانیبێژی هونەرمەند (فەیروز) وتویەتی باسەکەی دەس پێکرد ، لەپاشا بەدرێژی لەخەباتی هاوکۆی نێوان هەردوگەلی دلسۆزی کوردوعەرەب دواو دەس نیشانی هەموو ئەو پێوەندی مەبدەئیو ڕۆحیانەشی کرد کە ئەم دووگەلەی بەیەکتر بەستوە .

هەروا مامۆستا زامدار هاتەسەر دەوری مێژووناسان لەم بوارەدا ، ئینجا باسی هەمو ئەو قوربانیانەی کە بەوپەڕی لەخۆبوردنو خۆشەویستیەوە ئەم دووگەلە لەسەرشانۆی نیشتمانا داویانە ، ئینجا هاتەسەر لابەنگیری شاعیرانی کورد دەربارەی مەسەلەی فەلەستینو .

ووتی : « گەلی ئێمەی کورد ، بەهەمو ژان وخەونیە باکەکانیەوە ، بەشداریەکی مەزنی لەمەسەلەی فەلەستینو خاکو شۆڕشەکەیدا کردوەو بەمەیش فەلەستینی خاکو شۆڕشو مرۆڤ شوێنێکی تایبەتی بۆخۆی لەنێو ئەدەبیاتو بەرهەمی فیکریو هونەری کوردیا گرتۆتەوە .. وانیە فەلەستین هەر لەنێو ئێمەی کوردو ئەدەبەکەمانا سرودێکی ناگرین بێت ، بەڵکو سرودێکی گەورەی هەمو جەنگاوەرانی دنیایشە ... »

هەروا مامۆستا زامدار ئەوەیشی ڕوونکردەوە : « کە مەسەلەی فەلەستین لەمەسەلەی سەرانسەری مرۆڤایەتی دابڕناکرێت ، هەربۆیەشە شاعیرو هونەرمەندو نوسەرانی نیمەیش باوەشیان بۆ ئەم مەسەلەیە وبۆ بەرهەمی ئەدەبی وفیکری ئەومەسەلەیە کردۆتەوەو کێبخانەی کوردیشیان پێ رازاندۆتەوە .. هەربۆیەشە زایۆنیزمو کۆنەپەرستی هەمو جۆرە هەوڵوئەرکێکیان کێشاوە بۆ کەمکردنی دەوری ئەو ئەدەبو ئەدەبی ئەو مەسەلەیە لەسەر چێژو خەونو بەرهەمی کوردی .. »

ئینجا دەیەها پارچەشیعری فەلەستینیو شاعیرانی کوردی خرێندەوەو ئەوەیشی تیا چەسپاند کە شاعیرو نوسەرانی کورد بەچ شێوەیەکی مرۆڤانەو شۆڕشگێرانە فەلەستینی

بروانە ل : ٧

ڕاپۆرت

چەند ڕۆژێکی گەورە کە ئەمینداریتی گشتی بەڕێوەبردنی کاروندیشتە جێ کردن لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دا جێ بە جێ دەکات

● ئەو پرۆژانەی کە ئەمینداریتی گشتی بەڕێوەبردنی کارو نیشتەجێ کردن لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دا جێ بە جێ دەکات لەچوارچێوەی بەرنامەی ڕەنێوهێنانی ئەمساڵدا جێبەجێیان دەکات ١٧ ملیۆنو ٣٢٨ هەزار دیناریان تێدەچێت .

ئەم بارە تەرخان کراوە بۆ پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی وا دابەش کراوە ، پارێزگای هەولێر ٦ ملیۆنو ٧٩٣ هەزار دینار ، پارێزگای سلێمانی ٥ ملیۆنو ٧٤٩ هەزار دینار ، پارێزگای دهۆك ٤ ملیۆنو ٥٨٧ هەزار دیناریان بەر کەوتووە .

پرۆژەکانی پارێزگای هەولێر ئەمانە دەگرێتەوە : دروست کردنی خانووبەرە بۆ بنکەکانی بەکێتی قوتابیانو یەکێتی نووسەرانی کوردو یەکێتی کۆمەڵە هەرەوەزی یەکانی جووتیارانو بنایەی پارێزگاکەو بنایەی دادگای سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتی کاروبارو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە . هەروەها نەخۆشخانەیەك کە سەد قەرەوێلەی تێدا بێت لە رانیەو یەکێکی دی لە قەلادزە کە پەنجا قەرەوێلەی تێدا بێتو ٣ مەلبەندی تەندروستیو مەلبەندێك بۆ تاهیلی خواردەمەنیو یەکێکی دیکەی کۆمەڵایەتیو دابانکەیەکو ٣٦ ئەپارتمانی بیشتەجێ کردن بۆ پزیشکەکانو بنایەیەك بۆ خانەی مامۆستایانی ئافرەتو باوو ئامۆژگایەکی ئیسلامیو دووبەشی ناوخۆیی و پێنج خانوو بۆ دادوەران .

● لە پارێزگای دهۆکیش ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە: دروست کردنی بنایەی بنکەکانی یەکێتی قوتابیانو نووسەرانی کوردو ئامۆژگایەکی ئیسلامیو دووبەشی ناوخۆیی و پێنج خانوو بۆ دادوەران .

● لە پارێزگای سلێمانیشدا ئەمانە دەگرێتەوە : دروست کردنی چوار بنکە بۆ یەکێتی قوتابیان لە لەلبەندی پارێزگاو قەزای رانیەو دەربەندیخانو هەلەبجەو بنکەی یەکێتی نووسەرانی کوردو ئافرەتانو کۆمەڵە هەرەوەزی یەکانی جووتیارانو بنایەی دادگای سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتی کاروبارو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە . هەروەها نەخۆشخانەیەك کە سەد قەرەوێلەی تێدا بێت لە رانیەو یەکێکی دی لە قەلادزە کە پەنجا قەرەوێلەی تێدا بێتو ٣ مەلبەندی تەندروستیو مەلبەندێك بۆ تاهیلی خواردەمەنیو یەکێکی دیکەی کۆمەڵایەتیو دابانکەیەکو ٣٦ ئەپارتمانی بیشتەجێ کردن بۆ پزیشکەکانو بنایەیەك بۆ خانەی مامۆستایانی ئافرەتو باوو ئامۆژگایەکی ئیسلامیو دووبەشی ناوخۆیی و پێنج خانوو بۆ دادوەران .

● پەرێز محمد محی الدین ئەمینداری گشتی بەڕێوەبردنی کارو نیشتەجێ کردن بە وەکالەت ڕوونی کردەوە کە نەخشەی ئەمساڵ لەهی پار جیاوازە لەوەی کە خۆی بەسنووری ئەو بارەیەوە نابەستێتەوە بەڕێژەی ئەو پرۆژانەوە کە بەڕێوەبەرێتیەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی جێبەجێیان دەکەن بەلام ئەوسا ڕێ بۆدانراوەکانی جێبەجێ کردنی نەخشەی پار پێویستی دەکرد هەر پرۆژەیەك بە بەڕێوەبەرێتیەکانی ئۆتۆنۆمی دەدران جێبەجێیان بکات دەبووا لە ٥٠٠ هەزار دینار زیاتری تێنەچێت بەلام هەندێك لەو پرۆژانەی لە چوارچێوەی نەخشەی ئێستادانو دراونەتە بەڕێوەبەرێتیەکانی ناوچەکە لە نێوان ٥٠٠ هەزارو ملیۆنو نیوێك دیناری تێدەچێت .

● ئەمەو ئەمەو دەستەلاتانەی نەخشەکە بە بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕابەڕاندنی بەخشیوە لە بارەی پرۆژەکانەوە کە لایەنێکی تەورەی بە ئەمینداراە گشتیەکان داوە ئەرکی جێبەجێ کردنی ئاسان کردوونو زۆربەی ئەو ئیجراتانە ڕۆتینیانە کەم کردوونەتەوەو لەم بوارەدا ماوەی جووڵانەوەیەکی فراوان تریان بە دام ودەزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەخشیوە .

Institut kurde de Paris

له بیرەوەری ١١٠ی ئاداردا

سەرکردە ورابەری کوردوعەرەب

● ئەم وڵاتەی بەتێکوشانی سەختو قوربانی ڕۆڵەکانی خاکی گوڵگون بوو بە خوێن، ئەم عیراقەی تا مافی تەواوی خۆی دەست نەکەوت دەستی لەو خوێنە هەڵنەگرت لە شۆڕشی ١٧-٣٠ تەموزی مەزنەوە کە حزبی سەرکردە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست بەرپای کرد، لەجێی ئەو قوربانیانە، کۆمەڵی بەختەوەر لەعیراقدا بنیات دەنرێ ...

● وولاتی نێوان دوو رووبار، رووبارەکان لە چیا سەرکەشەکانی کوردستانەوە دەکشین بەرەو نشێوی ناوەراستو خوارووی عیراق، لە ڕێژنەدا رووبارەکان گەورەدەبن، دەریایەک دروست دەکەن.

● لەم وولاتەی کۆمەڵی بوێی تیا بنیات دەنرێ، چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی لە ناوچەی کوردستاندا بۆ گەلی کورد، کۆڵەکەیەکی بەهێزی دروستکردنی ئەو کۆمەڵەیە ...

● (صدام حسین) ڕۆڵەی جەربەزەی گەلی عیراق سەرکردەو براو هاوڕێ، دروشمی ئەوەی هەڵگرت (باوەڕمان بە ئۆتۆنۆمی لەڤانین)، لەو ئۆتۆنۆمی وەك سەرکردەو براو هاوڕێ، خوی راستەوخۆ بەتەنگ قوڵکردنەوەی ئەم تاقی کردنەوە نموونەیەوە بوە، بە کوردستاندادەگەڕێ، ڕۆژی لە سلیمانیو ڕۆژیکی کە لە هەولێرو ئینجادهوك، لە گوندەکانو لە لوتکەی چیاکان، وەك لەهەموو شوێنێکی وڵاتدا، بەتەنگ هەموو وردو گەورەیەکی گەلەوە بووە، مەسەلەی بایەخدانی بەناوچەی کوردستانیش، بەگەلی کوردیش لەو گیانە باوەڕیو مرۆڤایەتیەوە بوە یەکیتی نیشتمانی عیراق بەرەوبتەوترو پتەوتر دەبا، چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی کوردستان بەرەو هەتاهەتایی برایەتی کوردو عەرەبدەبا.

● عیراقیەکان - کوردوعەرەب - بەرو پێشەوە دەڕۆنو ناگەڕێنەوە ..

● لەم کاروانەدا صدام حسین، سەرکردەو براو هاوڕێو رابەرە ..

● لەبیرەوەری رابوردنی پێنج ساڵ بەسەر چەسپاندنی ئۆتۆنۆمیدا، سلاو لە سەرکردەی بەوەفاو رابەر صدام حسین. لەیادی ئەورۆژانەی لەناو ڕۆڵەکانی گەلی کوردا دەگەڕاو لەورۆژەوە چۆتە دڵو گیانەوەو رابەری راستەقینەیە.





تێمە یەکگەلین وئەمیچ شتێك لێیكمان جیا ناكاتەوە





عیراقیەکان - کوردوعەرەب - بەرەو پێشەوە دەڕۆن و ناگەڕێنەوە

سلاو لە صدام حسین سەرکردە و براو هاوڕێ و رابەر

Institut Kurde de Paris

شانۆگەری گۆڤەری یەکەم هەنگاو

« بەهرە »

لیژنەی ڕۆشنبیریی یەکێتی نووسەرانی کورد ـ مەلبەندی گشتی ، لە وەرزی دووەمی ڕۆشنبیریی ئەمساڵیدا ، هەنگاوێکی دیاری‌نا ، لە نواندنی چالاکی ڕۆشنبیریدا ، ئەوەی هەنگاوەش ، دەرگا کردنەوەیە بۆ ئۆمەلێک لاوی خوێن گەرمی دانسۆز کە بەرهەمی هونەری خۆیان لەسەر شانۆ پێشکەشی بەخەلکی بکەن .

ئەم شانۆگەری‌یەی ڕۆژف حسن ، باس ، لە زۆران بازی دبوی ناوەوەی مرۆڤێکی ئەم سەردەمە دەکا، بێ گەرانەوە بۆ سەرنج دانەوەی دەقی نووسینەکەو تەنیا سەرنج دان لەوەی لەسەر شانۆ پێشکەش کرا ، مەسەلەی تێکچڕژاوی ناخی ئەم مرۆڤە ، هەر لەناوەوەی خۆیدا و لەگەل ڕوو بەڕوو بوونەوەی لە دەرەوەی خۆی دەیخاتە زۆران بازی‌یەکی سەیرو پڕ ئەشکەنجەوە ، لەناوەوە ، بۆ دەرەوەو بە پێچەوانەوە ، زۆران بازی‌یەکە ، دۆزینەوەو خۆ ساغ کردنەوەی مرۆڤەکە دەجێو لە دوایدا خۆ ساغ کردنەوەکە ، بە لای چەسپاندنو دیاری کردنی ڕێگاو هەڵوێستا دەشکێتەوە ، بێگومان ئەم ئەنجامە ـ لە ماوەی بەدوادا چوونی ڕووداوەکانی شانۆیەکەدا ـ کە ئەو دیوی ناوەوەی مرۆڤ دەگێڕیتەوە (مرۆڤەکە ـ حسن علی)و ناکۆکی‌یو زۆران بازی‌یەکانی ناوەوەی (لایەنی هاندانو راکێشانی بۆ زۆرانەکە ـ حمە علی)و لایەنی (سەلبی) لە ناخی مرۆڤەکەدا (مصطفی قەسیم)و تیشک بۆ هاندانی بەخۆدا چوونەوە (بەیمان علی) دەردەکەوێ کە لایەنی دەرەوەی چ پالەستۆیەك لەگەل ئەو ناکۆکیانەی ناوەوەی دەکا ، بەردە لە سەر ڕووی هەڵئەماڵێ ، تازیاتر بێتە سەر شانۆ ئەو کاتە نووسەر بووژاندنەوە ئەدات بە پێناسینی و گەورە ترین قوربانیش بۆ ئەم لەخۆ بایی بوونەی مامۆستا (لالۆ ڤانیا)یە وناونانی شانۆگەری‌یەکەش بەم ناوەوە ئەوە ڕوون دەکاتە وە کە نووسەرەکەی لایەنگیری مەسەلەی زۆر لێ کراوانە کە مەسەلەی بەفیڕۆچوونی ژیانی « ڤانیا » یە .

ڤانیا : سەرپەرشتی کردنی زەوی مامۆستای لە ئەستۆ گرتووەو هەموو تەمەنی تێدا بەفیڕۆ داوە پاش ٢٥ ساڵ ڤانیا بەرەو ئاستۆی ڕووداوی گەورەترین قەوماوی کوت‌و پڕی دەڕوات بۆ ئەوەی ئەو فێڵە گەورەی لەژیانی‌دا کراوە ڕوون بێتەوە . مامۆستا جگە لەقەوارەیەکی بۆشی هیچشتێکی وای بە بەرهەم نەهێناوە وئەنجامەکەشی هەر دەبێت بە بەرپاکردنی شۆڕش بەڤانیا بێتە کایەوە .. . شۆڕش دژی سێبریاکۆڤ ... شۆڕش بۆ ئەو خۆشەویستەی کە زۆر دەمێکە لەسینەی‌دا پەنگی خواردۆتەوە ... ئەم «هیلینا»ی خێزانی مامۆستای خۆش دەوێت (کە بدیعە دارتاش دەینوێنی) . . . ڤانیاو سۆنیای خوشکە زای بەدرێژایی تەمەنیان لەیەکتر دا کاردەکەن .

• خریا عبد الله •

لە بەرهەمەکانی نەنتوان چیخۆڤی نووسەری ڕووس کە عثمان چێواری هونەرمەند کردوویە بە کوردی‌و مامۆستای هونەرمەند ئەحمەد سالار دەری‌هێناوە ، لەم ڕۆژانەی دوایدا تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی لە هۆڵی سانەوی صلاح‌الدین شانۆگەری لالۆ لالۆ ڤانیای پێشکەش کرد . کە لەبارەی چیرۆکە شانویی‌یەکەوە مەکسیم کورگی وتویەتی « ئەم شانۆگەری‌یە وەك چەکوشێك وایە لەسێشکی لاوازەکان ئەدات . »

شابانی باسە ئەم هونەرمەندانە بەرامبەر بەو ناوانەی بەرامبەریان هاوبەشی شانۆگەریەکەیان کردوە :

١ ـ خوشکە بدیعة دارتاش: هێلینیا .
٢ ـ خوشکە پەخشان کریم : سۆنیا .
٣ ـ عثمان چێوار : ڤانیا.
٤ ـ مصطفی احمد : ئەسترۆف .
٥ ـ سمیعە احمد : ماریا .
٦ ـ سیروان جمال : تلیگن .
٧ ـ ئاشتی : مارینا .
٨ ـ عمر کریم آغا : سێربریاکۆف .
٩ ـ نجم‌الدین حمەسعید : بنرۆشکا .

ڤانیاو سێر بریاکۆف لە ماڵێکدان کە جێگەی تێروانینێکی خەستە .

مامۆستا « سێر بریا کۆف» ناوی بەوە دەر کردوە کە لەئیش کردنێکی بەردەوام دایە و لە سەعات دووی دەمەو بەیانی‌دا چایی بۆ ئامادە دەکرێت .. . ئەمەش نەکاتێکدایە کە هێشتا مامۆستا نەگەیشتۆتە سەرشانۆ . بەکەم دەرکەوتنیشی لەچەند چرکەیەك زیاتر ناخایەنێ چونکە ماوەی نی‌یەو بیستو پێنج ساڵە خەریکی نووسینە کەچی هێشتا بەهیچ ئەنجامێك نەگەیشتووە و جێگای کەسێکی داگیر کردووە کە ئەم ناتوانێ خزمەتی ڕۆلەکەی پێ‌بکات .

سێربریاکۆف ئەو پیاوە بێ‌بەشە لەهەموو بەهرەو داهێنانێك ژنێکی شۆخی هەیە وجێگەیەکی بەناوبانگی لەناو ڕۆشنبیراندا کردۆتەوە کەشایستەی ئەمانە نی‌یە .

چیخۆف وردە وردە ڕاستی ئەم مامۆستایە دەردەخاتو ئەوسا دەگاتە ئەنجامی خۆ ساغ کردنەوەکە .

بەکورتی ، لێکۆڵینەوە ، لەم هەنگاوەی ئەم دەستە لاوە خوێن گەرمە ، لێدوانی زۆری دەوێ کە هەڵی دەگرین بۆ دەر فەتێکی تر ، ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ بەکورتی دەستی بۆ ڕابکێشین :

دەرهێنان :

ـ بارزان عثمان

بەم کارە هونەری‌یەی دەری‌خست بەهرەیەکی داهێنەرانەی چالاکو لێهاتووانەی هەیەو نیشانەیەکی ڕوونك دەبێ لە پاشە ڕۆژی شانۆی کوردیدا .

ـ حسن علی :

هەر چەندە ، لە هەندێ هەڵویستی دەورەکەیدا زیاد لە پێویست هەڵدە چوو ، تا ڕادەی ـ خۆ هیلاك کردنی نا پێویست ـ بەڵام ،تێکڕا ، بە دڵسۆزی هونەرمەندێکی کەسیەتی دەورەکەی دەنواند.

ـ حمە علی حسن

کەسی ناوەوە (٢) هەروەك حسن دڵسۆز بوو لە نواندنو هەوڵدان بۆ دەربڕینی ڕاستی ئەو کەسەی دەورەکەی دەبینی ، لەگەل ئیشارەتدان بەوەی ئەمیش لە هەندێ جووڵانەوەی سەر شانۆکەدا هەڵچوونی پێوە دیار بوو ، لەگەل تۆمارکردنی ڕێز بۆ ئەو دیمەنە کۆمیدیەی لەکۆتایی شانۆگەریەدا لەسەر کورسی‌یەکە بینی .

● مصطفی قەسیم :

وەك تەماشاکەرێکی شانۆیەکە وام بینی ئەکەریکی بەتوانایەو کەمتر نزیك هەڵچوونی نا پێویست دەکەوتەوە ، زیاتر سیمای ئاسایی نواندنی ئەو شەخسیەتەی پێوە دیار بوو کە پێی سپێردرا بوو.

ـ پەیمان علی محمد :

بەپێی ئەو بارە کۆمەڵایەتیەی هێشتا هەندێ ژەنگی ڕابوردووی پێوە دیارە ، کچێکی وەك پەیمان ـ وە بۆ هاندانو سرینەوەی ئەو ژەنگە ـ ئەڵێم کچێکی وەك (پەیمان) کە لەسەر شانۆ دەبینرێو بە ئازایەتی‌و بەردە لە سەر ڕووی هەڵئەماڵێ ، تازیاتر بێتە سەر شانۆ ئەو کاتە نووسەر بووژاندنەوە ئەدات بە پێناسینی و گەورە ترین قوربانیش بۆ ئەم لەخۆ بایی بوونەی مامۆستا (لالۆ ڤانیا)یە وناونانی شانۆگەری‌یەکەش بەم ناوەوە ئەوە ڕوون دەکاتە وە کە نووسەرەکەی لایەنگیری مەسەلەی زۆر لێ کراوانە کە مەسەلەی بەفیڕۆچوونی ژیانی « ڤانیا » یە .

ڤانیا : سەرپەرشتی کردنی زەوی مامۆستای لە ئەستۆ گرتووەو هەموو تەمەنی تێدا بەفیڕۆ داوە پاش ٢٥ ساڵ ڤانیا بەرەو ئاستۆی ڕووداوی گەورەترین قەوماوی کوت‌و پڕی دەڕوات بۆ ئەوەی ئەو فێڵە گەورەی لەژیانی‌دا کراوە ڕوون بێتەوە . مامۆستا جگە لەقەوارەیەکی بۆشی هیچشتێکی وای بە بەرهەم نەهێناوە وئەنجامەکەشی هەر دەبێت بە بەرپاکردنی شۆڕش بەڤانیا بێتە کایەوە .. . شۆڕش دژی سێبریاکۆڤ ... شۆڕش بۆ ئەو خۆشەویستەی کە زۆر دەمێکە لەسینەی‌دا پەنگی خواردۆتەوە ... ئەم «هیلینا»ی خێزانی مامۆستای خۆش دەوێت (کە بدیعە دارتاش دەینوێنی) . . . ڤانیاو سۆنیای خوشکە زای بەدرێژایی تەمەنیان لەیەکتر دا کاردەکەن .

بڕوانە ل : ٧

تیپی القناص

سینەما

لەهەنگاوێك لە سینمای عێراقی دا

نواندنی :
ڕۆژێ عساف ، ئامال‌عفیش ، سامی قفطان ، غزوە الخالدی .
وینەگرتنی : شکیب رشید .
سیناریوو دەرهێنانی : فیصل‌الیاسری .
بەرهەمی : دامەزراوی گشتی‌سینەماو شانۆ .

ـــ احمد علی ـــ

ئامادەی کردووە

(لە وانەیە ئەوەی کە فیلمی نیچیرەوان (القناص) لە فیلمە عەرەبی‌و عێراقی‌یەکانی دی جیابکاتەوە ئەوە بێ کە بە چاوی هونەرو و بیرەوە دەڕوانێتە مەسەلەیەك کە هێشتا گەرمەو خەڵکی لە نێوان دەنگو باسی ڕادیۆو ڕۆژنامەکاندا تێیدا دەژین ، ئەویش مەسەلەی شەڕەکەی لوبنانە)(١)

لەم چەندانەدا سینەماکانی بەغداو بەسرەو موسل فیلمێکی عێراقی‌یان پیشان دا کە زۆربەی زۆری چاپەمەنی‌یەکانی ناوخۆ دەربارەیان نووسیو زۆری لە سەر ڕۆکرایەوە .

سینەماش کە ئەورۆکە بووەتە دیمەنێکی ژیانی زۆربەی خەڵك‌و لە وە دەرچووە کە هۆیەکی کات بردنەسەر بێت ، دەبینین ڕۆژ بە ڕۆژ گرنگی‌و کاریگەرێتی پتر دەبێ ، چونکە ڕاستەوخۆ لە گەل خەڵکەکەدا دەدوێ‌و ئاراستەیان دەکات ... جا کەواتە گرنگی فیلمی چاك‌و خاوێن ، ڕێشان‌دەرو لایەنگر لێرەدا دەردەکەوێ .

عێراقیش لەم ساڵانەی دوایی‌دا جووڵانەوەیەکی سینەمایی بە خۆیەوە بینیوەو چەند فیلمێکی تا ڕادەیەك سەرکەوتوی پێشکەشی بەخەڵکی کردووە ، وەك سەر (الراس) و ڕووبار (النهر) ... وهی‌تر .

باس کردنی فیلمی عێراقی دەمانکێشێتەوە بۆ باسێکی دورو درێژ ، کەمەش لێرەدا ماوەی نی‌یەو بە هیوای دەرفەتێکی دی کە بە درێژی باسی لێوە بکەین . نێچیرەوان یان (ڕۆژێك لە بەیروت) فلیمێکە لێرەوە دەست پێ‌دەکات : (بەیروت ١٨ـ٦ـ٩٧٧ .... بارێ ئاسایشی ئەمڕۆی بەیروت لە جاو خۆیدا هێمنە ، ئەمڕۆ بەکتك نەبێ کەسی تر بە گوللەی نێچیرەوانان نەکوژراوە !! لە بارێ سیاسیشەوە هاموشۆیەکی فراوان کراوەو پاش کەمێك بەدوورو درێژ باسی دەکەین ئیتر (نیزار قەبانی) شاعیر لە کۆرێکی شیعر خوێندنەوەدا وەدەردەکەوێ‌و دەست دەکاتە خوێندنەوەی (ما زلت احبك یا بیروت) هێشتا بەیروت تۆم خۆش دەوێ ! ! و دوایی کامێرە دەچێتە ماڵێکی بەیروت کە کابرایەکی پیاوکوژ لە گەل خوشکەکەیدا تێدادەژی‌و یاری بە چەند پارچە چەکێکی جۆراو جۆر دەکات‌و هەر لە ڕێڕەوی فیلمەکەدا دەردەکەوێ کە ئەم کابرایە سەر بە بەرەی ڕاست‌ڕەوەکانی لوبنانەو هاموشۆی ئۆردوگاکانیان دەکاو سەر لە هاوڕێ‌یەکی دەدات کە کچێکی جوانی هونەرمەندەو بە تەنیا لە خانوویەکدا دەژی ، هەر لە سەربانی خانووەکەیەوە کابرا بەکەم نێچیرێ دەپێکێ‌و لە خوێندا دەیکەوزێنێ .

ئەم فلیمە دەبەوێ یەکێ لە دیاردەکانی هەراو شەڕی ناوخۆیی لوبنانمان بۆ دەرخات کە تا چ ڕادەیەك مێشکی هەندێکی سر کردووەو بە هەموو ئەقلیانەوە بوونەتە ئەلقە لە گوێی کۆنەپەرستان‌و زایۆنیزم .

چۆن یەکێك سەر بەو بەرە بەکرێگیراوانە ئیش‌و کاری هاتۆتە سەر پیاو کوشتن‌و ڕاوکردنی خەڵکی‌و چێژ وەرگرتن لە کوشتنیان .

ڕۆژنامەی (الثورە) دەربارەی ئەم لایەنەیان وا دەڵێ : (کوشتن‌و چێژ وەرگرتن لە کوشتن نەخۆشی‌یەکە پێی دەوترێ سادی‌یەت (نێچیرەوانیش) نمونەی ئەم حالەتەیە بێ ئەوەی بیان ناسێت دەیانکوژێ‌و حەز بە گەوزاندنیان دەکات)(٢)

جا لێرەدا مەسەلەکە نەخۆشی‌یەکی دەروونی‌یەو بارو زروفی ناقۆلاو پشێویی ئەو وڵاتە لە دەروونی ئەو کابرایەو دەیانی وادا هانیویەتە دی (بە پێی ئەمە ئایا دەکرێ ئەمە بکەینە نموونەیەکی گشتی بۆ ئەوەی بە تەواوی و ڕاستی لە شەڕی لوبنان تێ‌بەگین ؟... ئەم حالەتە نەخۆشی‌یە ناکرێ بە سەر هەموو بەرە ڕاست‌ڕەوە بەکرێگیراوەکاندا بسەپێنین ، چونکە ئەمە نەخۆشی‌یەکەو لە وانەیە نەمێنێ)(٣)

بڕوانە ل : ٧

ژیان وریالیزم وخەیاڵ لە تابلۆکانی « دلفین » دا

دکتور نافیع ئاکرەی‌ی

مرۆڤ هەر چەند خوی لە ڕاقع‌دوورکاتەوە و بچێ لە بیرەکدا بژی و بە هەموو هۆیەك خۆی لە واقع بشارێتەوە چار جار ژی بە بێ ئەوەی خۆی لە خۆی بکا دەگەڕێتەوە ناوەڕاستی واقع ، زۆر جار واقع تاڵە و خۆ لێ دوورکردنەوە جۆرە شیرینی‌یەك بۆ مرۆڤ دێنێ بەڵام ئەوە نائینێ کە دروبارە تاڵی واقیع دەگەڕێتەوە بۆیە دەبێ مرۆڤ خۆی لە واقیعی خۆی دوورنەئێختیتەوە تا تاڵیەکەی تاڵتر نەبێ بە تابەتی لە هونەردا و لە هونەری نەخش و کێشانی تابلۆدا ... هەر چەندە ئەگەر خەیاڵ لەم هونەرەدا بە واقع موتوربە بکرێت ... ئەو واقعە کاراتر و ڕازاوتر دێتە بەر چاو ..

دلفین لەو پیشانگاهە سەرەتایەی کە لە هۆڵی ئەیوبیەودا بە یارمەتی کومەڵێ هونەر و وێژی کوردی لقی هەولیر پێشکەشی جەماوەری کرد شتێکی گرنگی دایە دەست ئەو ژی ئەو واقعە ریالیزمەی تێیدا ژیاوە ... « دەستار ، ژەنگار ، پیرەژنی تەشی ڕێس و چەند تابلۆی ژن و پیاوی یەزیدی بە جل و بەرگی مبللی‌یەوە ... »

دلفین لەو تابلۆانەدا ریالستێکی چاکە ، واقعی بە توانایەکی ڕازاو تەقل کردۆتە سەر تابلۆوەکانی چونکە وابزانم خۆی زۆری ئەو شتانەی دبوەوله گەلیان ژیاوە ، دیسان کە یەکەك لە واقیعمان هەر چەندە مەناخی بەفراوی‌و چیاو جێگای بەفر خشین‌مان هەیە لە کوردستان‌دا بەڵام ئەم وەرزەشمان نیەو تەمان‌دیوە ... دلفین لەو تابلۆیاتەدا بە زیرەکانە بۆتە ئایینده‌بینێکی چاك‌و لە سەر تابلۆ نەقشی‌کردوە . . دیسان لە تابلۆی منالانی کورد ئەو دیدە پاشە ڕۆژەی تیا دیارە و لە ئایینده‌بینی‌دا چاوەڕوانی پاشەڕۆژێکی چاك لە دلفین دەکرێ ، هەر چەندە ئەوە بەکەم هەنگاوی دلفینەو سەرەتای ژیانی هونەریەتی بەڵام نابێ لە یاد بکرێ باوکی دلفین کە مامۆستای خۆی‌و زۆر کەس دی بوە بۆ پێشکەوتنی ئەدەب و هونەری کوردی و ئەبێ ڕێزەکی تایبەتی بۆی هەبێ لە بەر ئەو یارمەتیەی بۆ کچەکەی کردوەو بە بڕوای ڕەوشەنبیرانە جولایتەوەو هانی‌داوە بۆ ئەوەی ببێ بە یەکەم ئافرەتی هونەرمەند لەو هەرێمەی لە کاتی مەندالیەتی تیا ژیاوە.

ئەوەی شایانی باسە کە تەماشای تابلۆکانی پیشانگای دلفینم دەکرد یەکەن لە برادەران لێ‌پرسیم‌و وتی : چی تابلۆیەك لە هەمویان زیاتر جوانترو بە هێزترو یە دانەبوو .. ؟

بە بێ ڕاوەستانی گوتم : تابلۆی لە هەمویان جوانترو پر هێزتر دلفین خۆی بوو کە بە جلی کوردی یەوە وەك پەیکەرێکی جوان لە ناوەندی هۆی پێشانگاکەدا ڕاوەستابوو ..

بەماشای ئەو تابلۆیانە دەتا دەبینێ ژیان‌و ڕوحیان تێدایە بێ‌دەنگ و جامدنین ، زیرەکانە ڕەنگەکانی بەکارهێناون . .. ئەوە ژی هێزەکی داوە بە هونەری ریالیزمی (دلفین) .

لە تابلۆی داربردا واقیع‌و خەیاڵ تێکەڵاوکردووە چونکە وابزانم دلفین جەنگەل و داربڕین و ماندوبونی کرێکاری ئەدیوە بەڵام بەو هەستەی هەیەتی لە سروشتی نیشتیمانەکەی تێ‌گەیوەو ڕومۆزی چاکی لە چەند تابلویەکی خەیاڵ تێدا بەکارهێناوە .. هەر چەندە ئەی توانیوە بەو خەیاڵە ساوایەی خۆی واقعی داربڕ بێنێتە بەر چاو بەڵام هەر وەك گوتم بە خەیاڵی ساوای خۆی تا ڕادەیەك سەرکەوتووبوە .

دلفین لە تانیدەبینی خودا زۆر بە چالاکی توانیویەتی بێتە مەیدان . .. « تابلۆی خشین لە سەر بەفر ... یاری منال بە جلی کوردی ...تەماشاکردنی دوو منال بۆ دوور ...» لەو تابلۆیانەدا جووڵانەوەو ژیان و خەیاڵێکی چاکی تێدایەو دلفین ئایینده‌بینێکی چاکە... ئەوەی ڕاستی بێ وەرزەشی « خشین لە سەر بەفر » دورە

بڕوانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

کاروانی بەرەوپێش چوونی گەلەکەمان لە ١١ی ئادارەوە

ئەوئاسۆ فراوانانەی لە بەردەم کاروانی رۆشنبیری کوردیدا کرانەوە

عبدالغفار صایغ
ئەمینداری گشتی بەڕیوەبردنی رۆشنبیریو لاوان

لە رۆژی راگەیاندنی ئۆتۆنۆمیەوە تا وەکو ئەمڕۆ چەند ئاسۆیەکی فراوان لەبەردەم رۆشنبیری کوردیدا کراوەتەوە .

پێش شۆرشی حەفدەی تەمووز رۆشنبیری لەعیراقدا لەچەند چوارچێوەیەکی تەنگەبەرو تۆقاندندا بەند کرابوو .. بەلام لە بەردەم وشەی شەریفو هەڵبەستی گەرم‌و گوڕی زیندووڕای دروستدا دەرگای سەربەستی کرایەوەو کەوتنە گەشەکردن بەم‌جۆرە دەرگا لەبەردەم ئەو رۆشنبیرانەدا کرایەوە کە کە بڕوایان بەوشە هەیەو بۆ سودو قازانجی جەماوەر دەنووسن .

لە بارەی رۆشنبیری کوردی شان بەشانی بزوتنەوەی رۆشنبیری سەرتاپای قوتری عیراق کەوتنە هەنگاو هاویشتن لەپێناوی ژیانی نوێو نواندنی داخوازیو ئاواتەکانی جەماوەرو دوورکەوتنەوە لە گیرخواردن لە چوارچێوەی خۆیەکیدا .

ئەمینداریتی بەڕێوەبردنی رۆشنبیریو لاوان دامەزراوێکە لەدامەزراوە دیارو بەرچاوەکانی رۆشنبیری کوردی کە ئەرکی بەپێزکردنی رۆشنبیری پێسپێردراوە بەرەو باشتر ..

لەسەر ئەم ڕێگایە ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیریو لاوان دەستی کرد بە یارمەتیدانی نووسەرو شاعیرو ئەدیبە کوردەکان ، جا بەپارە بوویێ یاخود بە چاپکردنو بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان ئەمەش یەکەم جارە کە لە کوردستانی خۆشەویستماندا رووەدەات بێ‌گومان ئەمەش لەسایەی یارمەتی وپشتگیری سەرکردایەتی حزبو شۆرشەوەیە ، هەروەها ئەو پارەیەی بۆ ئەم لایەنە تەرخان کراوە پێنج ئەوەندی سێ سال لە مەوبەرە ، بۆیە ئەڵێم : ئەو کتێبانەی بەپارەی ئێمە چاپکراون گەیشتونەتە دوانزە کتێب و ئەو کتێبانەش کە یارمەتی چاپکردنیانمان دادن گەیشتونەتە پەنجا کتێب .. هەروەها ئەمینداریتی‌یە گشتی‌کەمان بۆ یەکەم جار لە مێژووی کتێبخانەی منداڵی کورد کۆمەڵە چیرۆکێکی منداڵانی چاپکرد کە ئەمانە دوو کتێبانن : (کۆگرەی منداڵان) کە مامۆستا شاکر فتاح نووسیویەتی لەگەڵ (تیتلەو بیبلە) کە مامۆستا عمر ابراهیم عزیز نووسیویەتی .

لەسەیدانی هونەردا ، دامەزراوەکەمان دەستی‌کرد بەدامەزراندنی چەند تیپێکی هونەری سەمای گەلەی‌و نواندنو .. ئەمینداریتی یەکەمان یارمەتی گشت تیپەهونەری‌یەکان دەدات لە سەرانسەری ناوچەی کوردستانو لەسایەی شۆرشەوە یەکەم ڕێکخراوی هونەرمەندان لە ناوچەکەداو دامەزراوە . . شۆرش بە شێوەیەکی تایبەتی جاودێری هونەرمەندان ئەکات .

رۆژی نوێ مانگی کانونی یەکەمی هەموو ساڵێك بوود بە جەژنی ڕێزلێنانی هونەرمەندە کوردەکانو ئەمینداریتی‌یە کەمان ڕێزی لە دوو دەستە ناو خەڵاتی‌کردن کە یەکەمیان لە دە هونەرمەندی زابەر پیکهاتبون ئەویش لە ساڵی ١٩٧٨و ساڵی ١٩٧٩ ڕێزمان لەپانزە هونەرمەندی‌تر ناو ئێستاکە خەریکی خۆئامادە کردنی بۆ ڕێزلێنانو خەڵات‌کردنی دەستەی سێیەمین .

ئێمە کاتێك باسی کۆشش‌و تەقەللای ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیریو لاوانی ناوچەکە ئەکەین .. پێویستە ئەو کەرەت‌و بەشانەی ترمان لەبیر نەچێ کە ئێمڕۆ بۆ چوستو چالاك‌کردنی بزوتنەوەی رۆشنبیری کاردەکەن ، یەکێتی نووسەرانی کوردو لقەکانی لە ناوچەکەو یارمەتی‌دان‌و پشتگیری‌کردنی مانای لەدایك بوونی یەکەم ڕێکخراوی جەماوەریی ئەدیبە کوردەکان دەگەیەنێ و ئەم یەکێتی‌یە لەو دۆخە دیموکراتی‌یەدا کە بۆی ڕەخسێنراوەو لەو یارمەتیەوە کە بێ‌پسانەوە ئەیدرێتی توانیویەتی کۆڕو دیداری سود بەخش ساز بکات . هەروەها ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی لە مشت‌ومال کردنو بەرچاوخستنی توانا و لێهاتویی رۆشنبیرانی کورددا دەوری خۆیان دەگێڕن .

ئەو بزوتنەوە بەگوڕو پڕ تەوژمەی رۆشنبیری‌کە لە سایەی شۆرشی ١٧ی تەمووزەوە دەستی پێ‌کردوە بزوتنەوەیەکی هەمیشەیی‌و ئەپساوەیەو بەخشنەکانی کۆتاییان نایەت‌و لەبن نایەن.. **ئێمە ئێستاکە لە قۆناخی دامەزراندنی چاپخانەی رۆشنبیریداین لەهەوڵێرو ئەمەش چاپخانەیەکی نوێ دەبێ‌و پارەیەکی باشی بۆ دانراوەو دەزگای ((دار الحریه)) خەریکی مۆرکردنی عەقدە بۆ هێنانی مەکینەی نوێی چاپی**

بڕوانە ل : ٧

کاروانی بەرەوپێش چوونی گەلەکەمان لە ١١ی ئادارەوە

محمد امین محمد احمد
ئەمینداری گشتی بەڕیوەبردنی کاروباری ناوخۆی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

ئەمسال لە یادی ١١ی‌ئادارداپێ‌دەنێینە ساڵی شەشەمی دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمی .. شەش ساڵ لەمەوبەر یاسای هەردوو ئەنجومەنەکە بڵاو کرایەوەو بۆ دامەزراندنی دەزگاو دایەرەکانیان هەنگاو هاویژرا تاوەکو هەموو پێداویستی‌یەکانیان جێ‌بەجێ کرا .. جا بەم بۆنەیەوە لە سەر ئاستی‌ناوچەکەمان بە هەر سێ پارێزگاکەوە کاروباری‌پێویست دابین کراوە بۆ ئاهەنگ گێڕان‌و پێشوازی‌کردنی ئەم یادە .

ئێمە لەم بارەیەوە زۆر سوپاسی سەرکردایەتی حزب‌و شۆرش ئەکەین بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ صدام حسین بەرامبەر بەو یارمەتی‌و پشتگیری‌یەی لە دەزگاو دامەزراوەکانی ئۆتۆنۆمی ئەیکات‌و بەرامبەر بە زیاد کردنی دەسەڵاتی کاربەدەستان‌و پتر کردنی ئەو پارەیەی لە بودجەدا بۆ پرۆژە هەمە چەشنەکانی ناوچەکە تەرخان کراوە لە مەیدانی ناوەدان کردنەوەو دروست کردنی خانو بۆ خەڵکی‌و فراوان کردنی چالاکی رۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی دەزگاکان لە هەموو بوارێك‌دا لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی .

شتێکی روون‌و ئاشکرایە کە ئۆتۆنۆمی لە کاروانی ئەم شەش ساڵەیدا پەرەی‌سەندوەو گۆڕانی بەسەردا هاتووەو لە هەموو بوارێك‌دا بەرەوپێش چووە.. دوا سەردانی سەرۆکی فەرمانده صدام حسین لە ناوچەی کوردستان یارمەتی دانێکی بەنرخ‌و پشتگرتنی ئەوبەڕی تەواوەتی دام‌ودەزگاکانی ئۆتۆنۆمی بوو.

ئەمسال ئێمە لەم مانگەدا کە یادی سەرکرتن لە میللی کردنی نەوت‌و ئادارو جەژنی نەوروز ئەکەینەوەو یادی شەشەمی دەرچونی یاسایەکەیەو پاشی دەورەی دووەمی ئەنجومەنی یاسا دانانە ئێمەو گەلەکەمان لە ناوچەکەدا پێمان ناوەتە قۆناخێکی ترەوە ، قۆناخێکی نوێی ڕیالی دیموکراتی‌یانە کە بریتی‌یە لە هەڵبژاردنی گشتی هەردوو ئەنجومەنی نیشتیمانی‌و یاسا دانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی .

بۆ یەکەم جار هاوولاتی‌یان دەرفەتیان درایە کە بە سەربەستی‌و ئازادی بیروڕای خۆیان دەربڕن‌و نوێنەری خۆیان بۆ ئەم دوو ئەنجومەنە هەڵبژێرن کە ئەمەش لە ڕۆژی هەفدەی تەمووزی ساڵی (١٩٦٨)ەوە تا ئێستا ڕوداوێکی گەورەیە کە لە ژیانی گەلەکەماندا ڕور نەدات .

ئێمە لەلای خۆمانەوە پێداویستی‌یەکانی ڕابەڕاندنی کاروباری هەڵبژاردنەکانمان دابین‌و ئامادە کردوە بەتایبەتی کە دایەرەی ئەحوالی مەدەنی کە سەر بە ئەمینداری ئێمەیەو بیتاقەو لیستەی ناوی هاوولاتی‌یان بۆ هەڵبژاردن ئامادە ئەکات .. جەماوەری گەلەکەمان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا بەوبەڕی کەیف خۆشی‌و شادمانی‌یەوە پێشوازی ئەم یادە پیرۆزە ، یادی ئادار دەکاتەوەو ئەمەش بە دەستکەوتێکی گەورە دەزانی کە سەرکردایەتی حزب‌و شۆرش بۆی وەدی هێناون‌و هەمیشە بڕیاری گرنگ بۆ چاکەی ئەوان دەر دەکات .

بێ‌گومان ، پەرەسەندن‌و گۆڕانی گەورە ناوچەکەمانی گرتۆتەوەو ئەوەندەی پەیوەندی بە دەزگاکانی ئێمەوە هەیە ئەم لیستەیەی خوارەوە ئەو گۆڕان‌و بەرەوپێش چوونە ساخ دەکاتەوە :ـ

ئەو پرۆژانەی کە لە ساڵی ١٩٧٩ تاوەکو کۆتایی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٠ تەواو بوون :

پرۆژەکان	ژمارە
قوتابخانەی سەرەتایی	٢٩٥
قوتابخانەی ناوەندی	٢١
قوتابخانەی ئامادەیی	٥
باخچەی منداڵان	٥

ئەو پارەیەی تێیان‌چووە بە دینار

٤٫٥٢٩٫٣٨٢
٩٠٦٫٥٨٧
٢٣٧٫٠٠٠
١٠٠٫٠٠٠

هەروەها ئەم پرۆژانەی خوارەوە بەدەستەوەن کە تەواو بین‌و هەندێکیشیان بەفونەرات دراون .

پرۆژەکان	ژمارە
قوتابخانەی ئامادەیی	٣
قوتابخانەی ناوەندی	١٣
قوتابخانەی سەرەتایی	٤٠
باخچەی منداڵان	١١
فەرشی دەست کرد	٥
مەڵبەندی پۆلیس	٣
مەڵبەندی لاوان	١

ئەوپارەیەی تێیان دەچی بە دینار

٨٥٥٫١٨١
٥٤٨٫٦٠٤
٤٥٣٫٦٢٥
٨٦٢٫٤٧٨
٢٢٣٫٢١٧
٠١٠٫٦١٧
١٤٥٫٦٩٨

بەرەوپێش چوونی ژیانی گەلەکەمان لە ١١ی ئادارەوە

موسی عبدالصمد سعدالله
ئەمینداری گشتی پەروەردەو خوێندنی بەرز

ئەو گۆڕانە شۆرشگێڕانەی‌لە وڵاتە خەباتگێڕو تێکۆشەرەکەماندا لە هەموو مەیدان‌و بوارێکدا ڕوو دەدەن بەو مەبەستەیە کە هاووڵاتی‌عیراقی لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیدا بەرەوپێش بچێ‌ بەرەبستێنێ ..

بێ‌گومان ئەم گۆڕان‌و بەرەسەندنانەش ناوچەی ئۆتۆنۆمی گرتۆتەوە- بەهۆی‌ئەو بایەخەی سەرکردایەتی حزب‌و شۆرش بە ناوچەکەی‌ئەدەن بەتایبەتی دوای دامەزران‌و تەواوبوونی‌دەزگاکانی یاسادانان‌و ڕابەڕاندن لە ناوچەکەدا .

لەم ئاستەوە ئەمینداریتی گشتی پەروەردەو خوێندنی بەرز بەردەوام هەوڵ دەداو کۆشش دەکات بۆ پەرەپێدان‌و دامەزراندن‌و گەشەکردنی کاروانی پەروەردەو خوێندن لە ناوچەکەداو دەتوانم بڵێم ئەو کۆششەی لەم بوارەدا کردوومانە بۆتە مایەی ئەوەی‌کە ژیان‌و دەزگاو دامەزراوەکانی پەروەردەلە ناوچەکەدا بگەنە ئەو ئاستەی کە ئێمە ئاواتمانەو هەوڵی بۆ دەدەین ...

ئێمە بە بۆنەی یادی ١١ی‌ئادارەوە پڕ بەدڵ سوپاسی سەرکردایەتی حزب‌و شۆرش‌و سەرۆکی فەرمانده صدام حسین ئەکەین بەرامبەر بەو یارمەتی‌یەی کە پێشکەشی بە دام‌و دەزگاکانمان‌و ناوچەکەی ئەکەن‌و بەڵێنیان بۆ نوێ‌دەکەینەوە کە بەردەوام لە سایەی کاروانی بەرەوپێش -چووی شۆرشی ١٧ی تەمووزو حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستی لە تێکوشاندا بین‌و هەوڵ بدەین‌و کۆشش‌بکەین ..

هەر بەم بۆنەیەشەوە ئەمەوێ ئەم ڕاپۆرتەی خوارەوە بخەمە پێش‌چاو کەبە ئاشکرا ئەو گۆڕان‌و بەرەسەندن‌و بەرەوپێش چوونەساخ دەکاتەوە کە بەسەر دام‌و دەزگاکانی پەروەردەوخوێندنی ناوچەکەدا هاتووە بەتایبەتی لە نێوان ساڵی ١٩٧٥ - ١٩٨٠دا :ـ

ژمارە ئەم قوتابخانانە	ساڵی ١٩٧٤ - ١٩٧٥	ژمارە ساڵی ٧٩ - ١٩٨٠
باخچەی منداڵان	٦	٢٦
قوتابخانەی سەرەتایی	٥٣٣	٢٣٩٤
قوتابخانەی ناوەندی‌و ئامادەیی	١١٨	١٦٥
ئامادەیی پیشەسازی	٣	٥
ئامادەیی کشتوکاڵ	٣	٥
ئامادەیی بازرگانی	١	٣
خانەی مامۆستایانی سەرەتایی (کوڕو کچ)	٢	٦
ئامۆژگای ئیسلامی	٣	١٣

لە لایەکی ترەوە بەپێی ئەوبابەخەی کە بەناوچەکە دراوەو ئەو پێداویستی‌یانەی‌کە بۆی دابین کراوە ژمارەی قوتابی‌و خویندکاران لە چاو حاران زۆرتر بووە ، بەتایبەتی دوای دەرچوونی یاسای‌بەزۆر پێخوێندن‌و خوێندن بەخۆرایی لەسەر ئاستی قوتری عیراق‌و ئەم ڕاپۆرتەی خوارەوە ئەم‌راستی‌یە ساخ‌دەکاتەوە :

قوتابخانەکان ساڵی ١٩٧٤ - ١٩٧٥	ژمارەی قوتابیان ساڵی ١٩٧٩ - ١٩٨٠
باخچەی منداڵان	٩٠٧
قوتابخانە سەرەتاییەکان	٨٦٥٩٨
قوتابخانە ناوەندی‌و ئامادەییەکان	٢١٦٤٧
ئامادەیی پیشەسازی	٦٦٢
ئامادەیی کشتوکاڵ	٨٤٢
ئامادەیی بازرگانی	١٧٠
خانەی مامۆستایان	١٣٢٧
بە هەردوو بەشەوە ئامۆژگای ئیسلامی	١٢٢

ژمارەی قوتابیان ساڵی ١٩٧٤ - ١٩٧٥	ژمارەیان ساڵی ١٩٧٩ - ١٩٨٠
باخچەی منداڵان	٤٧١٠
قوتابخانە سەرەتاییەکان	٢٩٤٨١٩
قوتابخانە ناوەندی‌و ئامادەییەکان	٦٣٣٥٧
ئامادەیی پیشەسازی	٥٩٨١
ئامادەیی کشتوکاڵ	١٢٠٥
ئامادەیی بازرگانی	١٠٨٦
خانەی مامۆستایان	٢٧٤٣
بە هەردوو بەشەوە ئامۆژگای ئیسلامی	٢٨١٧

دەربارەی کادیرو ستافی پێ‌خوێندن‌و دەرس‌وتنەوە لە قوتابخانەکاندا ، بە شێوەیەکی‌ئاشکرا ژمارەیان پتر بووەو ئەمەش بە سایەی ئەوە کۆششەوە بووە کە بۆ پتر وەرگرتنی قوتابیان لە خانەی‌مامۆستایاندا دراوەو ئەدرێ‌و ئەمەش لیستەیەکە دەربارەی ئەم مەیدانە گرنگە کە ژمارەی مامۆستایانی قۆناخەکانی‌خوێندن نیشان ئەدات لەگەڵ بتربوونی ژمارەیان .

بڕوانە ل : ٧

ئافرەتانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی شیوازێکی نوێ بۆ فراوان کردنی ڕادەی خزمەتگوزاری جەماوەری ئافرەت

ذکریات‌محمد حسن

لەژێر دروشمی (پێ‌گەشتویی ئامانجەکانی‌یەکێتی‌و کار پی‌کردنیان مەرجی بنەڕەتی سەرکەوتنە)نۆبە گۆنگرەی ئافرەتانی عیراق‌دەبەسترێ ، هوی بنەڕەتی هەڵبژاردنی ئەم دروشمە ،بۆ پێ داگرتنە لەسەر فراوان‌کردنی چالاکی یەکێتی‌و بڕەودان بەدەوری ئافرەت‌وپتەو کردنی ڕێکخراوەکەیان .دیسان هەڵبژاردنی ئەم دروشمە ، لەبەر ڕووناکی‌تافی کردنەوەکانی قۆناغەکانی‌ڕابوردوی هەڵسوڕانی یەکێتی ئافرەتاندا بوومو لەقۆناغی داهاتودا زیاتر تەقەلای‌ئەوە دەدری کە شیوازێکی بۆ فراوان کردنی‌ڕادەی خزمەتگوزاری‌جەماوەری ئافرەت زامن بکرێ .

زیادلەسەش چەند هۆیەکی تربشی هەن بۆ دانانی ئەم دروشمە تازەیە لەمانە سنوور دانان بۆ ئامانجەکان وەك یەکەم قۆناغ لە قۆناغەکانی بەخشە دانان کە پێویستە کادیری لێ‌پرسراو رای‌بەرێتێ ، چونکە بەبێ ئامانج نەخشە دانانرێ‌و بەبێ نەخشە ناتوانرێ شێوازەکانی ئیشکردن دیاری بکرێ‌و بوونی نەخشەی سەرکەوتویش پاڵ پێوەنەرێتە بۆ زیادە بوونی بەرهەم هێنان ، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بە ئیلتزام‌و لێ‌پرسینەوە بکەن هەروەها هەست کردن بە سوودمەندی دەوری هەر ئەندامێك لە کاری بەکۆمەڵ کە یەکێتی جێ‌بەجێ دەکا بەم جۆرەو لە ژێر ئەم دروشمەو بە پێی ئەم ئامانجانە لە ١-١٠-٢-١٩٨٠ خۆ ئامادە کرا بۆ کۆنگرەی لقەکانی ناوچەی کوردستان هەروەها کۆنگرەکانی لقەکان لە ١٧-٢٠-٢-١٩٨٠ .

● **لەبارەی چالاکی‌یەکانی لقەکانی ناوچەی کوردستان خانوو (شەرمین جوودە الیعقوبی) جێگری سەرۆکی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق دەڵێ :**

ـ پێش ئەوەی کۆنگرەکە بەسترێ خۆ ئامادە کردنێکی چڕ کراوە هەروەها ئامادە کردنی ڕاپۆرتەکان‌و پیشاندانی نەخشەو چالاکی‌یەکان کە بەش‌و لقەکانی یەکێتی رایان پەڕاندوە ئەم ئامادە کردنە بووە هۆی ئەوەی ئەم کۆنگرانە بەپلەیەکی بەرزو هوشیارانە وتێ گەیشتنی بۆ کاری یەکێتی بی ، گفتوگۆکان بەگیانێکی دیموکراتیانە بوو ، و هەموو جەماوەری ئافرەتان کە لە کۆنگرەکەدا بەشداریان کرد بەم بۆنەیەوە بنکەی ڕێکخستنی نوسینگەی ناوچەی کوردستان بەشێوەیەکی دیارو ئاشکرا فراوان بووە ، لەساڵی ١٩٧٩ ژمارەی بەشەکانی لقی پارێزگای هەولێر گەیشتۆتە (١٣) بەشی یەکێتی‌و ، پارێزگای سلێمانی (٦) بەشی یەکێتی‌و پارێزگای دهۆك (٨) بەشی یەکێتی‌و لەوانەیە ئەم بنکەیە لە ساڵی ١٩٨٠ فراوانتر بێ ، لە راستیدا نوسینگە لەساڵی ١٩٧٦ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ پێك هێنراو لە کاری بەردەوامی دڵسوزانەی لە پێناوی‌سیاسەتانی پەیوەندی بنەو راست لەنێو یەکێتی‌و جەماوەری ئافرەتاندا لەناوچەکەدا . ئەوەستاوە ، جێ‌بەجێ کردنی نەخشەکان لەرووی جوگرافیاوە هەموو ناوچەکانی کوردستانی

بڕوانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

گفتوگۆیەکی رۆژنامەگەری لەگەڵ

دکتۆر د.ل. تسابۆلۆڤدا

د. برایمی عزیزی برایمی

باسکەرێکی زانستی‌یە لە نامۆژگای رۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیەی زانستی سۆڤیەتەوە لە مۆسکۆدا . ناوبراو پسپۆڕی لە سەر زمانی کوردی هەیەو لەو مەیدانەدا کار دەکات . من بە سەرپەرشتی ئەوەوە نامەی دوکتۆرای خۆم نووسیو ئەو ڕابەری زانیاریم بوو ، هەروەها لە هەمان کاتیشدا ڕابەری زانیاری کوردستان موکریانیش بوو .

دوکتۆری بەڕێز لە شاری ئۆروزۆنیکی دزێ ، کە بایتەختی کۆمارە ئەختەنومیەکەی ئەستینیە لە بەکێتی سۆڤیەتداو دەکەوێتە سەرووی ئەسینیا ، لە ساڵی ١٩٢٦ لە دایك بووە . هەر لە وێ قوتابخانەی سەرەتایی‌و ناوەندیی‌و ئامادەیی تەواو کردووە . پاش ئەوە چوتە شاری لینینگرادو لە وێ جوتە زانستگای لینینگراد وە لە کۆلێجی زمانە ڕۆژهەڵاتیەکانی خوێندووە ، لە ساڵی ١٩٥٢ کۆلێج تەواو ئەکات‌و دەچێتە مەیدانی کاری ئەکادیمی‌و لەو مەیدانەشەوە دەبێتە ئەسپرانت (خوێندکاری دوکتۆرا) ی ئامۆژگای زانستی زمانی سەر بە ئەکادیمیەی سۆڤیەتەوە وە نامەی دوکتۆرای خۆی لە بارەی مێژووی زمانی ئەستینینی بە ڕابەرێتی‌و سەرپەرشتی پرۆفیسۆر ڤ.س. ئەبایيف دەنووسێ‌و لە ساڵی ١٩٥٥ بڕوانامەی دوکتۆرا وەردەگرێت .

زمانی ئەستینینی ، یەکێکە لە زمانەکانی ئێرانی ، هەروا ئەم زمانە پتر لە هەموو زمانەکانی تری ئێرانی نوانیوویەتی خاسیەتی کۆنی ئێرانی زمانەوانی بپارێزێ . پاش ئەوەی ، کە بڕوانامەی دوکتۆرا وەردەگرێت لە مەیدانی زمانە ئێرانیەکان و زمانی ئەستینینی دەکەوێتە کار . لەو کاتەی ، کە خوێندکاری کۆلێجی زمانە ڕۆژهەڵاتیەکانی زانستگای لینینگراد بووە خۆی فێری زمانی کوردی کردووەو شارەزایی لە سەر بەیدا کردووە . ڕابەرو سەرپەرشتی ئەمەش ك.ك. کوردۆیێف (قەناتی‌کوردۆ) بووە هەروا دوکتۆر ڕۆدینکۆش دەرسی زمانی کوردی پێ‌گوتووە . لە هەمان کۆلێجدا مامۆستایانی مەزن وەکو: پرۆفیسۆر ا.ا. فریحان و پرۆفیسۆر م.ن . بەگالیۆبۆڤ دەرسیان پێ‌وتووە. پرۆفیسۆر ڤ . ی . ئەبایيڤ سەرپەرشتی نامەی دوکتۆرای کردووەو ڕابەری زانیاری بووە ، کە بەکێکە لە نێو هەموو ڕۆژهەڵاتناسەکانی سۆڤیەت پتر شارەزایی بە سەر زمانەکانی ئێرانی هەیە .

هەر لە ساڵی ١٩٦٠ەوە دوکتۆر تسابۆلۆڤ لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیەی زانستی سۆڤیەتەوە لە مۆسکۆدا بە باسکەری زانستی « باحث علمی » کار دەکات . هەر ئەم ساڵەشەوە دەستی کردووە بە کۆلینەوەو شت‌و کەرستە کۆکردنەوە لە سەر زمانی کوردی بۆ ئەوەی لێیان بکۆلێتەوەو مێژوویان بە ڕێگایەکی زانستی‌یانە باس بکات .

ئەمەو چەند پرسیارێکمان لە مامۆستای بەڕێز کرد سەبارەت بە زمانی کوردی‌و مێژووی ئەم زمانەو ڕێزمانی : دوکتۆر بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی بۆ کوردو زمانی کوردی‌و بە ئاواتەوە ، کە ئەم زمانە بە ئەواوی‌یەك دەگرێت‌و دەبێتە زمانی لێکۆلینەوەو باسی زانستی‌و ئەدەبی بەنرخ وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە :

پ : لە بەر ئەوەی ، کە باسکەرێکی زانستین‌و لەو نامۆژگایەدا کار دەکەن‌و بایەخ بە زمانی کوردی دەدەن‌و لی‌ی دەکۆلنەوە بێ‌گومان شتێك هەیە ، کە باڵێ پێوە نابن‌و هانی دابن ، کە لە سەر ئەم زمانە بدوێن.

و : بەڵێ باسی زمانی کوردیم کردووەو باسیشی دەکەم بە بەردەوامی لە ڕووی ڕێزمان‌و مێژوویەوە من دەزانم ، کە کوردەکان میللەتێکی گەورەن .. زمان‌و ئەدەبی کوردی کەم خزمەتکراوە هەروەها مێژووی گەلی کوردیش .. کۆلینەوە لە زمانی کوردی لە یەکیەتی سۆڤیەتدا تەئالیدێکی گەورەو کۆنە ... دوکتۆر قەناتی کردو کارێکی زۆری کردە سەرم ، بۆ ئەوەی ، کە زمانی کوردی بە ئێمە دەوت لە زانستگای لینینگراد .. ئەم هۆبانە بوون ، کە پاڵیان پێوە نام زمانی کوردی دراسەت بکەم. لێ بکۆلمەوە .. من دەزانم ، کە کوردەکان زۆر حەز لە زمان‌و ئەدەبی خۆیان دەکەن‌و خۆشیان دەوێت ... هەست دەکەم بە وەی ، کە ئەو لێکۆلینەوانەی من کردوومە لە زمانی کوردیدا کەڵك دەبەخشن . . لێکۆلینەوە لە زمانی کوردیدا زەحمەت‌و گرانە ئەمەشی لەعاستی خۆیدا هۆیەکە لەو هۆیانەی ، کە زمانی کوردی کەم خزمەتکراوە ، زەحمەتی کۆلینەوەشی لەزمانی کوردیدا دەگەڕێتەوە سەر ئەوە ، کە لەم زمانەدا دبالێکت زۆرن ، هەرچەندە جیاوازی کەمیشیان لەنێواندا هەیە ، لەبەر ئەوە بەرای ئێمە لێکۆلینەوە لەزمانی کوردی‌دا دەبێ بەلێکۆلینەوە لە دبالێکتەکانی کوردی بەگشتی دەست پێ بکرێت . ئەم لێکۆلینەوانەی ، کە تائێستا کراون کارێکی زۆریان کردۆتە سەر لێکۆلینەوە لەبارەی دبالێکتەکانی سەرو ناوەندی کوردستانی عیراق‌و لەئەل دبالێکتەکانی خواروی عیراق دا زۆرکەمە ... لێکۆلینەوە لە دبالێکتەکانی کوردی زۆر بەکەلکە نەك هەر تەنها بۆ ساغکردنی زمان‌و ڕێزمانی کوردی ، بەڵکو بۆ مێژەی زمانی ئەدەبی بەگرتووی کوردی..داهێنانی زمانی ئەدەبی یەگگرتووی کوردی هەر دەبێت ... بەتایبەتی بەوەی کە یەکێك لەدبالێکتەکان بکرێ بە بناغەو محوورو سوودیشی لەگشت دبالێکتەکانی تر وەربگیرێت ، چونکە ئەوانیشی ڕێگای ئەمە خۆش دەکەن . ئێستا ئەم ڕێگایە لەنێو زمانە ئەدەبی‌یەکانی هەندێ میللەتانی یەکێتی سوڤیەتدا پەبڕو دەکرێن ، کە ئەمانە لەپێشی ئوکتوبەردا نووسراون بەتایبەتی خۆیان نەبوون و ئەنجامێکی باشی وەدەستنا.

پ ـ لەو ماوەی ، کە لەزمانی کوردی دەکۆلنەوە ، ئایا بەرهەمێکتان هەیە ، کە پێشی‌کەشی بە میللەتی کوردی بکەن بۆ سوودو دەوڵەمەندی زمانی‌کوردی ؟

و : لەڕاستیدا هەر لەساڵی (١٩٦٠) ەوە دەستم داوەتە کۆکردنەوەی شت‌و کەرستە لەزمانی کوردیدا بۆ زانین‌و دیارخستنی مێژووی زمانی‌کوردی .. تائێستا کتێبێکم ناردووە بۆچاپ بەم زووانە تەواو دەبێت‌و لەچاپ دەدرێت‌و دەکەوێتە بازاڕەوە بەناوی «فەنەتیکی مێژوویی زمانی کوردی»(١) ئەم کتێبە مێژووی دەنگەکانی زمانی کوردی باسی دەکات . ... زانینی مێژوی فونەتیك دەنگەکانی زمانی کوردی‌و ڕوون کردنەوەیان بناغەیەکە بۆ ئەوەی مێژووی زمانی کوردی بناسرێ‌و بزانرێ ، چونکە گۆڕانی دەنگەکانی زمان دەبنە هۆی گۆڕانی فۆرمی ووشەو واتای گراماتیکی زمانیش .

ئەم کتێبە (١٠١) لاپەڕە دەبێت ... لەم ڕۆژانەشدا کتێبێکی تر تەواو دەکەم و بۆ

بروانە ل : ٧

چیرۆك

زەوی

شێرزاد حەسەن

... بەم سەر لە بەیانی‌یە زووەی هاوین .. بەبانی پڕ لە خەون‌و لەززەت‌و توانەوەی کورتی شەو .. لە ژێر لێفە تەنکەکەی هاتە دەرەوە .. لێفەیەکی ناوئاخن لۆکە کەم.. هەستایەوەو لچك‌و لێوی کراس‌و کەواکەی بەردایەوە.. دۆخینەکەی خزی بوو . . دەستی گەیاندێ‌و هەڵکێشایەوە .. لەشی ووشك‌و تێنووی بیابانێکە .. بە درێژایی بەنچا کەژی تێپەڕ .. تەنها یەك کەژ بارانی دیوە .. شەوو ڕۆژی ساڵانێکی زۆر دێن‌و دەڕۆن.. ئەو هەر بیابانیکی تێنووە . زۆریش لەبیابان بە فیزترە .. هیچ بیابانێکی گەورە تێنوویەتی خۆی ناشارێتەوە.. بیابان دەتەقێ .. دەقلیشێ .. ڕێبوارە ماندووەکان وون دەکاو دەیانکوژێ .. کە تووڕەش دەبێ .. ڕەشەبای شێتی ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاوا دەنێرێ .. گوندو شارو وولاتە دوورو نزیکەکان پڕ دەکا لە خۆڵ‌و تۆز .. بەڵام ئەم بێوە ژنە بیابانێکی ووشك‌و هێمنە .. سی کەژی پڕ باران تێپەڕیوە .. ئەو تێنوویی ـ تینوو بۆ بارانی هەزار زستان ـ شاردۆتەوە .. .. .. دەیشارێتەوە چونکە گوندو پیاوە ماقوولەکانی .. شەرم‌و ئابڕوو .. ئەو دەڵەمەیەی لە سکیا بوو .. مامەکانی دەڵەمە . . ژنانی مام .. خاڵوانی دەڵەمە ژنانی خاڵ .. خوشکانی خاڵ‌و مام .. خاڵۆزاو پورزاو ئامۆزا ..هەمووی کۆبوونەوەو نابێ شوو بکاتەوە .. شوورەیی‌یە .. خۆشی‌ویست .. شووی پێ‌کرد .. بەڵام بێوە ژنێکی تەنهاو بێچوویەك چی چاوەڕوانیان دەکا ..بەڵام ڕۆژگار دەڕواو ... ئەوەتا ئارەزێکی لای چەپی دایەوە.. سەبرێکی چیفەکەی کرد .. کێ باوەڕی دەکرد .. ئەم بێچووەی لە گوندو لە شار.. لە سەر سینگ‌و پشت بە خێوی کرد .. ئێستا یەکەم مانگی زاوایەتی بێ‌و .. ئافرەتێکی ڕوو سووری لە تەك خەوتبێ !

ڕووی ڕووەو ڕۆژهەڵات وەرگێڕا .. تەم‌و تاریکی شەو هێشتا گردو چیا دوورەکانی داپۆشیبوو . . شەفەقێکی زۆر زووە .. ماڵەکەیان لە سەر تۆپەڵەی گردێکا گیرساوەتەوە . . دەتوانێ دەبەها سەربان‌و ناو حەوشی‌نزیك ببینێ . . سەدەهای نەدوور نەنزیك.. هەزارەها سەربانی دوورتر.. گەڵەگەتیەکەی زیاتر وای کرد شنە نزیکەکان نزیکتر ببینێ .. یەکەم بەیانی‌یە حەزدەکا چاو بە سەربان‌و ناو حەوشەکانا بگێڕێ .. کە چڵێ کراس‌و کەواکەی پوخت کردەوە .. دەستێکی گەیاندەوە لامێکی نیفۆکەی زیاتر هەڵیکێشایەوە .. دەمەو نوێژی بەیانە .. دەبووایە وەك هەموو ڕۆژەکانی تر .. هەزارەها ڕۆژانی تر .. بە سەر پێ‌پلیکەکاندا غڵ بێتەوە .. بە ئاوی بەرمیلەکە دەستنوێژ هەڵبگرێ . . بەیانیان خوارەوە ساردو خامۆش‌و ترسناکە .. بەیانیان بەرماڵەکەی بەرامبەر دوو وێنەکە ڕادەخا .. وێنەی باوك‌و کوڕ .. هەردوو وێنەکە ڕووخارو ئاکاری یەکتری هەڵدەگرن .. وێنەی باوکەکە زەرد هەڵگەڕاوە . . سیمای مردنی پێوە دیارە.. ئاوو ئارەقەو دڵۆپەیەکی زۆری بینیوە .. لە چەند لایەکەوە تەقیوە ..جامەکەی ناگۆڕن.. ئەبا وەکو ئێستقانی خاوەنە مردووەکەی بێت بە ئارد .. زۆریەی بەیانیان هەر بەسەر بەرماڵەکەوە .. سەیری وێنە زەردەکە دەکاو دەگری . . دەڵێ « زوو جێت هێشتم .. بۆ جێت هێشتم ؟ » . . هەندێ بەیانیان دایدەگرێ .. تێر سەیری دەکاو ماچی دەکا .. دەگری‌و چاوەکانی دەسڕێتەوە .. کە تێر گریا بە بزمارەکەوە هەڵیدەواسێتەوە .

ئیمڕۆ بەیانی .. لە ژێر کراس‌و کەوا ڕەشە خمدارەکەی . . لەنێوان تاریکی‌و تەمی ئەم بەیانی‌یە زووە دا .. لە دوورەوە لە تابلۆیەکی ڕەش دەچێت . . بێوە ژن هەموو ڕەش پۆشن.. ئەمیش‌وا .. سی ساڵە ڕەشی پۆشیوە .. هەتا لە زەماوەندی کوڕە تاقانەکەی .. کەس لای نەکردەوە لای .. داوای لێ‌بکا .. ئەم جلە ڕەشانەی پێ بگۆڕێ .. دراوسێك.. خزمێك .. پیرەمێردێك .. پیرەژنێك .. کوڕێك ... کچێك . . . کوڕکە خۆی .. ئەو کوڕەی لە پێناوی خۆشی ئەو گۆشت‌و بەزی لەشی ناسك‌و جوانی تواندەوە .. گوندو شاری بڕی ئەم ماڵ‌و ئەو ماڵ .. کارەکەری .. نانکەری .. کۆتکێشی.. پێنج ساڵان بو کە لە کۆلی گرت‌و .. لە زولمی خاڵوان‌و مامان گوندی جێ‌هێشت .. لە شاری پڕ شێت‌ومەند خۆی وون کرد .. بە ڕووی ئەو پیاوانە دەوەستا کە خوێنی گامێشێك لە دەمارەکانیان دەسوڕا .. ئەم کون‌و ئەو کون خۆی دەشاردەوە . . شوێن پێیان هەڵگرتبوو.. ڕۆانی خوێنی خۆی لەبەر چاو بوو .. بەڵام ئەو ڕۆژە پڕ ترسانە ڕۆیشتن .. ئێستا ئەم کوڕەی ناو چیفەکە .. دێوی هەموو ترسێك سەر دەبڕێ .

بە هەموو لایەکدا ملی سوڕاند .. سەربانێکی زۆر .. کۆشك .. خانووی قوڕ .. چەندانێکی تر نەقوڕ نەکۆشك .. ڕیزێکی زۆر لە جلی هەڵخراوی دوێنێ . . ئاریەلی تەلفزیۆن ..چوارپایەو قەرەوێلە ..پەردەو کوللەیەکی زۆر .. ڕەنگاوڕەنگ . . سوور .. سپی .. زەرد . . هێشتا زووە .. لە شیرین خەودان .. لە هەرچوار لاوە کوللەکان دادراونەتەوە . . خەوی بە جووتەش وەناگا هاتنی وا زووی ناوێ .. جەستەی مناڵە ووردیلەکان بە سەربانەکانەوە نووساون.. چەند سەربانێکی چۆڵ . . چەندانێکی تر تەڵەبالغ .. سەربانی بە شوورە . . سەربانی بێ شوورە .. شوورەی نزم .. شوورەی بڵند .. بە قەد ژمارەی کوللەکان‌و زیاتر لەم گەڕەکەدا چیفە .. لە هاوبنا هەموو شتێ ڕووتە .. حەز دەکا تەڕ بێتەوە .. لە ووشکایی ناو ناخی خۆی قورس‌و بێزارە .. مروف .. درەخت .. باڵندە .. تەنها ئەوە نەبی خەمی پیرە درەختێکی هەیە ئاو نەبگاتێ .. درەختێك

بروانە ل : ٧

نموونەی ئەدەبی فارسی

کە پیاوئەگری

شیعری : ژانە
محەمەدی مەلا کریم
کردوویە بە کوردی

کە پیاو ئەگری زریان دێتە ناڵە ـ ناڵ
کە پیاو ئەگری شەبتانی شووم ئەکەوێتە گرۆگاڵ
کە فرمێسکی مێردان ئەوەڕێ تك ـ تك
گر بەرئەبێتە ئەستێرە
وەك مەشخەڵی دڵی من . .

● ★ ●

لە بەرانبەری دوژمندا بکری پیاو ،
لەناو دڵی تاریکیدا ،
کوندەپەپوو لە خۆشی‌یا ،
بەسەر کەلاوەی کاولا ئەخوێنێ ..

● ★ ●

کە هەسری پیاو لە ترسی گیان ،
لەبەر بێ‌دەستەڵاتیی لەش ئەوەڕێ ،
مردووی چەند سەدەی بەسەرچوو
بەخەی کفنی خۆی ئەدڕێ
دەس‌پێ‌ئەکا ، بەکۆل ، بە زاری‌و بە شین ..

● ★ ●

بەڵام کە پیاو لەبەر سۆزی نشتمان ،
لەبەر خەمی پاك‌و پیرۆزی ئەوین ،
زار ـ زار بۆ خۆی ئەناڵێ ..
کە لە سۆزی شادی‌و خەمی ئینساندا ،
وەك مۆمێکی داگیرساو
ئەگری‌و ئەشکی ئەڕێژێ ،
شەوقی فرمێسك لەودیو لەودیو پێڵووی چاوانی ،
سەفایەکی‌وا ئەبەخشێ بە دەروون
وەك هیی کانیاو بە بەهارا ، بەبانی ..

دەقی دووی

هاڤینا باڵبەندی

خالد حسین

هەردەمەك ساڵی سێ هەیڤن ، هەیڤێن هاڤینێ خزیران‌و تیرمەهو تەباخن لئالەکی گەرم‌و کەلی‌یە ، ژلایێ دی کاروبزاڤ‌و خەباتەنەتنێ بۆ مروڤی ، لێ ، بۆ جانەوەرو باللندەو تاڤێکی وزەرزەواتا ، ژبەرڤێ چەندێ ئەحمەد دبێژە : ـ

نێ بۆ هاڤینێ دوو حاڵ دوو طەرەف
حالەکی وێ خوشە قەوی حالەك تەلەف

دێ سەر خوشیا هاڤینێ ئاخڤین ، یا هاتی گوتن « دلو بخوازە تەبوق یان تەبیڤازتە چ دڤێت بخازە ، تە چ کار دڤێ بکە ، تێ کەس نەحوشێ ژتە نەبینت ، تەلکیری ئڤێ بنڤە ، نەبەفرە نەباران‌و گژگەو سەرمایە ، ژبەر هندێ دبێژن « هاڤینا ژارابە ز ئستانا پاشابە» هاڤینا پشتی بهارێ تێ نەکو گەلەکا گەرمە ، ژبهارێ گەرم ترە ، لێ هەر دەما « گولان » خلاس بی هاڤینە ، دەمێ دخلاو دروینێ‌یە ، (نەلهەمی رەخا) ئەو دخل‌و دانێن ئاڤا هاڤینێ بدەستێ چوتیاری دکەڤن ئاڤا دەشت‌و نهێلێن کوردستانێ شین دبن‌و دچینن ، لهاڤینێ کوم دبن بتدەرێن نیسك‌و نوك‌و جەهو گەنمی هەر وەکی نالبەند دبێژە :ـ

ئەووەلی نیسك‌و جەهو نوك‌و گەنم
لەو ئەلالیمادلێ خوشەو موکوم

ئەڤە هندە دەخل‌و دانێ هاڤینێ بەلێ زەرزە واتێن هاڤینێ چنە دا جارەکا دی سەر خوشتڤی یێ کوردستانێ ، نالبەندی ئەکەمن، کا بچاڤێ خۆ چ نیکی وزەرزەوات دبتنە ، چ ڕەنگ خوشن ح ڕەنگ شرینن یان مزن :ـ

ئەووەلی باهیڤو تسوی باشی حولیك
چ غەنی دبن خاص‌و عام مەزن‌و بچویك
مزمزە سیڤو تسری‌نەووعیت لەزیز

بەینا جەرمەن‌و روس یان ئینگلیزو فرەنکا نەخاسمەگەر ناڤێ کیچو پێشیانەی نابا :

رابو سەرخوە حاکمن کیچاکەری
عەسکەرێ‌خوە خاست‌و هاتن بوشەری
نێ ئەوا خوینا مروڤاگر شەراب
چەند هەوار بکەی چۆکەس نادەت جەواب
چ لەڤا دانا لەشی گرت‌وڤەروت
هەر وەکی پەل‌پێڤەنان خور هاوسوت

ئەڤەیە کارێ کیچاو هولێ‌تێن جەنگاو شەری ، لێ ، دا تەماشای پێشیا

بکەین کاك ئەحمەد بۆ وا چ‌دبێژە : ـ

عەسکەرێ خوە خاست‌و ئەورابون عەموم
گەر نەفیرعامامەزن لێك بونە گوم
نای‌و ئویە های‌وهویە گاڤگە
پێکڤە قیزین‌و هەوارو طڤطڤە
نەتنێ ئەڤە نەخوشیا بونالبەندی چترکن‌و پەیدا دەکەن : ـ

ئەوچنە دوبیك‌و مارو کرم‌و کیز
چو برو پرین‌بەڤ‌و کیڤلاژە ریز
سیسرو مارگیسوو کیرکوکەکمە
هەر خودێ‌دزانت چنە ئەو کاکە

ئەڤە هاڤین خوشی‌ونەخوش ، هەروەکی چیا ، دەماتو سەرکەفی دێ بەتەنی‌دی‌بەر سینگێ خوە ، بەلێ دەماتو گەهشتی کوخێ‌سەری ، دێ‌ڕێ بتە سەر نشیف ، هەما ژوردە خوبەردە دێ چی‌بەخار . هاڤینێ سەرێ خو شورکرو خاترخاست‌و چو .

یائیزێ سەرێ خو هلدابەرەو پێش هات بلەزو بەز:ـ

نێ‌وەلێ هاڤین خلاس بۆبەر عەدەم
هات یائیزا تەتۆی‌نێش‌و ئەلەم

خوخ‌و هرمیك‌وهەژیرو تەولەو کویز
هەم گەزان‌و بەهو حولی‌رەشك‌و هنار
نێ ژ ئاڤارادکێشن بارو بار

باهیف ، توی ، حولی‌رەشك ، زەردەلە ، هرمی‌و مەزیر ، لێ بەلێ نە ئەڤەتنێ‌نە ، بەلێ ژهەر باغەکی گولەك بەسە ژ هەر دارەکی تایبەتناڤەك بەسە ، ئەرێ کورد چ کاری‌و ئیشی دکەن ، ئەم دێ بینین ، چونکە لهاڤینێ دیار دبن هەمی کار ، و مازناوێ گوتی « یێ نەکت ناخوت». هاڤین دەمێ دورین‌و گیرەو مەلوك کێشان‌و هلنانە هەروەسا دەمێ شخرەکێشان‌و بێدەردان بای‌و دەخل راکرن‌و کێشانی‌یە ،ژئالێ دی ، دەمێ پەز خویدانی چەراندنێ‌یەو رەزئاڤدان‌پێجان‌و کولانێ بە نەخاسمە لسەرێن ژوری :ـ

خەلکن پر شولە دورین‌و گیرمنە
دەستەکن لئالف جەمین‌و ربسەتە
دەستەکن لیبەدەربەبای صافی کرن
دەستەکن لکێشان‌و دەخلی راکرن

بەلێ ئەگەر دەخل‌و دان‌راکرن ، کویفە دێ بن ؟ ودێ‌کەن کیرێ ؟ و چوکەس‌ژوا ناوەرگرن‌و پارێزن ، ورێ ئەگەهن گوندا :ـ

دل فرەه خەلکن بەرویتەدەر تەژی

جال‌و تیرو قورنەت‌و کوارو کوژی

جوتیاری جالەکا نیڤاخانی کولای‌و ژدەخالی یاداگرتی‌و سەرڤێ یێ گرنی‌و هنوی،وستیرك نەژی سەر تیرێن دەخل‌ودانن ، و دەما نوچویەژور دێ کومێن دەخالی نفورنەت‌و کوژیێن هەرئودەیەکێ بینی ، بەلێدەما ئەڤا هەما تیرا نەکر جوتیاری‌کوار چیکرن ناڤا ئوداەو پر دخل‌و دان کرن ، نەخاسمەجەهو گەنم . خاکا کوردستانێ هولێ وەکە زێرە ، چ تشتێ‌تەبڤیت لێ شین دبە ، وتشتێ تەبڤێ لێ تێ‌چاندن ، ژبۆڤێ‌چەندێ دلێ ژارو برسیا گە لە بهاڤینێ خوەشنە .

دابچین سەر نەخوشیاهاڤینێ ... گەرمە .. مروڤ دچە بەر سهاداراو دچەجهێن کانێکاو ئاڤێن تەزی ، کوردستان لهاڤینا گەلەکا خوشە ، لەوا هاڤین گەهێن ئاڤ‌و دەنگ بێن بەلاڤ‌بین لهەمی رەخێن کوردستانا بەرکەتی ، و هەر ساڵ‌بهزارا مروڤ ژ بەغداو بەصرا سەردانا بو دکەن وهاڤیناخولێ دبورینن وەکە ـ سەرسنگ ـ سولاڤ‌ـ‌ـەرجنار ـ شقلاوە ـ لێ‌بەلی تشتێ نەخوەش نك نالبەندی‌نە گەرمی تنێ‌یە ، بەلی پێشی‌و کێچا ، حالی وی‌نەخوەش کربین ، دەما ئەم ئەماشا چەند مالکێن ڤێ‌هوزانی بکین یێن کو نالبەندی سەر پێشی‌و کێچا نفیسی ،دێ بێژن ئەڤە شەرە ناڤ

Institut Kurde de Paris

ئەو ئاسۆ (پاشماوە)

ئۆفسیێت بۆمان .. بێگومان ئەمەش ئەبێتە مایەی خێراتر کردنی کاروانی ڕۆشنبیریو فراوانکردنی بنەڕەتەکەی ، ئەم چاپخانەیە بەرهەمی ڕۆشنبیریی کوردی تێدا چاپ دەکرێو ئێمە بەپەرۆشەوە جاوەڕێی تەواو کردنیو پشتمان زۆر پێبەستوە .

لەلایەکیترەوە بایەخمان بەکەلەپوری فولکلوری کوردی داوەو خەریکی تومارکردنو نووسینەوەین ، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەپیشەو یاریو خوورەوشتو نەریتەوە هەبەو موافەقەت کراوە کە ەۆزەخانەیەکی فۆلکلوری کوردی بکرێتەوەو پارچەیەك زەوی بۆ دانراوەو نەخشەکەشی ڕەنگڕێژ کراوە .. لە ئەمینداریتیی‌یەکەماندا لیژنەیەك پێكهێنراوە بۆ کۆکردنەوەو دەستنیشان کردنی مەسەلەو بابەتە فۆلکلوریی‌یەکانو هەڵگرتنیان بۆ دابین‌کردنو زامن‌کردنی پێداویستی‌یەکانی کردنەوەو دامەزراندنی ئەم مۆزەخانەیە کە یەکەم مۆزەخانە ئەبێ لەم جۆرە لە ناوچەکەدا .

وشەی کوردی کە لە سەردەمەکانی پێش شۆڕشیش‌دا لەعیراقی تێکۆشاندا شان‌بەشانی وشەی عەرەبی وەستاوەو پشتی گرتووە ، وشە ڕاستو ڕەوانو ڕاستگۆ بووە پڕ بەپێستی وشەی خۆشەویستیو تێکۆشان پێکەوە ئەم وشەیە ئەمڕۆ لە عیراقی بەعسیو شۆڕش‌دا دەرگای مەیدانەکانی بنیاتنانی مرۆڤی بۆ کراوەتەوە .

ئادار لە کوردستاندا ئیلهامی زۆر شتمانە چونکە ئەو جەژنە ... بگرە چەند جەژنێکە کە هەموو شادی‌یە ..

لە ئادارداا هەست دەکەین کە خامەی هەموو ئەدیبانی کورد لەپێناوی بەهاری وشەی کوردیداو لە پێناوی ناسك‌و دڵگیری‌یەکەیدا ڕادەپەڕن .. چونکە ئەو وشەیەکی نیشتیمان پەروەرە .. . وەفاو خۆشەویستی تێدایە .

نێچیرەوان (پاشماوە)

بە پێی بۆچوونی ڕەخنەگری (الثورە) کرۆکی بابەتی ئەم فلیمە لاوازەو لێرەوە دەلاقەیەکی گەورەی تێدا ڕوو دەدات ، جگە لە مەش (ڕاو ئاستی تێکەیشتنو زانیاریی کابرا دەربارەی شەڕو سیاسەتو کۆمەڵ ناتەواوەو یا هەر دەرناکەوێ ، ئەمەش بە ڕای من یەکە خاڵی لاوازیی فلیمەکەیە (٤) ڕەخنەگری (الجمهوریە)ش دەربارەی لایەنێکی فلیمەکە دەڵێ :

(بیبۆ ـ ئەمە ئاوای کاڕایە ـ لە فلیمەکەدا بە سێ کەس دەگا ، خوشکەکەی‌و هاوڕێیەکی‌و دۆستەکەی ـ آمال عفیش ـ ئەمانە بە یەك شێوەو لە یەك بیرەوە قسەی لە گەڵ دەکەن‌و بارەی‌ـ سەرنجیان دەردەخەن ، ئەمە شتێکی تازە ناداتە دەست بینەرو هەر جوونەوەی قسەی یەکترە .

هەر سێکیان دەربارەی هیلاکی‌و بێزاریان دەدوێن لەو خۆی لێ بێتەوە)(٥)

نیزار قەبانی‌و کۆڕی شیعرخوێندنەوەکەی بە لای زۆربەی ڕەخنەگرەکانەوە شتێکی زیادە بوو ، ئەدەبوو هێندە درێژەی پێبدرێو هێندە شاعیر پیشان بدرێ ، وا دیارە دەرهێنەر وستوویە ئەم لایەنەیان بۆ بردردان بە بەرهەمەکەی بە کاربێنێ ، (خۆ ئەگەر دەرهێنەر تەنیا دەنگی شاعیری بە کار بهێنایە وەك لە سەرەتادا کردی‌و دیمەنی کاول‌و وێران بوونی بەیروونی لە گەڵدا دەربخستایە زۆر کاری‌گەرو جوانتر دەبوو)(٦)

هەر دەربارەی (بیبۆ) ڕۆژنامەی الثورە دیسان دەڵێ : (سست و لاواز بوو ، دەمو چاوی لە کابرایەکی شەڕانی نەدەچوو ، زیاتر لە ئینسانێکی ون بوو دەچوو نەك لە پیاوکوژ) (٧)

بەڵام دۆستەکەی ـ آمال عفیشی ـ ئافرەتێکی جوانی تەڕی ناسك ، کە شێوەو دیمەنی لە ئافرەتێکی جنسی بەڕەڵلای نزیك دەکردەوە نەك هونەرمەندێکی خاوەن ڕاوبیری تایبەتی خۆی‌و لایەنگری بەرە چەپڕەوە نیشتمانی‌یەکان ، (جا ئایا ئەم جۆرە بەیوەندی‌یە لە نێوان ئەم کچەو کابرایەکی ئاوادا مەنتیقی‌و گونجاوە ؟)(٨)

وەك دەردەکەوێ ، دەرهێنەر ویستوویەتی هەرهەمەکەی لە هەندێ دیمەنی جنسی بە دەرنەبێ ... نەمیشی وەك دیمەنی ئامال لە کاتی خۆشوشتناو هاتنە دەرەوەی‌و ئەو ئافرەتەی لە بەنجەرەکەوە دەرکەوتو گێرانی کامێراکە (لە کونی دووربینەکەوە) بە زۆر جێگای لەشی‌دا .

دەربارەی دەنگیش ، وا بزانم تۆمار کردنەکەی زۆر سەرکەوتوو نەبوو ، لە زۆر کاتدا بەرزو نزم دەبۆوەو لە جێی دی‌دا بە بزاوی دەبیسترا .

هەرچۆنێ‌بێ (نێچیرەوان) لە بابەتدا کارێکی دیارو سەرکەوتو وەو شێوەی پێشکەش کردنەکەشی تاقی کردنەوەیەکی نوێی سینەمای عێراقی‌یە)(٩) ، بە مەش سینەمای عێراقی بەرگێکی ناوخۆیی دادەماڵێو بۆ بابەت‌و مەسەلەکانی دەرەوە یەڵ دەهاوێت و هەوڵی چارەسەر ـ کردنیان دەدات هەر چەندە بابەتەکەی لە مەڕ ئێمە هیچ چارەسەرکردنێکی ئەوتۆی بە دەستەوە نەدەداو ئەنجامی فلیمەکە وەك دەڵێن کراوە بوو ، ئەمەش وا بزانم زۆربەی لە بەر ئەوەیە کە مەسەلەی لوبنانو کێشە ئاژاوەزەکانی هێشتا هەر لە ئارادانو برینەکان هەر بە بێ سارێژی ماونەتەوە) .

ـ (نێچیرەوان) ـ ئامانجی ڕەزی گرتۆتە خۆی کاتێ کە باڵی بە سەر مەسەلەی نوناندا کێشاوە بەڵام لە جارەسەرو خستنەرووبدا دواکەوتووە (١٠) .

ئەکتەرەکان بە چاکی ئەو دەورانەی پێیان سپێردرابوو بە جێیان دەهێناو لە بارەی وێنەگرتنی سینەما پیشەوە گەلێ سەرکەوتووە بە تایبەت دیمەنی گەرەکە کاولەکانی بەبرووتو گەوزاندنی نێچیرەکە لە زەوی‌دا .

پەراوێزەکان

١ ـ گۆڤاری ـ الفنون ـ ژمارە ٦٩ ـ ١٩٨٠ بەغدا .
٢ ـ ڕۆژنامەی ـ الثورە ـ ژمارە ٧٦ ـ ٩ـ٢ـ٩٨٠ .
٣ ـ هەمان سەرچاوەی پێشو .
٤ ـ الفنون ـ ژمارە ٦٩ .
٥ ـ ڕۆژنامەی‌ـالجمهوریەـ ٢٥ـ٢ـ٩٨٠ .
٦ ـ الفنون ـ ٦٩ .
٧ ـ الثورە ـ ژمارە ٧٦ .
٨ ـ الجمهوریە ـ ١٥ـ٢ـ٩٨٠ .
٩ ـ الفنون ـ ٦٩ .
١٠ ـ الثورە ـ ٧٦

بەرەو پێش‌چونی (پاشماوە)

	زمارەی مامۆستایان سالی ١٩٧٥	ژمارەیان سالی ٧٩ـ١٩٨٠
قوتابخانەکان		
باخچەی منداڵان	٥٦	٢١٤
قوتابخانە ئامادەییەکان	٥٤٩٣	١١٣٢١
ئامادەیی پیشەسازی	١٠٨٥	٢٠٦٢
ئامادەیی کشتوکاڵ	٦٠	٣٤١
ئامادەیی بازرگانی	٦٨	١٧٤
خانەی مامۆستایان	١٠	٦٠
بە هەردوو بەشیەوە	٧٧	١١٥

بۆ ئەوەی وێنەیەکی بێگەرد دەربارەی ئەو گوڕو تەوژمەی خەڵکی بۆ خوێندن‌هەیانە دەڵێین ساڵی ١٩٧٩ ـ ١٩٨٠ لە ناوچەکەدا (٥) باخچەی منداڵانو (١٦٦) قوتابخانەی سەرەتایی‌و (٣١) قوتابخانەی ناوەندی‌و ئامادەیی‌تر کرایەوە ..

لەو ڕۆژەوە کە یاسای‌ژمارە (١١٨)ی ساڵی ١٩٧٦ دەرچوو کە دەربارەی بە زۆرپێ‌خوێندنە لەگەڵ یاسای هەلمەتی سەرتاپاگیری‌ئیشتیمانی نەهێشتنی نەخوێندەواری بە سەرۆکایەتی‌سەرۆکی تێکۆشەر صدام حسین ، دەزگاکەمان هەنگاوی گەورەی هاویشتوەو بەتاواوەتی ناوەڕۆکی ئەم یاسایانەی جێبەجێ کردوەو ژمارەی ئەو کەسانەش کە لەناوچەکەدا یاساکە دەیگرتنەوە بەم شێوەیە بوو :ـ

پارێزگا	نێر	مێ	گشتی
هەولێر	٩١١٤	٨١٩٢	١٧٣٠٦
سلێمانی	١٢٥٤٠	١٠٦٥٣	٢٣١٥٦
دهۆك	٤٦٠٦	٤٧٥٤	٩٣٦٠

ئەمە دەربارەی خوێندنی‌تەوزیمی‌و بەخۆڕایی خوێندن. لە مەیدانی نەهێشتنی‌نەخوێندەواریش‌دا لە پارێزگاکانی ناوچەی‌ئۆتۆنۆمی ژمارەی ئەو نەخوێندەوارانەی کە یاساکەگرتونیەوەو فێری خوێندن دەکرێن بەم شێوەیەیە :

هەولێر	١٢١٩٤٨
سلێمانی	١٣٥٤١١
دهۆك	٦١٣١٥
گشتی	٣١٨٦٧٤

گفتوگۆیەکی (پاشماوە)

چاپی دەنێرم کە ناوی « فەرهەنگی ڕیشنەشناسی زمانی کوردی »یە .. ئەم فەرهەنگەشی بەووردی ووشەکانی زمانی کوردی لێك دەداتەوە سەبارەت دانانی ووشەکانو سەرچاوەکانیانو گۆڕانیان... هەروا چاو پێخشانێکی کشتیپش دەداتە ئەو ووشانەی ، کە بێگانەن‌و وەکو ووشەی کوردی بەکاردێن . سەرەڕای ئەوەشی کارێکی نرم لەبەر دەستایە بەناوی « گراماتیکی مێژووی زمانی کوردی » ئەمەش لەبارەی فۆرمی گراماتیکی‌و گراماتیکی بێکهاتوو دەدوێت ، وەك ئیعراب ، هەروا پەیوەندی ڕێزمانی زمانی کوردی باسی دەکات .

پ : ئێوە لەو باسکەرانەن، کە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی ئیرانشناسی دەدەن ، ئەو زمانە کوردی‌یەی کە ئێوەش ئێی دەکۆڵنەوە بەکێکە لە ڕەگەزی‌زمانە ئیرانیەکان ، حامەودای دوورو نزیکی زمانی کوردی لەناو زمانە ئیرانیەکانی ئردا چیە ، هەروا پەیوەندی زمانی کوردی بەزمانی فارسیەوە چی‌یە ؟

و : سەربەخۆیی زمانی کوردی لەنێو زمانەکانی ئیرانیدا نزیکەی (١٠٠) ساڵ پێش ئێستا بەلکو زیاتریش لەلایەن زانایانە وە ڕوونکراوە تەوە .. هیچ کەس شکی لەمە نیە ... ئەو زمانانەی کەوا لەزمانی کوردی‌یەوە نزیکن ئەمانەن: بلوچی ، تالیشی ، مازندەرانی ،گیلانی ... ئەمانە هەموویان پێکەوە ڕۆژئاوای کۆمەڵە زمانەکانی کۆمەڵە زمانەکانی ئێرانی دروست دەکەن .... لەزمانە کۆنەکاندا زمانی پارث‌و زمانی کوردی نزیکن ، بەڵام زمانی فارسی زیاتر بۆلای خوارووی ڕۆژئاوای کۆمەڵە زمانەکانی ئێرانی دەڕوات ، ئەمەش ، کە لەسەرەوە باسم کرد .

لەکۆنەوە لەزانیاری زمانی ئێرانیدا ڕوونو ئاشکرایە... کاتێ کە زمانەکان‌و دیالێکتەکان گەلێك کاریان کردۆتە سەر یەکتر ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە خاسیەتی زمان زمان دابەش دەکات بەسەر کۆمەڵە زماندا . . . ئەم خاسیەتانەشی لەنێو دیالێکتەکان و گۆڤەرەکان حۆیان شاردۆتەوە . جا بۆ دۆزینەوەی خاسیەتی هەرزمانە دەبێ ناو دیالێکت‌و گۆڤەرەکان بپشکنین .... هەروا بۆ دۆزینەوەی خاسیەکانی زمانی کوردی دەبێ گۆڤەرو دیالێکتەکانی زمانی کوردی بپشکنین . لەبەر ئەوە من وابەباش دەزانم ،کە بۆ دۆزینەوەی بنچو بنەوانی زمانی کوردی دەبێ گۆڤەرو دیالێکتەکان بخەینە بەرتیشکی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی‌بانەی زمان شوناسی ...

هرۆڤیکی (پاشماوە)

دڵسۆزی‌یەوە دەور دەبینێ، شایانی ڕێز لێ‌نانی تارادەی خستنە سەر چاوی ڕێزی مرۆڤایەتی‌و سەربەرزی‌و خۆشەویستیە ئەم قسەیەش بەیسبەت (پەیمان)ەو دەورەکەی لەم شانوییەدا پیا هەڵدانێکی زیاد نیە هەر لەبەر ئەوەی ئافرەتەو ماتۆتە سەر شانۆ چونکەی بەڕاستی دەورەکەشی بە سەرکەوتوویی بینی ـ ئەمە ئەگەر پێوانە ئەوەبێ یەکەمجاریەتی بەم تاقی‌کردنەوەیەدا دەروات ـ

ـ هونەرمەند کریم عثمان :

بەرێوەبەری شانۆ بوو ، بەڵام وەك سەربازیکی نەناسراو دەورێکی کاریگەری هونەرمەندانەی گێرا لە سەرکەوتنی شانوییەکەدا ، ئەویش ، بەو ڕووناکیەی لێپرسراوی گێڕانو دیارخستنی بوو لەسەر شانۆ ، کە هەر لەخۆیدا تاقی کردنەوەیەکی تازە بوو . (وەك گوتمان لە دەرفەتێکی تردا ، لەم شانوگەری‌یەو ئاناو بیرکردنەوەی هونەرمەندانەی ئەم دەستە لاوە دەدوێن) .

لە دواییدا :

سلاوی ڕێزو خۆشەویستی بۆ ئەو شەش لاوەی تاقی‌کردنەوەیەکی نوێیان لەم هەنگاوەدا پێشکەش کرد .

بێوەژن (پاشماوە)

بۆ دڵۆپێك ئاو بزر ڕەگی بە ناو ناخی زەویەکی ووشك‌و سووتاودا ڕۆبچێ .. درەختی پیرو بێ‌ئاو چڕۆ ناکا .. هەموو شتێ دەگۆڕێ . . لەجیاتی داری ڕادیۆ کۆنەکان ئاریەلی تەلفزیۆنەکان بەسەر زۆربەی سەربانەکانەوە دیارن .. خواردن .. نووستن. . جل‌وبەرگ .. دەم‌وچاو . . سەربان .. شەقام .. ئافرەت ... پیاو .. ناو ...هەمووی گۆڕاوەو دەگۆڕێ . . هەڵدەگەڕێتەوە .. ڕەنگ وەردەگرێ‌و ڕەنگ بەردەدا .. سەیری دەمارە ڕەشەکانی دەستی خۆی کرد .. بە سەرچوو .. ئەم بەسەرچوو .. تەنها خەمی خۆی هەڵدەگرێ .. وەکو منالێ داوی کۆلارە وون بووەکەی ڕاکێشێتەوە .. نیگای دوورو گەڕاندەوە .. لە چیاو دوورەکانەوە بۆ گردە دوورو نزیکەکان . . سەربانە دوورو نزیکەکان .. نزیك .. نزیکتر .. دوایی لە سەربانەکەی خۆیانا گیرسایەوە .. ئەو سەربانەی لە سەری‌و لە ژێریدا ساڵانێکە تەنها دەخەوێ .. شتێك لە لە سەربانەکە سەرنجی ڕانەکێشا .. سەربانێکی چۆڵ‌و ڕووتە گەر ئەم چیفە نەبێ .. کە ملی سوڕاندو سەیری چیفەکەی کردەوە ... لە ناخەوە ڕاچڵەکی . . دیمەنەکە ئاسایی نەبوو . . موچڕکێکی ساردی خستە سەراپای گیانی .. کۆلایەوە .. کلاوەی چۆکی شل بوو .. کەمێك دەلەرزی .. هەستێکی تێکەڵ لە ترس‌و شەرم دایگرت .. جۆگەی سەر بڕبڕەی پشتی ئارەقەی کرد.. چاوەکانی داخستنەوە .. دیتوانی سەیری دیمەنەکە نەکاتەوە .. چاوێکی کزی هەڵێنایەوە .. چیفەکە لە یەك لاوە کرابۆوەو بە پەردەیەك دادرابۆوە . . لە ژێر پەردەکەوە دوو پێی لووس‌و بچکۆلانەو دوو پێی گەورەو ڕۆری بینی .. لە تخووبی پەردەکەوە ترازابوون .. دوو بەلەکی لووس لە یەکتری ئاڵابوون.. خاوو ماندوو ڕاکشابوون .. پزوی دەرپێ درێژەکەی ئافرەتەکە تا چۆکی خزی بوو .. « وە ئاگای بێنم ؟ » ئارەزووی کردو ئارەزووشی نەکرد .. نەشیاوە .. «مانگی یەکمی بووکینی وەئاگا هێنان گوناهە ! » .. وبستی وەکو خەونی خۆشی کوێرێك بە بە یادی بێتەوە .. بیری چۆتەوە .. لە ماچێکی پشت حامی پەنجەرەیەك دەچێ . . دوو بەلەکە لووسەکان .. لە دوو بەلەکە تووکنەکان خڕوپڕتر بوون .. لەوە دەچوون خوێن‌و هێزایان لەبەلەکە تووکنەکانەوە وەر گرنێ .

« یەکەم سال ئێمەش‌وا بووین ... هەر ئەو ساڵەو هیچی تر ! »

دیمەنەکە تا دەهات زیاتر ماتی دەکرد .. دیسانەوە ڕووەو ڕۆژهەڵاتی‌ڕاوانی . . چاوێکی بە چیاو گردو سەربان‌و چێغ‌و کوللەو ئاریەل‌و حەوش‌و کۆڵانەکانا خشاندەوە .. بیری‌ئەلە ساڵانی کۆن کردەوە .. پەنجا ساڵ تەمەن .. چی‌کرد ؟ .. دەبێ چی‌بکا ؟ بۆ کوڕەکەی مۆمی ژیانی خۆی‌ئاسوتاند .. خەم‌و ترسێك دونیای ژێر ئەم شەفەقەی لێ تاریك کرد .. ترس‌و خەمی ئەم ئافرەتە بێگانەی مانگێکە کوڕەکەی لێ زەوتکردووە.. ئینتر ئەم چاوەڕوانی چی دەکا ؟! پیرەمێردێکی زۆر هانو داوایان‌کرد . . شیاوە پاش ئەم تەمەنە جلە ڕەش‌و خمداریەکەی دابکەنێ . . ئاشێ .. بیری کەوتەوە شەوێکیان کوڕەکەی چی پێ‌کرد ..

زانیبووی مامە عەبەی توتنچی داوای‌کردووە . .ئەو شەوە هەزار جار تلایەوە . . دراسێ‌یەکان گوێیان لە هەراو قاڕوقیڕەکە بوو . . کوڕەکەی هەر دەبنەڕاند :

« شەرم ناکا ... بە پیری دەبەوێ خۆی تەڕ کاتەوە »

خەڵکانی دەوروبەر ماتو سەرسام بوون .. ئەوانەی بە پێوە بوون دانیشتنەوە .. ئەوانەی دانیشتبوون لە حەژمەتانا هەڵسانەوە .. گوێی لێیان بوو :

« تووخوا گوناهە.. زوڵمە نافرەتێکی وا ئەوەی پێ بکرێ.»

ئەو شەوە ـ بە کوڵ بۆ بەختی خۆی ـ گریا . . پرسەیەکی بیر کەوتەوە . . مێردی زێڕین ـ یش مرد.. خەریکە ژمارەی بێوە ژنەکان زیاتر دەبێ .. ئیمڕۆ بە کامی دڵی خۆی دەگری .. دوا دڵۆپە فرمێسکێکەو بەس ... ئینتر بۆ نەگری .. گوێی لە تەقەی دەرگاکە بوو .. وەئاگا هاتەوە .. « بەم بەیانی‌یە .. دەبێ کێ بێ ؟ » لە سەرخۆ هەنگاوی نا .. گەیشتە ئاستی گوێسەوانەکە .. سەری حوار کردەوە .. تەنها جامانەیەکی بینی :ـ

ـ فەرموو ... کێی ؟

ـ داپیرە .. بایز وەئاگا بێنە ؟

وشەی ـ داپیرە ـ لە ناخەوە هەڵیکەند .. کە دەم‌وچاوی بینی ناسی‌یەوە .. ئێستا شیاوە وەئاگای بێنێ.. زۆر شیاوە .. لەودیو چیفەکەوە .. بە دەنگێکی بڕ لە خەم‌و گریان‌و بێزاریەوە بانگی کرد :ـ

ـ بایز ... کوڕم بایز ...

لەگەڵ دەنگەکە ڕاچڵەکی .. چاوەکانی هەڵگڵۆفت ئینجا بەرەو پێ‌بلیکەکان خزی .. لەسەر خۆ خۆی لە چەوشەکەدا بینی .. کاتی توێژ بە سەر چوو بوو . . کوڕەکەی سێ سێ پێ‌بلیکەکانی بڕی‌و کەوتە ناو حەوشەکە .. دایکی ناوڕێکی لێ دایەوە :ـ

ـ ئەی (جا) بەکە دایە ؟

وەلامی نەدایەوە . . بە شەرمەوە سەری داخست ..

داخست .. کوڕەکەشی پێڵاوەکانی توند دەکردنەوە .

ـ من دەڕۆم .. هەر لە سەر ئیشەکە شتی دەخۆم.

کوڕەکەی ڕووەو دەرگا ملی‌نا .. کردی‌یەوە .. دایخستەوە . . دایکەکە چووە ژوورەوەو هاتە دەرەوە . . کە هاتە دەرەوە شقارتەیەکی بە دەستەوە بوو بە چەوشەکەدا گەڕا ..نزیك کولخانی چەمامەکە کەوتەوە.. دەنکە شقارتەیەکی داگیرساند .. کولخانەکەی گەرم کرد .. ئاگرەکەی خۆشتر کرد . . بەرەو دەرگای ژوورەکە گەڕایەوە . . کزومات چەڵتروشکا .. هەتاویش سست خۆی دەگەیاندە کۆڵان‌و شەقام‌و سەربانەکان . . بیری لە زۆر شت کردەوە .. تا لە پڕ بروسکی یادی خەونە پڕ شەرمەکەی ئەمشەو لە مێشکیا چەخماخەی دا . . هەر دانیشت‌و چاوەڕوان بوو بووکی ماندوو نەهاتە خوارەوە .. ئاوەکە گەرم بوو . . گەرمتر بووك لە خەو هەر هەڵنەستا .. چاری‌نەما . . هەستایەو بەرەو چەمامەکە چوو :

« با خۆم بچم .. هەتا ئەو لە خەو هەڵدەستێ ... من خۆیشم ووشك کردۆتەوە!»

کانوونی دووەمی (١٩٨٠)
سلێمانی

وتەی هاوکاری (پاشماوە)

ڕۆشنبیریی کوردی‌و ژیاندنەوەی کەلەپوری نەتەوایەتی وپشتگیری‌کردنی چاك کردنی کشت‌وکاڵێکی فراوان لە دیهاتەکانداو بڵاوکردنەوەی پیشەسازی لەکوردستان‌داو فراوان‌کردنی ڕێگاوبان بۆ گەم

کردنەوەی جیاوازی نێوان دیهات‌و شارەکان‌و زیادکردنی قوتابخانەو تیمارخانەکان بەتایبەتی لە جێگا دوورەکاندا بۆ ئەوەی مرۆڤی دیهاتە دوورەکانی کوردستان پەیوەندی لەگەل شارەکاندا زیاتر پەیداکات‌و هەست بەڕۆڵی تەواوی خۆی بکات لە بەرهەم‌هێنان‌و بنیاتنان و پێشکەوتندا لە پێناوی دوارۆژێکی چاکتر لەرێگای بنیاتنانی ئەلی نوێی عیراق‌دا سلاو لە ئادارو دروستکەرانی‌ئادار .

فەلەستین (پاشماوە)

خاك‌و شۆڕشیان لەهەمێزناوە ... !

ئەوەی شایانی سەرنجیش بێت ، ئەم کۆڕە یەکێ لەو کۆڕە سەرکەوتوانەی وەرزی ڕۆشنبیری زستانەی یەکیتی نووسەران بوو ، کە خەڵکیکی زۆر ، لەئەدیب نووسەرو .ئەدەبخوازو جەماوەری میللەتی لەدەورا کۆبووەوەو نزیکەی دووسەعات خوێندن‌و موناقەشەی بەپێزی لەنێوان ئوبێگران سازدا ..

ئافرەتانی (پاشماوە)

گرتۆتەوە بەتایبەتی کۆمەڵە خانووە هاوچەرخی‌یەکانی کوردستانی کە دیارەدەی ژیانێکی گەشەدارەو دەستکەوتێکی شۆڕشگێری مەزنە شۆڕش بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە کوردستاندا بەدی هیناوە ، زیاد لەمەش یەکێتی بەشداری کردنێکی فراوانی کردووە لە هەڵمەتی نیشتیمانی سەرتاپاگیر بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری ، هەروەها لەرێگەی لیژنەکانی یەکێتی هەموو پرۆگرامەکان جێبەجێ کراو بەشێوەیەك کە خزمەتی ئافرەتی عیراقی بکا خزمەتێکی ڕاستەقینە بۆ ئەوەی پلەی هۆشمەندی‌و ڕۆشنبیری زیاد بکا .

● **لەبارەی ئەو پرۆگرامانەی کە لق‌و بەشەکانی یەکێتی جێبەجێ دەکا ، خاتوو شەرمین جودە دەڵێ :**

ـ لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا زۆربەی زۆری پرۆگرامە مەلبەندی‌یەکان جێبەجێ کراون‌و شێوەیەکی جەماوەری گەورەی وەرگرتووە کە هەموو پارێزگاکان‌و قەزاو ناحی‌یەکان‌و لادێکان‌و کۆمەڵە خانووە هاوچەرخی‌یەکانی گرتۆتەوە ، ئەمەش ڕەنجی چەند پیشنیارێك لەلایەن مەکتەبی سکرتاریەکانی ناوچەی کوردستان پێشکەش کراوە بەو ئامانجەی چالاکی‌یەکانی مەلبەندی جێبەجێ بکرێ ، هەروەها لە کۆتایی قسەکەمدا ئەوە دەست نیشان دەکەم ئەو بایەخدانە نموونەیی‌یە کە بەنووسینگەی ناوچەی کوردستان بەهەموو جۆرەکانی‌یەوە چ لق‌و چ ڕەشەکان دراوە لە لایەن سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش‌و بەتایبەتی لە لایەن بەرێز سەرۆك صدام حسین ئەوە بوو سەردانێکی بۆ بارەگای لقی سلێمانی لە دۆکان کردووە بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەو . وبەم بۆنەیەوە لە کۆنگرەکەماندا چەند پروسکەیەکمان بۆ بەرێز سەرۆك صدام حسین نارد بەیمان‌و دڵسوزی جەماوەری ئافرەتانی بۆ سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش دووپات کراوەتەوە هەروەها جەماوەری ئافرەت ئامادەیە بەرگری لە دەستکەوتە مەزنەکان شۆڕشی بکا کە لەژێر سایەی شۆڕشی (١٧) ی تەمووزی پیرۆز هاتە کایەوە ، لەسەرویانەوە دەر کردنی بەبانامەی (١١) ی ئازاری مێژوویی‌و هێنانەدی یەکێتی نیشتیمانی بۆ گەلی عیراقی مەزن .

وەرزی (پاشماوە)

ڕاسپارد کە ئامادە کردنی بابەتەکانی ئەو یادکردنەوەیە بگرێتە ئەستۆی خۆی .

١٣ ـ چوون بەدەم بانگ‌و داوای زانکۆی بەسرەوە بۆ هاوبەشی کردنی ئەو مبهەرەجانەی کە لەمانگی جواری داهاتودا لەبەسرە سازی ئەکەن‌و بۆ ئەم مەبەستەش هەردوو ئەندامی نیژنەکە کاك دڵشاد محمد ئەمین‌و خوشکە هێرو گۆرانیان ئاگادار کرد کە بەرهەمی شبعری خۆیان بەعەرەبی ئامادە بکەن بۆ هاوبەشی مبهەرەجانی ناوبراو .

شاعیرێك‌و (پاشماوە)

وەك لە مێشکەوە .. هەروەها کاك شیرکۆ چیرۆکەکانی کرد بە چەند بەشێکەوەو (کانی ڕەحمانەو دەستەچکۆلانەکە) بە لای ئەوەوە چاکترین چیرۆکی ئەو کۆمەڵە چیرۆکەن لە هەموو ڕوویێکەوە . لە دوایدا وتی ئەو سەرنج‌و بۆچوونانەی من دەربارەی ئەو کۆمەڵە چیرۆکە بە ناتەواویان دادەنێم‌و چیروکەکانی کاك حسین شیاوی ئەوەن کە زۆر کەس لە سەری بدوێن. ئینجا کاك ڕۆوف سەرنجەکانی خۆی خوێندەوەو هەندێ قسەی لە بارەی سەرنجەکانی کاك شیرکۆ دەربڕی‌و بە کورتی باسی پەیوەندی چیرۆکەکانی کاك حسین لە گەڵ چیرۆکەکانی ئالان ڕۆپ کرێ‌و هەمەنگوای کردو ڕوونی کردەوە کە ئەم چیروك نووسانەو بەرهەمەکانیان کاریان کردۆتە سەر حسین عارف‌و کارتێکردنەکەشی لە چیرۆکەکانی ڕەنگی داوەتەوە . لە ڕاستیدا سەرنجەکانی کاك ڕۆوف سەرپێی‌بوون‌و ئێمەو هەموو ئەوانەی کە لە کۆڕەکەدا ئامادەبوون چاوەڕوانی ڕەخنەیەکی زانستانەیان لە ڕۆوف حسن دەکرد بەرانبەر بە چیرۆکانە بەڵام بە داخەوە ئەو ئاواتە نەهاتەدی .

شانۆگەری (پاشماوە)

ئانیا : لەتەمەنی (٤٧) ساڵی‌دایەو بە هەموو واتایەکی سواڵکردن خەریکە ئەبێتە سواڵکەر .. پاش ئەم تەمەنەش ڕوبەڕووی تاڵترین ڕاستی دەبێتەوە کە جوانترین ڕۆژانی ژیانی لەپێناوی خزمەت کردنی مامۆستایەکی ساختەبازو دڵڕەقدا بەفیڕۆداوە ... ئەگەر ئانیا تووشی ئەم مامۆستایە نەبوایە ئەشیا ڕێی لەبەختەوەری بکەوتایە ... ئا بەمە ئانیا دەگاتە بەرپاکردنی شۆڕشە بەکوڵەکەی .

هاویەتی

Institut Kurde de Paris

یەکێتی مان بنکدی تیشکاندوەید بۆئەوانەی تر

« باوەڕمان بەئۆتۆنۆمی هەرگیز لەق نایێ »

سەرۆکی فەرماندە
صدام حسین

● ئەوا ٦ ساڵی ڕەبەق بەسەر ڕاپەڕاندنی یاسای ئۆتۆنۆمیدا لەناوچەی کوردستانی خۆشەویست ڕابوردوو لەماوەی ئەم پێنج ساڵەدا ، دامودەزگاکانی ئۆتۆنۆمی چەسپانو کەوتنە کارکردن بۆ خزمەتی خواست ئاوانەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو لەبەر ڕووناکی بیروباوەڕەکانی شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ تەموزی نەمردا .

● بەم هەنگاوە یەکێتی نیشتمانی گەلی عیراق پتەو بەهێز تر بووە ، لەسەر ڕێڕەوی ڕایەتی هەتاهەتایی کوردو عەرەبداو لەیەک نیشتماندا .

● لەم بۆنە بیرۆزەدا ، پیرۆزبایی لە خۆمان دەکەین ، پیرۆزبایی لەهەموو توانایەکی دڵسۆز کە کاروانی تێکۆشانی کوردو عەرەب لەسەر نەورێڕەوە بەربوە دەبات سەربەستی و سەربەرزی و کامەرانی بۆ گەل و ناوەدانی نیشتمانەکەمان ، عیراقی برادەتی زامن دەکاو .. بۆ پێشەوە .

کاتێک بیردۆزەیەک لەجیهانی منداڵدا دەبێتە ڕاستی

منداڵە ئازیزەکان :

واشەش ساڵە ناوچەی کوردستانی عیراق ، ئۆتۆنۆمی تیا چەسپاوەو لە سایەی ئەم دەستکەوتە مەزنەدا کە ئەنجامی خەباتو تێکۆشانی تێکڕایی گەلی عیراق بە کوردو عەرەبیەوە ولە ئەنجامی شۆڕشی مەزنی ١٧ـ٣٠ تەموزدا بەدی هات ، ئێوەی ئازیزو جگەرگۆشەو مرۆڤی دوا ڕۆژ، زۆر شادمان بوون بەم دەستکەوتەیەو لە سایەی ئەم دەستکەوتەدا ، باوکان کاریان بۆ زیادبوو دایکان شادو بەختەوەر بوون ، قوتابخانەی زۆر کرایەوە ، ئێوەش لە ماوەی کۆڤارو چاپکراوە کوردیەکانەوە زیاتر بایەخ بە ئیستاو پاشە ڕۆژتان دەدرێ .

● سڵاو لە هەموو دڵسۆزی بۆ بەختەوەری ئێوەی نەوەی دوا ڕۆژ هەوڵ دەدا .

جیهانی منداڵان

مندالانی هەلەبجەو ...

جمالاکی هونەرمەندانەی دیار

لەم ڕۆژانەی پێشوەدا تیپەکانی نواندنو موسیقای شەروێو ماملێی منداڵان لەقەزای هەلەبجە بۆ ماوەی چوار ڕۆژ هەلسان بە سازکردنی ئاهەنگێکی هونەری دەربارەی گۆرانیو مۆسیقای کوردیو شانۆگەریەک کە بەڕێزان قائمقامو لێپرسراوانو حەماوەرانی هەلەبجە ئامادەی بوون .

سەرەتا شانۆگەریەک بە ناونیشانی (میرات)ە وە پێشکەش کرا کە ئەمەش لە نوسینی (گیدی کار) و وەرگێڕانی عبدالکریم شێخانیو دەرهێنانی رزگار

صدیقو حکیم صالح ئامادەی کردوەو کاک ڕێبوار احمد علاء ئارایشتی کردوەو کاک هادی فتاح دیکۆری شانۆکەی کێشابو کە لە ڕاستیدا بینەرانی شانۆگەریەکە تێکڕا شایەتیان بۆ سەرکەوتنی ئەم لایەنانە داوەو ئەم ئەکتەرانەش بەو دەورانەی بەرامبەریان بەشداریان لە شانۆگەریەکەدا کرد :

١ ـ بەرزان عین‌الدین لە دەوری مانیلو .
٢ ـ عمر حمە امین لە دەوری جار .
٣ ـ فؤاد حمە فرج لە دەوری جونس .
٤ ـ رزگار صدیق لە دەوری ارنیست .
٥ ـ کاوە صالح لە دەوری سان .
٦ ـ بهاءالدین بکر لە دەوری دادنوس .

٧ ـ شێرکۆ محمد سعید لە دەوری نوسەر .
٨ ـ صلاح علی لە دەوری نراشر .
٩ ـ کامەران احمد لە دەوری ریزی .
١٠ ـ عبدالله حمە لاو لە دەوری مەوض .
١١ ـ عمر علی لە دەوری ادیلو .

شایانی باسە شانۆگەریەکە بە کورتی باسی چاوی ترسیو پلانو نەخشەکێشانو چاڵ هەلکەندنی مرۆڤی بۆ مرۆڤ دەکردو هەلوێستی یاساو دادگای بەرامبەری تیادا پیشان ئەدرا .

پاشان تیپی مۆسیقای هەلەبجە چەند گۆرانیو گۆرانیبێژی لەم ئاهەنگەدا پێشکەش بە ئامادە بوان کرد کە بریتیبون لە (١١) یانزە هونەرمەندی کەسانو ئۆکۆردیۆنو کلارنێتو جازو ئبقاعو سکسافونو بانگوش (دەف) .

هەروەها لە ئاهەنگی ناوبراودا تیپی مۆسیقای

ماملێی منالانی هەلەبجە بە چەند پارچە ئاوازێکی مۆسیقاو گۆرانی هاوبەشیان کرد کە گۆرانی بێژ هەردی نوفیق چەند گۆرانیەکی فۆلکلۆری تیادا پێشکەش کرد .

فریا عبدالله
پ . هاوکاری لە سلێمانی

چاپکراوی نوێ

شیعری نوێو تاقی‌کردنەوە .

لە چاپکراوەکانی ئەمانەنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستانو لە نووسینی شاعیر عبدالله عباس (شەش وتار دەربارەی شیعری نوێو تاقی کردنەوە) دەرچوە کە بریتیە لە چەند لێکولینەوەیەک دەربارەی شیعری نوێی کوردیو لە (٥٤) لاپەڕەی قەوارە گەورەدا .

نالی‌لە کلاوو ڕۆژنەی شیعرەکانیەوە

لە نووسینی مامۆستا محمدی مەلا کریمو بە یارمەتی بەڕێوەبەریتی گشتی خوێندنی کوردی ، لێکولینەوەیەکی ئەدەبی بە ناونیشانی (نالی لە کلاو ڕۆژنەی شیعرەکانیەوە) دەرچووە کە بریتیە لە لێکولینەوەی شیعرەکانی نالی نەمرو لەگەل چەند شیعرێکی بلاو نەکراوەی لە ٩٦ لاپەڕەی قەوارە گەورەدا .

بلاوکراوەی ئۆتۆنۆمی

ژمارەی دووی ساڵی پێنجەمی بلاو کراوەی (ئۆتۆنۆمی) کە ئەنجومەنی باسادانانی ناوچەی کوردستان بە هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی دەری دەکا ، لەم دوایەیدا دەرچوو ، لەم ژمارەیەدا ، دەنگو باسەکانی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیو کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی باسادانانو گەلێ باسو بابەتی تری بە سوود بلاو کراوەتەوە .

وەرزی ڕۆشنبیری بەرێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جاماوەر لەسلێمانی

حمە سعید حمە کریم
پ. هاوکاری لەسلیمانی

● لیژنەی ڕۆشنبیری لەبەرێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر لەسلیمانی کۆبوونەوەیەکی فراوانی کردوو ، لەو خاڵەدا پێداویستیانە کۆلایەوە کە بەشێوەیەکی گشتی وەرزی ڕۆشنبیری داهاتویان لەماوەی ئەم ساڵدا دیاری ئەکات .

١ ـ ئامادەکردنو پێش‌کەش کردنی دود شانۆگەری بۆ سەر شانۆو دور نواندنی تەلەفزیۆنیو دوو نواندنی ئیستگەیی .
٢ ـ کردنەوەو سەرپەرشتی کردنی ٦ پێشانگای هونەری تەشکیلیو فۆتۆغرافی .
٣ ـ ساز کردنو پێکهێنانی ١٠ کۆڕی فراوان بۆ بابەتو باسو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیو هونەریو سیاسیو ڕۆشنبیری گشتی بۆ جەماوەرکە دود کۆڕیان لەتەلەفزیۆندا تۆمار بکەن .
٤ ـ پێک هێنانی دود مبهرەجانی فراوان بەیارمەتی نەقابەی هونەرمەندانی سلیمانی بۆ یاد کردنەوەی ڕۆژی شانۆو مۆسیقای جیهانی .
٥ ـ ڕێکخستنی کاروانو فافلەی ڕاگەیاندن بۆ قەزاو ناحیەو دیهاتەکانی دەوروپشتی سلیمانی بە نیازی گرتنی گۆفراوانو ری پێش‌کەش کردنی شانۆگەریو گۆرانیو مۆسیقاو فلیمی سینەمایی .
٦ ـ هاوبەشی هەمود ئاهەنگەکانی بۆنەو ڕووداوە نیشتمانیو نەتەوەیەکانی وڵات بەپێش‌کەش کردنی جالاکی هونەریو ڕۆشنبیری جۆراوجۆر .
٧ ـ سازکردنو پێکهێنانی چوار ئاهەنگ بەبۆنەی نیشتمانییەو گرنگەکانەوە .
٨ ـ هاوبەشی ئەو مبهرەجانە ڕۆشنبیریەی کە دەزگای ڕۆشنبیریو بلاو کردنەوەی کوردی نیازی وایە لەسانگی چواری داهاتودا لەهەولێر سازی بکات . ئەویش بەبەرهەمی ئەدەبیو ڕۆشنبیری جۆراوجۆر .
٩ ـ کاک فؤاد محمد ئەمین ئەندامی لیژنەی ڕۆشنبیریان ڕاسپارد کە پەیوەندی بە مامۆستا ناصر یوسفەوە بکات بۆ ئەوەی کۆڕێکی جەماوەری فراوانی لەسلیمانیدا بۆ ساز بکەن .
١٠ ـ چوون بەدەم دەنگو داوای کۆمەڵی ڕۆشنبیری کوردی لەبەغدا بۆ پێش‌کەش کردنی شانۆگەریەک لەبارەگای ئەو کۆمەڵە لەبەغدا لەلایەن تیپی هونەری ڕۆشنبیری جەماوەرەوە .
١١ ـ پێشنیاریان کردووە بۆ ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیریو لاوانی ناوچەی کوردستان کە لەنێوان بایەخ دانیان بە ڕێزلێنانی ئەدیبو ڕۆشنبیران .

ڕێز لەم شاعیرو ئەدیبانە بگرنو خەڵاتیان بدەنی (محمد علی مدهۆش) (ع. ح. ب) و (علی عارف ئاغا) .

١٢ ـ پێکهێنانی کۆڕو مبهرەجانی فراوان بۆ یادکردنەوەی هەردوو ئەدیبی بەناوبانگ نجم‌الدین مەلاو ڕەفیق حیلمی . بۆ ئەم مەبەستەش دڵشاد محمد ئەمین ئەندامی لیژنەکەیان

بڕوانە ل : ٧

شاعیرك وچیرۆك نووسێك لە تۆیشووی سەفەریکی سەفت دە دوێن

● زادوق ادم ●

لە چالاکیەکانی یەکێتینووسەرانی کورد لقی هەولێر لە ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕێکەوتی ٢٨-٢-١٩٨٠ یەکێتینووسەرانی کورد لقی هەولێر کۆڕێکی لە بارەی (تۆیشووی سەفەرێکی سەخت)یی چیرۆکنووس حسین عارف)لە هۆڵی (ابن المستوفی)دا بەست ، لە کۆڕەکەداشێرکۆ بێکەسی شاعیرو (ڕۆوف حسن)ی چیرۆک ـ نووس کۆمەڵێ سەرنجیان دەربارەی کۆمەڵەی ناوبراو دەربڕی .

پێزمان پێشکەش دەکات .

شێرکۆ لە سەرنجەکانیدا ئەوەشی ڕوون کردووە کە ئەو کۆمەڵە چیرۆکەی کاک حسین ناوەرۆکو زمانو ڕستەی تازەی چیروکیان پێشکەش کردینو کاتێکیش بە وردی دەخوێنینەوە دەبینین زیاتر لە خاکو مرۆڤو سیمای کوردەواری نزیکەو پاڵەوانەکانی لە ناو جەرگەی کوردستانەوە هەڵبژاردوەو دەستی بۆ چیرۆکی بەفر درێژکردو وتی لە تاقیکردنەوەی چیرۆکنووس دوورەو شارەزایی لە ڕەق نیشتاش لە بەخششی خۆی بەردەوامەو شتی نوێو بە بوونی مرۆڤ لە حاڵەتی بەفر ئارینداا نیە . چونکە ڕەقبوونی مرۆڤ لە ناو گەلیەوە دوست پێ دەکات نە

بڕوانە ل : ٧

لەم کۆڕەدا کە بە وتەیەکی کورتی یەکێتی لە لایەن ممتاز حەیدەریەوە کرایەوەو سامی شۆڕش بەڕێوەی دەبرد زمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیرو نەدەب دۆستانی شاری هەولێرو سلێمانی ئامادە بوبوون . لە سەرەتاوە کاک شێرکۆ بێکەس سەرنجەکانی خۆی خوێندەوەو ڕوونی کردەوە کە ئەو سەرنجانە لە بوجوونی خوێنەرێکەوەیە دەربارەی ئەو کۆمەڵە چیرۆکەو من بە ڕەخنەیان لە قەڵەم نادەمو باسی ڕەخنەی ئیستاو وشەی (ڕەخنەی چەوساندنەوەی) کردو وتی زۆر لە ڕەخنەگرەکانمان قالبی ڕەخنەی بێگانە وەردەگرنو بە سەر بەرهەمی ئیمەدا دەیسەپێنن . لێرەدا باسی سەرەتای نووسینەکانی کاک حسین عارفی کردووتی لە سەرەتای دەست پێ کردنی‌یەوە ئاستی چیرۆکەکانی نزم بوو زیاتر لە خوتبە چیرۆک دەچوو بە هیچ جۆرێکیش لە چیرۆکەکانی ئەو سەردەمەی محرم محمد امین و مصطفی صالح کەریم لە ڕووی هونەری چیرۆکەوە پێشکەوتووتر نەبوون . بەڵام لە دوای ئەمە حسین عارف لەو هونەردا هەنگاوی پێشکەوتوانەی گەورەی ناو وەك چیرۆکنووسێکی بەتوانا تا

جیهانی منداڵان

چیرۆك
بو منداڵان

سەلام مەمنی

پەلە گەنمێك

مام هۆمەر ـ پەلەیەك گەنمی هەبوو .. زۆر دڵی پێی خۆشبوو .. باران‌باری گەنم سەری دەرهێناو گەشەی کرد .. بەڵام ئەو ساڵە درکە کە لەوێ زۆر بوو .. باوەشی بە گەنماکردو کوێری کرد . .

ڕۆژێ گەنم بە درکی وت :

- بۆ چی ئازارم ئەدەیت.. ؟

ئەویش وتی :

- ئەمسال ساڵی درکە کە ئەوییەو دەستت لێنا بارێژێ ..

گەنم بە هێمنیەوە وتی :

- زەرەر ئەکەیت ..

- بۆچی ..؟

- نازانی هێزی مرۆڤ باڵیشتی گەنمە ..

- مرۆڤیش خۆی لە درك ئەبارێژێ ، لە بەر ئەوەی ئەچین بە قاچیانا . . ئەوەتا درکێکی باریك جەقیوەتە قاچی مام هۆمەرو کوتاو ئێیو ناوساوە ..

- خۆت ئەبینیتەوە ..

- لەم هەرەشەو گورەشانە ناترسین .. گەنم بی دەنگ بوو ..

لەم لاشبەوە مام هۆمەر زۆر پەست بوو لە دڵی خۆیەوە وتی : (کار وابڕوات ئەمسال بێ ڕزقو ڕۆژی ئەبین .. باش وایە زوو چارەسەری ئەم بەڵایە بکەین) هات چەند زەلامێکی لەگەل خۆی بردو سەروداسی دایە دەستیانو درکیان پاکژداو لە قەراخی گەنمەکە فڕێیان دان .

گەنم بە دڵێکی پڕ لە خۆشییەوە وتی :

- ئەموت هێزی مرۆڤمان لەگەڵدایە ، بۆچی واتان لە خۆتان کرد .. ؟!

- دڵتان بەوە خۆش نەبێ هێشتا مرۆڕی .

هاوڕێیەکی بەهرەدار :

هەورین

مندالانی ئەنجەلە

عبد الوهاب تالەبانی

لە ڕۆژی کردنەوەی پێشانگا تایبەتیەکەی کچی بەهرەوەر دلفین حسن حسین کە کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی لقی هەولێر بۆی کردبووەوە . کچێکی منداڵی بچکۆلانەی دە ساڵانی سەرنجی ڕاکێشام ، زۆر لە تابلۆکان ورد دەبوەوە ، هەر لەو کاتەدا بوو کە دلفین خان پێی وتم ئەم منداڵە نیگاری جوان دەکێشیو جۆرە بەهرەیەکی باشی تیا بەدی دەکرێ ، لەگەل منداڵەکەدا کەوتمە گفتوگۆ ، خۆی دەستی کردە باس‌کردنی ڕەسمەکانی و باسی ماڵەوەیو قوتابخانەیو وتی :

(من ناوم هەورین محمد فتاحە ، پۆلی چوارەمە سەرەتاییم لە قوتابخانەی کۆماری ... حەز دەکەم ببم بە دکتۆرە بەڵام مامۆستا پێم دەڵێ جارێ هەوڵ بدە لەدەرسەکاناندا سەرکەوەو باش‌بخوێنە بەرە بەرە دەگەیتە هەموو ئارەزوەکانت ... خوشکم وا دەبێتە دکتۆرە بەڵام دەڵێ دکتۆری گرانەو سەعی کردنی زۆری دەوێ ، حەز دەکەم ڕەسم بکەم ، مامۆستا پێم دەڵێ بە پاستیل بیکە باشترە ، بەڵام من هەر بە قەڵەمی ڕەش دەیکەمەو جارو بار ڕەنگیشیان دەکەم .

ڕەسمی جلکی کوردی دەکەم ، چونکە جوانە ، جلکی خۆمانە .. . هی گەرەکەکەمانەو هی هەولێرە (هەورین تانلە یاد بێ ، لەوانەیە ئەگەر هان بدرێ... بێتە ئەستێرەیەك . . . ئەستێرەیەکی گەش .

تەلار تۆفیق

هند سالم

شوان ابراهیم

شەهلا شەهین . هەوگر صالح

شەرمین احمد

جمال احمد

سمیرە احمد

هیڤی محمد

چینان لێ نەکات ..

- مرۆڤ لە ئێوە باڵەوانتر نییە ..

مام هۆمەر چەند منداڵێکی لەگەل خۆی بردو مرۆڤیان هەڵکێشاو لەسەر درکەکان دایان نان .

گەنم وتی :

- ئەمجارە بڕواتان بە هێزی مرۆڤ هەیە ..؟

- یەڵێ بڕوامان پییەتی ، هەر هێزێ سەرپێچی ئەتوانی ئەوان وەك ئێمەی بەسەر بێنی .

مناڵە ئازیزەکان

بۆزاخاوی مێشك

گرەوی ئەمجارە وشەیەکەناری ڕۆژێکی مێژوویە لە ژبانی گەلەکەماندا ، وشەکەلە (١١) پیت پێك هاتووە کە لە بەکارهێنانیاندا ئەم‌ووشانەی تر دروست دەبن :

٨ + ٢ + ٤ + ١٠ =وشەیەکە بۆ وریایی بەکار دێ
٥ + ٦ + ١١ + ٩ =ڕەنگیکی جوانە
١ + ٢ + ١١ = ناوێکەبۆ دۆست بە کاردێ
٣ + ٧ + ٢ + ٥ =مەبەست ...

ئەوەی ژیر بوو ، باوەڵام بنێرێو چاوەڕێین .

Institut Kurde de Paris

ده‌زگای رۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی و
سەرنووسەر
اسماعیل رسول

شەقامی الجمهوریه
مەیدانی الخلانی
ت ٨٨٧٥٧٩٥/٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری

التضامن

رۆژنامەیەکی
هەفتانەیە
٨ لاپەڕە
٢٥ فلسە

لەتوانادا نیە کە ڕەگەرتنی سیاسی لەنێوان عەرەبدا بەدیبێت پێش‌ئەوەی دەرونی‌یانە بێتەدی، بەبێ ئەوەی لەسەر زەمینەیەکی سودو قازانجی ژیانی ڕۆژانەو پێداویستی‌یەکانی بەندبێ .
سەرۆکی فەرماندە
صدام حسین

● دووشەممە ١٧ ی ئاداری ١٩٨٠ ژمارە ٥١٧ ●
● الاثنین ١٧ آذار ١٩٨٠ العدد ٥١٧ ●

سەرۆکی فەرماندە: بەبێ ڕزگاربوونی ئافرەت سەربەستی لەسەرخاکی عیراقدانابێ

وەفدەکان سوپاس وستایشی ئەوەیان دەکەن کە بەرامبەریان کراوە

بەڕێز سەرۆك صدام حسین‌وبەڕێز هاو سەرەکەی پاشـ‌نیوەڕۆی ڕۆژی شەممەی - ڕابوردوو لەکۆشکی ئاشتی‌بانگێشتێکی گەورەی‌نان‌خواردنی نیوەڕۆیان بۆئەو وەفدانە کردووە کەبەشداربی‌ئوهەمین کۆنگرەی گشتی‌یەکێتی‌ی ئافرەتانی عیراقیان کردووە .

سەرۆکی فەرماندە: عیراق بۆ ئەوە هاتوە کە ببەخشێ ندك وەریگرێ

بەڕێز سەرۆکی فەرماندە صدام حسین ئەوەی دووپات کردەوە کە ڕاگەیاندنە نەتەوایەتێکە لە توانایدا هەیە کە بەشداریەکی ڕاستەقینە بکات لەوەدا کەوا لە عەرەب بگات بەتێکڕایی ڕووبەڕوی پلەی هەرە کەمی مەترسی‌یە هاوبەشەکانیان ببن‌و ئەرکی بنیات نانی هاوبەشیان هەنگرن .

بەڕێز سەرۆکی فەرماندە لە گفتوگۆیەکدا کە بۆ بەڕێزان وەزیرانی کاری عەرەبی کردبوو لەو بانگێشتنی قاوەتی‌یەدا کە بەڕێز سەرۆك بۆڕێزلێنانیان لەکۆشکی کۆماری کردبوون‌وتوویەتی .. یەك بوونی سیاسی لەناو عەرەبدا لەدەست نایەت بەرلەوەی لەدەروونیدا وەدی نەیەت وە بەبێ ئەوەی لەسەر بنکەی زەمینەیەکی بەرژەوەندی ژیانی ڕۆژانە و پێویستی‌یەکانی بنیات نەنرێت .

بەڕێز سەرۆك صدام حسین هەروەها وتوویەتی.. ئێمە نامانەوێت.. وە بەهەموو قسە لەڕووی‌یەکەوە .. وە بەبێ ترس کە لەسەر حسابی بەشی نەتەوەی عەرەب بەشێك بدەین بەکەس ئێمە دەمانەوێت نیشتمانی عەرەب وەك خاك‌و گەل‌و کەلەپورو سەرفرازی‌و سامان بە تەنیا بەشی نەتەوەی عەرەب بێ

هەروەها بەڕێزیان وتی .. وە بۆ ئەوەبی نەتەوەی عەرەب یەك بگرێت پێویستەنبانی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و سیاسی هاوشان بەیەك ڕادەی بەرامبەر بڕۆن . . پارێزگاری کردنی سەربەخۆی‌و دەسەڵاتی وڵاتانی عەرەب پێویستی بەتوانا هەیە .. ئەو لەبنچینەدا لە ڕادەی پەرەسەندنی تەکنیکی‌و زانستی دا هەیە .

بەڕێز سەرۆك دەست نیشانی ئەوەی کردووە کە سەربەخۆیی هەر وڵاتێکی عەرەب نەك بەفەدەر ئەوەی دەیەوێت .. بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا بەرادەی ئەو زانست‌و تەکنیکەیەکە پێی گەیشتووە تاوەکو توانست بەتوانای زانستی‌یەوە بەهێز بێت بۆ جێ‌بەجێ کردن .

دەقی تەواوی قسەکانی سەرۆکی فەرماندە لەلاپەڕە ٢، ٣، ٤، ٥، ٦ دا بخوێنەرەوە

هێزە سیاسی یەکانی مەغریب لایەنگیری ڕاگەیاندنە نەتەوایەتی یەکە دەکەن

وەفدی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی لە مەغریب بە سەرۆکایەتی هاوڕێ مەجید عاید بەڕێوەبەری مەکتەبی فەلەستین‌و خەباتی چەکدار لە سەرکردایەتی نەتەوایەتی بەردەوامە لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ بارت‌و هێزە سیاسیەکانی‌مەغریبدا .

ئەوە بوو وەفدی حزب ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابوردوو لەگەڵ بەڕێز عبدالله ابراهیم ئەمینداری گشتی‌ی پارتی یەکێتی‌ی نیشتمانی هێزە میللی‌یەکان بە یەکگەیشتوە کە لایەنگیری‌یی تەواوی خۆی بەرامبەر ئەو ڕاگەیاندنە نەتەوایەتی‌یە نیشان‌داوە . بەڕێز سەرۆك صدام حسین ڕایگەیاندووە قابلن بەوەی هاوبەشی ئەو کۆنگرە نەتەوایەتی‌یە میللی‌یە عەرەبی‌یە بکەن کە لە بیست‌و پێینجی ئەم مانگەدا دەبەسترێت .

هەر وەك سەر لە بەیانی ڕۆژی هەینی ڕابوردوو چاوی بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یارتی پێشکەوتن‌و سۆشیالیستی کەوتووەو ئەندامانی مەکتەبەکە لایەنگیری تەواوی خۆیان بەرامبەر ئەو ڕاگەیاندنە نەتەوایەتی‌یە نیشان‌داوە کە بەڕێز سەرۆك صدام حسین ڕایگەیاندووە قابلن بەوەی هاوبەشی ئەو کۆنگرە نەتەوایەتی‌یە میللی‌یە عەرەبی‌یە بکەن کە لە بیست‌و پێینجی ئەم مانگەدا دەبەسترێت .

هەر وەك نوێنەرانی حزب چاوی بە نوێنەری چەند کۆمەڵە وڕێکخراوە میللیکان کەوتووە کە هەمووبان ستایشی ڕاگەیاندنە نەتەوایەتێکەیان کردووە بەو پێی‌یەی لە چاکەی نەتەوەی عەرەب هەموویانە وەئەوەشیان دووپات کردۆتەوە کە ڕاگەیاندنەکە هەموو هێزە میللی‌یەکان بە فراوانی لایەنگیری خۆیانیان بەرامبەر نیشان داوە هەموو هێزەمیللی‌و پارتیکانی مەغریب لایەنگیری تەواوی ئەو ڕاگەیاندنەو وەفدەکەی حزب ڕاگێشتنی ئامادە بوونی پشکەشی ئەو هێزە میللیانەی مەغریب کردووە بۆ بەشدار بوون لەو کۆنگرەیەدا .

سویا خۆی بە زانکۆی ئەنفەرەدا دەکات

ڕۆژی هەینی ڕابوردوو کۆمەڵێك لە هێزی سوپای تورکیا لە ئەنقەرە هێرشیان بردۆتە سەر زانکۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هۆی ئەو خۆنیشاندانەوە کە قوتابیان لە ناو زانکۆکەدا کردبوویان سەرچاوە ئاگاداراکان لە ئەنقەرە باسی ئەوەیان کردووە کە هێزەکانی سوپا خۆیان بە ژووری زانکۆدا کردووەو چەند قوتابیەکیان گرتووە .

وەلە لایەکی ترەوە یەکێك لەوانەی سەر بەنیقابە یەسارێکانن لە شاری غازی عەنتاب کوژراوە ، بە هۆی ئەو تەقانەوە کە چەند کەسێکی نەناسراو لێیان کردووە .

میسر زرێلی لە ئەمەریکا وەردەگرێت

وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا بە شێوەیەکی ڕەسمی بە کۆنگریسی ڕاگەیاندووە کە نیازی وایە ٢٤٤ زرێلی قورسی لە جۆری (ئەم تی ٦٠) بدات بە ڕژێمی سادات. وەزارەتی بەرگری لە بەیاننامەیەکدا ئەوەی دووپات

بڕوانە ل : ٧

نتررا وێکی ژاپۆنی سەر لە عیراق دەدات

ماسایوشی ئوهیرا سەرەك وەزیرانی ژاپۆن ئەوەی ڕاگەیاندووە کە وەفدێکی‌تر بۆ نیشتمانی عەرەب دەنێرێت بۆ ئەوەی سەر لەو وڵاتە عەرەبانە بدات کە نێراوەوەکەی لەمەو بەری سوناو سونودا سەری لێ‌نەدابوو .

ئوهیرا وتوویەتی سابوری ئاوکیای وەزیری دەرەوەی ژاپۆنی ڕاسپاردووە بۆ ئەوەی کەشتی ئەم نیراو نوێیە پێك بهێنێ کە سەر لە ئوردن‌و کوێت‌و عیراق دەدات . ئەوە بوو سوناو سونادا بەکەم نیراوی ئوهیرا ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابوردوو گەیشتەوە توکیو پاش تەواوکردنی گەشتی کە لە ماوەی ئەو گەشتەدا سەری دابوو لە شەش لە وڵاتانی عەرەب .

عەرەفات سەر لەپێنج دەوڵەتی عەرەب دەدات

هەواڵە ڕۆژنامە نووسێکانی کوێت ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو هەواڵی ئەوەیان بڵاو کردۆتەوە کەبەڕێز یاسر عەرەفات سەرۆکی لیژنەی ڕاپەڕاندنی ڕێکخراوی ڕزگاریی فەلەستین لەماوەی ئەم مانگەدا لەچوار چێوەی ئەوگەشتەدا کەدەیکات سەر لە پێنج دەوڵەتی عەرەبی دەدات کەئەو دەوڵەتانەش بریتین لە ئوردن‌و سعودیەو دەوڵەتی میرنشینە یەکگرتوکانی عەرەب و وەتەر .

ڕۆژنامەی (القبس) لەسەرزمانی هەندێ سەرچاوەی ئاگاداری فەلەستینی هەواڵی ئەوەی ڕاگەیاندووە کەعەرەفات لەم گەشتەیدا لەگەڵ کاربەدەستانی ئەودەوڵەتانەدا لەباسی دوا پەرەسەندنی مەسەلەی فەلەستین دەکۆڵێتەوە لە گەڵ ئەنجامی ئەوسەردانەی ئەمدوایەی سەرۆکی فەرەنسا کەلەچەند دەوڵەتێکی عەرەبی دابوو .

چەند کەشتیەکی بەریتانیا سەر لە تورکیا دەدات

ڕۆژی هەینی ڕابوردوو چوار کەشتی بەریتانیا گەیشتوونەتە بەندەری ئەستەمبول لە سەردانێکی تورکیایاندا کە پێنج ڕۆژ دەخایەنێت . ئەو بەیاننامەیەی هەینی ڕابوردوو لە ئەنقەرە دەرچوو باسی ئەوەی کردووە کە گفتوگۆ لەگەڵ کاربەدەستە تورکەکاندا دەکرێت بۆ بەرەپێدانی پەیوەندی هێزی دەریایی لە نێوان هەردوو وڵاتدا .

چاوەڕوان کردنی بەرپاربوونی شەڕێکی بازرگانی لەنێوان ئەوروپاو ئەمەریکاو ژاپۆنەدا

کۆڤاری « کاتی نوێی » سۆڤیاتی نوقلانەی ئەوەی ئاداوە کەچلەمە یاشەڕێکی بازرگانی توندوو تیژ لەنێوان وڵاتانی بازاری هاوبەشی ئەوروپاو وڵاتە یەکگرتوکانی ئەمەریکاو ژاپوندا لەماوەیەکی نزیکی داهاتوودا بەربابێ ئەمە لەو تەعلیقەدا هاووە کەگۆڤارەکە دەربارەی دۆخی ئابووری جیهانی نووسیوێتی‌و ئەوەی دووپات کردۆتەوە کەبەربەرەکانیەکی

بڕوانە ل : ٧

جێگری یەکەمی سەرەك وەزیران هاوی بە وەزیری کشتوکاڵی سۆماڵی دەکەوێ

بەڕێز طه یاسین ڕمضان‌ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش جێگری‌یەکەمی سەرەك وەزیران پاش نیوەڕوی ڕۆژی شەممەی‌ڕابوردوو لەبارەگای ئەنجومەنی نیشتمانی پێشوازیی بەڕێز احمد حسن وەزیری کشتوکاڵ وجاکردنی کشتوکاڵی سۆماڵی کردووە . لەوچاوپێکەوتنە دا باسی‌یەبوەندی هاوکاری نێوان هەردوو وڵاتی دۆست‌وهاوبەشی کردنی عێراق لەجێبە جێکردنی هەندێ پڕۆژە لە سۆماڵدا کراوە . لەو چاوپێکەوتنەدا بەڕێز عامر مهدی صالح وەزیری کشتوکاڵ وچاك‌کردنی کشتوکاڵ وباڵوێزی سۆماڵ لەبەغدا ئامادە بوون .

گەشتی جێگری دەزگاکەمان لەناوچەی توتونۆمی

لە پێناوی خۆ ئامادەکردنێکی تەواوی میهرجانی ڕۆشنبیری‌دا ، کە دەزگاکەمان‌دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاو کردنەوەی کوردی لە ٢٠-٢٤ی‌مانگی نیسانی داهاتودا لە هەولێرا ئەیسازێنێ ، لیژنەیەك بۆ ئەو مەبەستەو بە سەرۆکایەتی مامۆستا علی الحلی ، جێگری بەڕێوەبەری گشتی‌دەزگاکەمان سازدراو بۆ ماوەی شەش ڕۆژی ڕەبەقی‌یی لە کارو جوڵانەوەو دیدارا ، گەشتێکیان بە کوردستانا کردو لە تەك بەشێکی باشی ئەدیب‌وڕۆشنبیرو هونەرمەندانی کوردو مەسئولەکانی ناوچەی‌ئۆتۆنۆمی‌دا ، کەوتنە گفتوگۆو لە هەمو لایەنێکی‌میهرجانەکەو سەرخستنی میهرجانەکە دوان ، بەنایبەنیش لە لایەنی بەشداری کردنی ئەدیبان‌و یەکێتی‌نووسەرانی کوردوتیبە هونەریەکانەوە .

لە ڕاستیدا ، ئەو دیدارەگەلێ گیروگرفتی لە بەردەم میهرجانەکە تەخت کردو لەهەمان کاتیشا گەلێ بێشنیازی وردو لەبارو شیاو بۆ سەرخستنی ئەو میهرجانە هەڵخراوئەنجامەی بوو بەمایەی ئومێدو دڵخۆشیەکی گەورەی‌هەمو لایەك .

ئەوەی شایانی باسیشە بێت ، کەرەستەو بابەتەکانی میهرجان بە سێ بەشی(شیعر - چیرۆك - لێکۆڵینەوەی هەمەچەشن) دابەشکراوە ، هەر بەشێکیش لیژنەی هەڵسەنگاندنی تایبەتی بۆ دانراوە .. ئەمەو سەرباری ئەمەیش پێشانگایەك‌بۆ (کتێبی کوردی) و پێشانگایەکی تر بۆ (پۆستەری‌شیعر) لە ڕۆژانی میهرجانا ئەسازێنرێ . .نماز خوازین هەمو توانایەك بۆ سەرخستنی ئەم پەیامەبکەونە هەوڵو ڕەنجی بەردەوام .

کوردەکان بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمان ناکەن

وەکیلی وەزارەتی ناوخۆی‌نیران ئەوەی ڕاگەیاندووە کە سارەکانی سیرجان‌و سنەونەغەدەو سەقزو بانە مەریوان بەهارو هەمەدان‌بەشداری ئەو هەڵبژاردنەیان نەکردووە کە ڕۆژی هەینی‌ڕابوردوو کراوە .

لە ڕاگەیاندێکدا کە ئیستگەی ڕادیوی ئیران بڵاوی کردۆتەوە باسی ئەوەی کردووە کە باسەوانەکانی خومەینی پتر لە سەد کەسیان گرتووە بە هۆی ئەو ناڕەزا بوونەوەی بەرامبەر هەڵبژاردنەکانی شارەکانی تری ئیران دەریان بڕیوە ، بە سەدان لە هاووڵاتیانی کورد لە شاری سنە ڕۆژی هەینی ڕابوردوو لە مزگەوتی گەورەی ئەو شارەدا مانیان گرتووەو بڕیاری ئەوەیان داوە کە بۆ ماوەی ڕۆژێك نان نەخۆن . ئەم مانگرتن‌و نان نەخواردنە بە هۆی ئەو کردەوە ڕەگەزپەرستی‌یەوەیە کە حکومەتی ئیران دینوێنێت .

وەفدێکی سەربازی سوریا سەر لە بیروت دەدات

سەرچاوە لبنانیکان‌ڕۆژی هەینی ڕابوردوو لە بیروت هەواڵی ئەوەیان بڵاوکردۆتەوە کە ئەم هەفتەیە وەفدێکی سەربازی سوریایی‌دەگاتە بیروت بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ کاربەدەستە لبنانیکاندا‌سەبارەت پەیوەندی نێوان هەردوو سوپای سوریا‌و لبنان .

وەوتوویانە کە دیدەنی سەربازی لبنانی‌و فەلەستینیش لە ماوەی دوورۆژی داهاتوودا دەکرێت

ئێران

ئیتالیا چەك بۆ ئێران بەڕێدەکات

هەندێ سەرچاوەی ڕەسمی ئەوڕۆما ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە حکومەتی ئیتالیا بڕیاری ئەوەی داوە کەسەر لەنوێ چەك‌و پارچەی یەدەك بۆفڕۆکەی هالیکۆپتەر بەئیران بفرۆشێتەوە ئەوە بوو ئیتالیا لەودەمەوە کەفوتابیانی سەربە خومەینی باڵوێز خانەی ئەمەریکایان گرتبوو بڕیاری ئەوەی‌دابوو کەچەك نادن بۆئیران ڕاگرێت .

Institut kurde de Paris

دەقی قسەکانی سەرۆکی فەرمانڕەوا صدام حسین لە گەڵ وەزیرانی کاری عەرەبدا

ئامادەین ئەستۆمان بخەینە ژێر پێی عەرەب بەڵام ئامادەنین تاکە پەنجەیەکی پێی مانە بخەینە ژێر پێی بێگانەوە

کاتێك لاو بووین لە قوتابخانە ئامادەیەکاندا ئاواتمان ئەخواست کە ئەم رومانتیکی‌یە سیاسی‌یە لەبیری لاوەکانمان نەچێتەوە ئێستا مانای ئەوە ئەگەیەنێ کە سود بەخشە ... ئێمە رای بۆ دەچوویـن کە یەکگرتنی عەرەب زۆر نزیك بۆتەوە .. ئەو کاتە جۆرە بۆچوونێکمان هەبوو لەبارەی سیاسەتەوەو ئێستاکە بۆ چوونی ترمان هەیە کە بە پێچەوانەوە نی‌یە بەڵکو ڕێگای ترە کە سیاسەتو دەربڕینەکانی تێدا دەبینین... لەمانە بایەخی ئەوەمان نەدەزڵنی کە عەرەب لەسەر ئەم ئاستانە بەیەك بگەن بەبێ گوێدانە ئەو ئەنجامانەی لەم جۆرە بەیەك گەیشتنانە دێنە کایەوە جا ئەنجامەکان گەورەبن یاخود بچوك بن گشت لایەك قایل بکەن ئەگەر هاتوو هەموو یەکێك لەئەوان بەتەنیا بریاری دابایە یاخود بە ریککەوتن قایلی دەکردن ، بەڵام ئێستا وامان لێ‌هاتو لەو باوەڕەشردام کە هەمووتان واتان لێ‌هاتوە دەزانن کە ئەم جۆرە بەیەك گەیشتنانە لەنێوان عەرەبدا چەند بەسودن ئەو گەرچی تەنانەت بۆ لێکۆڵینەوەی مەیدانی‌ی ڕاستەوخۆی گیروگرفتەکانی هەندێکیان بێ‌و بۆ شارەزابوون لەگیروگرفتەکانی هەندێکی‌تر .

لەتوانادا نی‌یە کە یەکگرتنی سیاسی لەنێوان عەرەبدا بەدی‌بێت پێش‌ئەوەی دەرونی‌یانە بێتەدی‌و بەبێ ئەوەی لەسەر ڕەمبەیەکی سودو قازانجی ژیانی ڕۆژانەو پێداویستی‌یەکانی بەندبێ .. کاتێك دەڵێین یەکگرتنی عەرەب مەبەستمان ئەوە نیەکە یەکگرتنی عەرەب بخەینە چوار-چێوەیەکی لێکدانەوەی بیری‌یانە بەڵکو مەبەستمان هەر یەکگرتنێکە کە عەرەب بیەوی‌و دەرگای بەردەسەندنی سیاسی و دەستوریشی لەگەڵ ڕۆژگاردا بۆکراوەو ئاوالە دەبێ‌و . وبستی چاکە خوازیش لەهەر شوێنێکدا بێ بەتوانایە بۆ ئەوەی ساڵ لەدوای ساڵو ئەوە دوای ئەوە بۆ پەرەپێدانی هاوکاری بکەین .

بیروباوەڕەکانی ڕاگەیاندنەکە

بەم پێیە لەم ڕاستەقینانەو لەڕاستەقینەی ترەوە ئێمە گیروگرفتەکانی ئەتەوەی عەرەبمان دەبینی‌و ئیجتیهادمان کرد ئەك لەڕابەندی عیراقی‌یەوە بەڵکو لەمەوقیعی عەرەبی‌یەوە چونکە ڕاگەیاندنە هەشت خاڵی‌یەکە ئەتوانی بە باشی بەشداری بکات لەوەدا کە عەرەب لەڕادەی هەرەکەمبەد بەیەکەوە بن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی مەترسی‌یە هاوبەشی‌یەکان‌و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەرکی دامەزراندن بەیەك دەستو بابلێین بەئەقڵ لەو سنورە بنیات دەنێنین کەتێیدا بەیەك دەگەین ..

بنەڕەتەکانی ڕاگەیاندنە هەروك چاوتان پێیان کەوت سادەو ڕەوانن‌و شتی ئاڵۆزیان تێدا نی‌یە ... عەرەب لەدژی یەکتری چەك هەڵنەگرن ... بێگومان ئێمە ئەو عەرەبە وەدەر دەنێین کە دەیەوێ چەکمان لێ‌هەڵگرێ با هەڵی‌گرێ‌و مەبەستیش لەمە عیراق نی‌یە بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە هیچ هەرێمێك لەهەرێمێکی تر چەك هەڵنەگرێ کەلە توانادای نەبێ‌و خۆی بخاتە باوەشی بێگانەوە ... ئەوی کەوای بۆ دەچێ ئەم بیروباوەڕە لە پێناوی عیراقدا دانراوە من پێی دەڵێم و من سەرۆکی دەوڵەتی عیراقم ... ئەو عەرەبەی توانای ئەوەی هەیە چەك لەئێمە هەڵگرێ با بیکات ئەم بیروباوەڕە ئازار بەخشە .. ئەمە بێ‌گومان بۆ عەرەب‌و ئێمە باوەڕمان بەمە نی‌یە ... باوەڕمان بەوە نی‌یەکە عەرەب مافی‌ئەوەیان هەیە چەك لە ئێمە هەڵگرن‌و ئەوەی وای بۆ دەچێ کە ئەم بیروباوەڕە بۆعیراق دانراوە کەوا ئێمە ئامادەین بۆی مۆرکەین کە ئەگەر توانای سوپایی هەیە هێرشمان بکاتە سەر بابیکات .

عیراق لایەنگیرە

ئەمە مەبەست نی‌یە .. عیراق لەم خالە بە دەرە. مەبەست نێوان ئەردەن‌و سوریایە .. نێوان ئەردەن‌و سعودی‌یە .. نێوان یەمەن‌و یەمەن .. نێوان سعودیەو یەمەن ... نێوان جەزایرو لیبیا .. نێوان لیبیاو تونس و بەم پێیە عیراق ئامادەیە پابەندی ئەمە بێ بەرامبەر بە عەرەب‌و بەڵام ئامادەشە کە ڕێگا بدات بەو عەرەبانەی کە توانای سوپاییان هەیە عیراق داگیر بکەن .. ئێمە بەرامبەر بەمە هیچ جۆرە ڕێیەك ناگرین .

عیراق بۆ ئەوە هاتوو کە بەبەخشێ نەك وەربگرێ‌و .. گرانیشە هەموو کەسێك لەم بیروباوەڕانە بگات چونکە پێویستی‌یان بە قوربانی‌دان‌و ئازایەتی نائاسایی هەیەو مرۆڤ داوای لێ‌نەکراوە کە تەنیا بەشمشێر ئازابێ بەڵکو بە بیرو بگرە هەندێ جار ئازایەتی بیر لەئازایەتی شمشێر پێشکەوتووترە .

خۆمان بۆ یارمەتی دانی عەرەب دادەنێین

بنەڕەتەکەی تر ئەوەیە کە لە باری ئابوری‌یەوە یارمەتی یەکتری بدەین ... بە باوەڕی من ئێوە دەزانن کە لەم بنەڕەتەدا ئامانەوێ یارمەتی ئابوریمان بدرێ بەڵکو خۆمان دادەنێین بۆ یارمەتی دان ئەگەر عەرەبەکان بە یارمەتی لە ئێمە وەرگرتن ڕازی بن و لەمەوە تەنیا لەو بیروباوەڕە نەتەوەییانەوە هەنگاو ناهاوێژین کە وەك پێمونی لە قوتابخانەی ئامادەییەوە بڕوامان پێیانە ... بەڵکو سەرەڕای ئەمانە لەهەڵسەنگاندنێکی بابەت گری‌یەوە هەنگاو دەهاوێژین بەرامبەر بە حاڵی نەتەوە دوای بیست ساڵو لەمانە وڵاتە خاوەن پترۆڵەکان ... ئەگەر واقیعی‌بین‌و بە ڕەوانی سەرنجی شتەکان بدەین ئەڵێین تەنانەت دەوڵەتە خاوەن پترۆڵەکان ئەگەر لە بنیات نانەدا لەمەیدانی کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیری‌و ئابوری‌و سیاسی‌و سوپایی‌و زانستی‌یەوە بە ئاستی بەرازیل نەبن لەچاو یەکێتی سۆڤیەتدا ... دوای بیست ساڵ لەگەڵ حیساب کردنی جیاوازیی بەرەسەندن لەچوار چێوەی بیست ساڵدا سەبارەت بە یەکێتی سۆڤیەت‌و ئەمەریکا ... ئەوا ئەتەوەی عەرەب هەر بە ژێر دەستەیی دەمێنێتەوە ... چونکە پیترۆل ، عیراقیش لەو دەوڵەتانەی دوایە کە پیترۆلی تێدا دەمێنێ ..

بەم ڕادەیەی بە ڕهەم هێنانە یاخود تەنانەت ئەگەر بەرهەمەکەش بێ بە دوو ئەوەندە .. بەڵام بە بۆچوونی من دوای ساڵی ، جیهان ڕوو دەکاتە لە بری‌یەکی نوێ بۆ وزە .

نرخی نەوت‌و دامەزراندنی ئەتەوە

لە مەولا نرخی نەوت ، تەنانەت ئەوەی کە لە بیرەکانی‌دا نەوت دەمێنێتەوە،لە نرخی خەلوزی بەردینی ئێستاوە نزیك دەبێ لە چاو پیترۆڵ ئەگەر لە ماوەی بیست ساڵدا بە تواناو هێزەوەو بەو ڕێ‌و شوێنەو نموونەیەی کە دامانە دەست نەتەوە بنیات نەنرێ ، ئەو کات حوکمی ئەوەی بە سەردا دەدرێ کە سەدان ساڵ چاوەڕێ بکات .... دۆخی هەموو جیهان دەگۆڕێ بۆ ئەوەی دەرفەتی نوێ‌ی نە بەردەمدا بڕەخسێ .

ئەو کاتە بە ژێر دەستەیی دەمێنێتەوە تەنانەت ئەگەر هەر یەکێك لە ئێمە خۆی بە حاکمێك دانا کە لەسەر تەخت دانیشتوەو فرمان بە سەر خەڵك دا دەکات بەڵام ئەو کاتە هەر لە دەردوە فرمانی ئەدرێتی چونکە ئەم چەرخە ، چەرخێکە سەربەخۆیی نەتەوەکان لە سەر بنەڕەتی ئەوەی دەیەوێ پێوانە ناکرێ بەڵکو لەسەر بنەڕەتی ئەوەی کە لە توابایدایە ... لە توانادا بوون مەرجی بنەڕەتی بە کارهێنانی ماف‌و سیادەو سەربەخۆییە ... ئێمە لەوە ناترسین کە عیراق دوای بیست ساڵی‌تر لەو ئاستەدا دەبێ کە باسم کرد یاخود بەرزتر .. بەڵام ئەمە بەس نی‌یە بەڵام نرخو بابەخی عیراق چی‌یەکە بەشێك دەبێ لە نەتەوەیەکی دواکەوتوو تەنانەت ئەگەر خۆی پێشکەوتوش بێ ... بگرە چۆن دەتوانین ئەوە مسۆگەر بکەین کە نەخۆشی دواکەوتویی لە یەك نەتەوەدا بۆ یەك بەشی ناچێ کە دواکەوتو نی‌یە یاخود بۆ پێنج بەشی پێشکەوتوو ١٧ بەشی دواکەوتوو .. کاتی وەهانی‌یە .. لە وانەیە یەکێك لە جەزایر بڵێ ئێمەیش پاش بیست ساڵی تر وەها پێشدەکەوین ..

بەڵام پێی دەڵێین ئەگەر لیبیا پێش‌نەکەوێ ئەوا لە پاشەڕۆژدا ئەرکی نەتەوەیی پێ‌ئەسپێردرێ ، بیابانی بێ ئەوتی تێدا دەبێ تا پێداویستی‌یەکانی بەردەوام بوونی .. دوای بیست ساڵ بە عیراق دەڵێین ئەگەر وەك عەرەب وەك ئێستا بمێنێتەوەو عیراقیەکانیش ئەوا لە خلیج لە بیابانی بێ‌پێداویستی بەردەوام بوونی بنیات نانی ئابوری ئەرکی نەتەوەییتان پێ‌دەسپێردرێ‌و ئەمەش سعودیە دەگرێتەوەو وڵاتانی تری عەرەب دەگرێتەوە بۆیە ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەرکی نەتەوەیی عیراق بە پێی بیروباوەڕەکان‌و ئەرکی جەزایر بە پێی بیروباوەڕەکان‌و سعودی‌یەو یەمەن‌و کوێت‌و ئەرکی سەرشانیان بەرامبەر بە ئاراستنی سەربەخۆیی‌و سیادەیان لە دنیادا پاراستنی سەربەخۆییان مەسەلەی لە دەستهاتنەو دەستڕۆشتن لە بنەڕەتدا لە تەکنیکی‌و زانستی‌دا هەیە .

وامان لێ هاتووە دەڵێین ئەم هەرێمە سەربەخۆیە نەك بەو ڕادەیەی کە ئەیەوێ بەڵکو سەرەڕای ئەمە بەو بڵەو ئاستەی زانستو تەکنیکەی کە پێی‌گەیشتووە بۆ ئەوەی ویست بە توانای کردەوەیی بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی پشت قایم بێ‌و کاتێك دەمانەوێ نەتەوەیەکگرتووبێ‌و .. من وای بۆ ئەچم کە عەرەبێك نەبێ کە ئەگەر لە سوڵتە دابێ یان لە ڕیزی گەلدا و لێ‌پرسی‌و نەلێ بەلێ پێویستە بنیات‌نانی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و سیاسی بەئاستێکی بەرامبەر بەرەوپێش بچن بۆ ئەوەی بەکبگرێ ئەگینا چۆن ئەتوانرێ نەتەوەیەك یەکبگرێ کەدوای بیست ساڵی‌تر خەڵکی تێدابێ بەئاستی بەرازیل نە چاونەمەریکاداو خەڵکی تریش تەنیا خەنجەرو تفەنگیان پێ بێ واتە چۆن چێوەی بیست ساڵدا سەبارەت بە یەکێتی سۆڤیەت‌و ئەمەریکا ... ئەوا ئەتەوەی عەرەب هەر بە ژێر دەستەیی دەمێنێتەوە ... چونکە پیترۆل ، عیراقیش لەو دەوڵەتانەی دوایە کە پیترۆلی تێدا دەمێنێ ..

بەم ڕادەیەی بە ڕهەم هێنانە یاخود تەنانەت ئەگەر بەرهەمەکەش بێ بە دوو ئەوەندە .. بەڵام بە بۆچوونی من دوای ساڵی ، جیهان ڕوو دەکاتە لە بری‌یەکی نوێ بۆ وزە .

نرخی نەوت‌و دامەزراندنی ئەتەوە

لە مەولا نرخی نەوت ، تەنانەت ئەوەی کە لە بیرەکانی‌دا نەوت دەمێنێتەوە،لە نرخی خەلوزی بەردینی ئێستاوە نزیك دەبێ لە چاو پیترۆڵ ئەگەر لە ماوەی بیست ساڵدا بە تواناو هێزەوەو بەو ڕێ‌و شوێنەو نموونەیەی کە دامانە دەست نەتەوە بنیات نەنرێ ، ئەو کات حوکمی ئەوەی بە سەردا دەدرێ کە سەدان ساڵ چاوەڕێ بکات .... دۆخی هەموو جیهان دەگۆڕێ بۆ ئەوەی دەرفەتی نوێ‌ی نە بەردەمدا بڕەخسێ .

ئەو کاتە بە ژێر دەستەیی دەمێنێتەوە تەنانەت ئەگەر هەر یەکێك لە ئێمە خۆی بە حاکمێك دانا کە لە سەر تەخت دانیشتوەو فرمان بە سەر خەڵك دا دەکات بەڵام ئەو کاتە هەر لە دەردوە فرمانی ئەدرێتی چونکە ئەم چەرخە ، چەرخێکە سەربەخۆیی نەتەوەکان لە سەر بنەڕەتی ئەوەی دەیەوێ پێوانە ناکرێ بەڵکو لەسەر بنەڕەتی ئەوەی کە لە توابایدایە ... لە توانادا بوون مەرجی بنەڕەتی بە کارهێنانی ماف‌و سیادەو سەربەخۆییە ... ئێمە لەوە ناترسین کە عیراق دوای بیست ساڵی‌تر لەو ئاستەدا دەبێ کە باسم کرد یاخود بەرزتر .. بەڵام ئەمە بەس نی‌یە بەڵام نرخو بابەخی عیراق چی‌یەکە بەشێك دەبێ لە نەتەوەیەکی دواکەوتوو تەنانەت ئەگەر خۆی پێشکەوتوش بێ ... بگرە چۆن دەتوانین ئەوە مسۆگەر بکەین کە نەخۆشی دواکەوتویی لە یەك نەتەوەدا بۆ یەك بەشی ناچێ کە دواکەوتو نی‌یە یاخود بۆ پێنج بەشی پێشکەوتوو ١٧ بەشی دواکەوتوو .. کاتی وەهانی‌یە .. لە وانەیە یەکێك لە جەزایر بڵێ ئێمەیش پاش بیست ساڵی تر وەها پێشدەکەوین ..

بەڵام پێی دەڵێین ئەگەر لیبیا پێش‌نەکەوێ ئەوا لە پاشەڕۆژدا ئەرکی نەتەوەیی پێ‌ئەسپێردرێ ، بیابانی بێ ئەوتی تێدا دەبێ تا پێداویستی‌یەکانی بەردەوام بوونی بنیات نانی ئابوری ئەرکی نەتەوەییتان پێ‌دەسپێردرێ‌و ئەمەش سعودیە دەگرێتەوەو وڵاتانی تری عەرەب دەگرێتەوە بۆیە ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەرکی نەتەوەیی عیراق بە پێی بیروباوەڕەکان‌و ئەرکی جەزایر بە پێی بیروباوەڕەکان‌و سعودی‌یەو یەمەن‌و کوێت‌و ئەرکی سەرشانیان بەرامبەر بە ئاراستنی سەربەخۆیی‌و سیادەیان لە دنیادا پاراستنی سەربەخۆییان مەسەلەی لە دەستهاتنەو دەستڕۆشتن لە بنەڕەتدا لە تەکنیکی‌و زانستی‌دا هەیە .

وامان لێ هاتووە دەڵێین ئەم هەرێمە سەربەخۆیە نەك بەو ڕادەیەی کە ئەیەوێ بەڵکو سەرەڕای ئەمە بەو بڵەو ئاستەی زانستو تەکنیکەی کە پێی‌گەیشتووە بۆ ئەوەی ویست بە توانای کردەوەیی بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی پشت قایم بێ‌و کاتێك دەمانەوێ نەتەوەیەکگرتووبێ‌و .. من وای بۆ ئەچم کە عەرەبێك نەبێ کە ئەگەر لە سوڵتە دابێ یان لە ڕیزی گەلدا و لێ‌پرسی‌و نەلێ بەلێ پێویستە بنیات‌نانی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و سیاسی بەئاستێکی بەرامبەر بەرەوپێش بچن بۆ ئەوەی بەکبگرێ ئەگینا چۆن ئەتوانرێ نەتەوەیەك یەکبگرێ کەدوای بیست ساڵی‌تر خەڵکی تێدابێ بەئاستی بەرازیل نە چاونەمەریکاداو خەڵکی تریش تەنیا خەنجەرو تفەنگیان پێ بێ واتە چۆن ئەکرێ وای بۆ بچین ... ئەوەی گەلەکەی پێشکەوتووە ... ئەلێ ئەمە سودبەخشە تەنانەت ئەگەرچی بەو گەلە قایل بێ کە لەو ئاستەی دواکەوتوترە کە باسمان‌کرد ... ئاستی‌پێشکەوتوو پێت دەڵێ من یەك ناگرم‌و ئامادەنیم بێم بۆ ئەوەی لە ژێر ئیعتیباردا لە نێوان من وبرایەکی تردا یەکبگرم ..... ئەم لەبەکتری جیاکەرەوەی دواکەوتن‌و پێم دەڵی وەرە بایەکبگرین ... وانە کەوابوو یەکناگرین ئەمەش تەنیا بۆ چوونی سەرەتایی رومانتیکی‌بانە نی‌یە .. کاتێك ئەڵێین عەرەب داوا لێ‌کراوە کە بارمەتی برای عەرەبی موحتاجبدات ... ئەوەی دەستی دەڕوات نابێ ئەمە لە بانقەکاندا کۆبکاتەوە و بڕوبستە بێتەوە هۆشی خۆی واتە بەبێ پەرەسەندنی بەنەوە ئەو هیچ بابەختێکی نی‌یە ملیارەکانی چەندە بن .. ئێمە خەڵکێکین ئەکرێ ببین بە خاوەن ملیار ... ئەم قسەیە مەبەست لە یەمەنی ژوورو نی‌یە لەگەڵ ڕێزمدا بەرامبەر بە برایانمان ، ئەمە پێشنیار، بۆ ئەوەی یەمەن سودی پێ‌بگات .

عیراق هاتووە کە ببەخشێت

ئەمە پێشنیارێکە لە عیراقەوەیە .. عیراق هاتووە بۆئەوەی ببەخشێت وەنەهاتووە بۆ ئەوەی وەرگرێت تەبیعی شتێکی گرانە کە هەریەکێك لەم بیروباوەڕانە بگات چونکە پێویستی بە قوربانی دانێکی نائاسایی هەیە .. بێویستی بەنەترسانێکی نائاسای‌یەمە چونکە وا مرۆڤ داواکرێت کە هەر لەشمشێر نەترس‌و بەجورئەت بێ .. بەڵکو بەبیرکردنەوە بەڵکو هەندێ جار جورئەتی بیدکردنەوە زۆر لەپێشترە لە جورئەتی شمشێر .. وە جیاوازیی لە پەرەسەندی ئابووری‌و لەهاوچەشنی کۆمەڵایەتی لەنێوان هەرێمەکانی عەرەبدا ناجار دەبێت دۆخێکی سیاسی جیاواز بخاتە ڕوو .

دوای ئەوە بەسەردوو مەڵبەندا دابەش دەبین .. لەنێوان ئەمەریکاو لەنێوان سۆڤیەتدا وەبەش بۆنەتەوەی عەرەب‌و نەتەوایەتی عەرەب نی‌یە و ئێمە بەئاشکراو ڕووبەڕوو بەبێ‌ترس‌و بەبێ دڵ ڕاگرتن نامانەوێ لەسەربەشی نەتەوەی عەرەب بەشێك بە هیچ کەسێك بدەین .. دەمانەوێت نیشتمانی عەرەب وەك خاك‌و گەل‌و کەلەپوورو سەرفرازیی بەتەنیا بەشی نەتەوەی عەرەب بێت .. وە سامانی لە بەشی نەتەوەی عەرەب بێت .. بەڵام زۆر زەحمەتە ئەم مەنتیقە یەکگرتووە لە بیرکردنەوەدا بدۆزینەوە .

دوژمن کەتك لەو ناکۆکی‌یە ئاشکرایەی ناو نەتەوەکە وەردەگرێت

وە لە هەڵوێستی سیاسیدا کاتێ دەبینین ئەو کەسەی هێند برسی‌یە تا ڕادەی ئەوە ئامادەیە بەنووکی خەنجەر پاروو نانێ بسێنێ وە لەنێوان تێروسەلێکدا کە جێگای نییە بۆ ئەوەی سامانە زیادەکەی لێدانێت ئەمە ناکۆکی‌یەکی ئاشکرایە لەناو نەتەوەی عەرەبدا وە ناکۆکی‌یەکی ئا بەم جۆرە ناکرێت ئەگەر دوژمن کەلکی لێ‌وەرنەگرێت بۆ ئەوەی بەسەر بەش بەشدا دابەشمان بکات‌و دژی یەکتری بەکارمان بهێنێ .. بەڵام یەکێ لە ئێمە خۆی بەبەختیار دەبینێت چونکە دۆستی فلان دەوڵەتە وە حاڵەتی خۆی وا سەور دەکات کە ئەگەر سوپای سۆڤیاتی وەیا ئەمەریکایی وەیا فەرەنسایی وە یا ئینگلیزی لەخاکەکەیدا بوو جێگای شانازی‌یەکی گەورەبە ، ئێمە لە عیراق ئامادەین ملمان بینێنە ژێر پێی عەرەبەوە بەڵام ئامادەنین بۆ ئەوەی تەنیا بەنجەیەکی بێمان لەژێر پێی بێگانەدا بێت .

لەسەر ئەم بنچینەیە هەرچەند تەسەور بکەن کە عیراقی‌یەکان لەوانەیە لەم هەرێمی عەرەب یائەوی تریان .. لە دەست ئەم فەرمانڕەوای عەرەب یائەوی تریان تاڵاویان نۆشیبێت .. هەمووی بایەخی نی‌یە لەبەردەم هەڵوێستێکی یەکگرتوودا بەرامبەر ئەرکەکانی بنیات نانی هاوبەش و بەرامبەر دوژمنی هاوبەش وە وابزانم ئەگەر بەهەڵوێستەکانماندا بچنەوە زیاد لە جارێك ئەمەمان ساغ کردۆتەوە ، ئەوە بوو لەگەڵ برا عەرەبەکانماندا تا ڕادەی شمشێر جیاوازیمان دەبوو بەڵام کاتی بێگانە بێت ئەوە دەخرێتە پشت گوێ و بەرەو پێش دەچین بۆئەوەی هاوشان بخەنگێین وە بۆ ئەوەی پێکەوە قوربانی بدەین هەروەها بۆ ئەوەی پێکەوە بنیات بنێین .

بڕوانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

پرشنگەکانی ئەستێرە

جەزا عەلی ئەمین

منداڵ تەمەنی نەمرێتی بیە . . ئەو نەبێ ئەم سەرزەمینە بۆشناخە [illegible] دەشتێکی کانی بەکاکی و قاقر ئەسی تێدا ناژی .. بۆیەکا ئەو کەسانەی ئەستێورن بەرژەوەندی وەجاخ کوێری خۆیان دەخۆن ، دڵنیان مردنیان [illegible]ەوەی نەوەو [illegible]چەیان دەگەیەنێ .. لێرەوە [illegible] منداڵ سەرهەڵدەدا .. [illegible] سەرداره بچووکەی هەنگاوی لەسەرەخۆ هەڵدێنێ [illegible] بەرزی .. بۆ گەیشتن [illegible] گەورەبیەی دەیەوێ . . یان ئێمەی درشت دەمانەوێ . . جا کە بایەخ بە منداڵ [illegible]دێ ئەوەی دەیزانن [illegible]شکەشیان بکرێ و ئەنانەت [illegible]شیان قەرزیکەین کارێکی گەورەمان نەکردووە بەڵکو خۆمان لە قەرداری دەرێناوە .. من زۆر جار کە دەمەوێ چیرۆکێک بۆ زارۆکان [illegible]وسم ئەو پرسیارانە لە خۆ دەکەم .. ئاخۆ پڕکردنەوەی [illegible]شایی کات و تەمەنە ؟ . یان هەڵخراندنی کۆربەکانە تا بکەونە ناو تریقەو گەپێکی - مطلق -ەوە کە دەستو بێیان بیری پێ نەزانن ؟ . یان شتی گەورە فێربن بە جۆرێ سەرەریان ئەستوور نەبێ . . لەگەڵ ئەو بیرو باوەڕە بەرزانەدا هەڵکەمن کە خۆناسین و کۆمەڵ ناسینە . . لە شیعری منداڵانیشدا هەروەها (شاعیرەکان پێویستە وێنەو خەیاڵی وابێنن کە گوێ دەتوانێ ببیسێ .. دەست دەتوانێ بگرێ .. لووت و زمان دەتوانن [illegible] تامی بکەن) ئەگەر ئەم پێودانگەوە ناوو تووی ئەدەبی منداڵانی لای خۆمان بکەین گەلێك گەلێك شیعرو چیرۆکی هەرزانمان وەبەرچاو دەکەوێن .. شیعری وا کە جگە لە ئاوازێکی سوار شتێك لای منداڵ جێ ناهێڵێ .. چیرۆکێك کە بچووکێك دەبخوێنێتەوە لە زەرق شێوان بەولاوە شتێکی بۆ نامێنێتەوە .. لەگەڵ ئەمانەشدا ناو بەناو چیرۆك و شیعری بەتوێکڵ بلاودەبنەوەو چێژو بیری جگەرگوشەکان بەروەردە دەکەن ..

جا لەم تێروانینەی لێ دواین بێ بابەخ نابێ ناوێك سەیری (ئەستێرە) نکەین و پرشنگەکانی بخوێنینەوە . کاك عباس محمود حسین یەکێکە لە نووسەرانەی دەیەوێ چیرۆك بۆ منداڵان بنووسێ و بەسەریانکاتەوە .. تا ئێستا چ بەنامێلکە چاپکردن و چ بە چیرۆك وەرگێران درێغی نەکردووە .. حەزدەکەین باڵەوانەکانی ناو ئەستێرە وردکەینەوەو بزانین چییان کردووەو چ دەکەن .. لە رتوی و کەروێشکدا باڵەوانێکی هیچ لێنەهاتوو دەستەپاچەیە کە بەتەلەوە دەبێ دەخوازێ خۆراکی ڕێوی بوابە .. منداڵان لاسایی پاڵەوانی چیرۆك دەکەنەوە .. خۆبانی لەبەر دەمرێنن بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کاریان تێدەکا .. جا ئێمە ئەم پاڵەوانە راڕاو بە گومانەمان بۆ چییە ؟ ئاخۆ هەر لەبەر ئەوەی رێکەوت دەور ببینێ کە مام رێوی بە تەلەوە بێ و بە شێوەیەکی نەگونجاو کەروێشك قوتاری بێ .. کە تابیەکەشی بەوەدا بشکێتەوە ئەوی چاڵ بۆ خەلکی هەڵکەنێ خۆی دەکەوێتە ناوی .. ئەگەر مەسەلە حاڵی بێ ئەوا ئادەمیزاد دەگرێتەوە نەك رێوی . . بە کارهێنانی رەمز چ لە ئەدەبی ساوایان و با ئەدەب بە تێکرا دەبێ وابێ گومان نەهێڵێتەوە ئەوەتا لە داستانی مێروولەدا مێرو بە رەمزی چاکەو مرۆ بە رەمزی خرابە بان چۆلەکە کە دەعبایەکی رەوەندەیە بە رەمزی باشو مرۆ بە رەمزی بەدی لەقەلەم دراوە .. خۆ ئەگەر حسابی - منطق - بکەین ئەوە مێرو لەعۆدەی ئادەمیزادو چۆلەکە بەرەنگاری مرۆڤی پێناکرێ .. ئەم هەڵەیە لە چیرۆکی فیل و مێروولەشدا دووبارە بۆتەوە .. کاکە عەباس بە زۆر وا لە مێروولەکان دەکا هێزو توانایان لەبەر دەنێ تا فیل بەو هەموو زلییەوە بکەوێ و بگەوزێ .. لەم سێ چیرۆکەدا کە نووسەر تورشی - غەفلە - بووە بیری لەوە نەکردۆتەوە کە دڵنیایی تێدا نییە .. گومان لەناو بیری منداڵدا سەوزدەبێ .. ئەمە دەڵێین مل ملانێ هەیەو دبا بێ مل ملانێ ناژێ .. بەڵام [illegible]ەوەی مل ملانێیەکە ! ئەمە [illegible] . . چارێکیان شانۆگەرییەك لەسەر شانۆیەکی بەکێك لە شارەکانی شۆرەوی پشان دەدرا .. دیارە شانۆگەرییەکە بۆ منداڵان بوو .. باسی منداڵێکی دەکرد بتداویستی بە چەند رۆبلێکی کەم بوو تا کارەکەی بێ مەسەرکا .. هەر بە دوایدا وبڵبوو وەگیری نەدەکەوت .. شانۆگەرییەکە تەواوبوو .. چەند منداڵێك لەسەر کورسییەکانەوە راستبوونەو دەستیان بە گیرفانیان داکردو وتیان ئەوە رۆبڵ .. بیدەن بەو منداڵە ! بەڵێ ئەمەیە ئەدەبی ئاراستەکەر .. لە جیرۆکی یەکەم هەنگاوی کاروان .. قسەکانی کاروان لەهی منداڵ ناچێ .. خوێنەر ئەگەر بە وردی زەینیدا لەلەل رستەکانی بابیدا جودابان ناکاتەوە .. دیارە منداڵان وشەکانیان .. رستەکانیان .. حڕی ئاخاوتنیان دەبێ دیار بێ .. شوانە بچکۆلانەو هەتا دەڵێم شێرینکم . . . فۆلکلۆرین مارێکی رەش بەڵەك کە هەر بەڵەك بوایە چونکە بەڵەك بانێ رەشەو سپی منداڵان بە دەم وازییەوە لە پەلوبۆ کەوتبوون ! (ماندوبوون)مار دەبینین .. دوای چەند رۆژێ مارەکان لەهەمان شوێندا دەمێننەوە .. واش باوە مار جێ بەخۆ ناگرێ کەچی لێرەدا واینیە .. مارەکان لەپڕ ژمارەیان زۆربوو .. هەر لەپڕیش نێیان راپەرین و کوشتیانن ! ئەم جۆرە زۆر لەخۆ کردنو مەودا نەدانی پاڵەوانەکان رای کردووە زوربەی هەرە چیرۆکەکان بە زۆر تەواوبێ .. هەر لەهەر دوو چیرۆکی مێروولەوە بۆ چۆلەکەو کوشتنی مارەکانو شەڕی شێرو بەرازو !.

ئەمە وا .. هەندێك رستەی دوورودرێژم بینین وەك (مێروولەکان لە سەرەتا چەندان نوێنەری تریان بۆ گفتوگۆکردن بۆ لای فیلە گەورەکە بەرێکرد ....) یان لەرووی هونەرییەوە کە کەروێشکە کە خۆی دەدوێنێ قسەکانی دەبوو لە حووتە کەواندا بنوسرێ کەچی لەگەڵ قسەی چیرۆك- نووسدا تێکەڵ کراوە ! وشەی ناخۆشی بەکارهێناون .. منداڵ دەبێ وافێر بکرێ لەرێگای هەڵوێستی پاڵەوان بناسێ نەك بە وشەی « گەفرە ، ملەستوور ، گەلمۆ) من حەزمدەکرد لە بارەی زمانیشەوە زمانی کۆك ترو بێ هەڵەتر بوایە لە چاو بەرهەمی پێشوویدا ..

مەهدی خۆشناو
زستانی ١٩٧٩

- ١ -

تا دەهات لە ناخەوەیدا نازاری دەدا و دلی دەگوشرا . لە هەموو شتێك بێزار بوو بوو ، بێزی لە زۆر شتی پیرۆزو خاوێنیش دەکردەوە. جادەو دیوارو خەلکەکەی لێبووبونەوە چاو ، جوولانەوەکانیش بووبونە چاوتێبرین ، نەك هەر هێندە بگرە لە بنی پێیەوە تا تەوقی سەریان بەچاو دەلێسیەوەو پەنجەیان لێ هەڵدەسووی ، لە ژێر تەندورەو بلوزو ئەتەگەکەیەوە دەچوونە ژوورێ ، هەتا زۆر جاریش ئەم شتانەشی لە بیردەچوو ، هەروای دەزانی ڕووتوقووتەو ئەم هەموو چاوە برسیانەش تام لە ڕووتیەکەی دەکەن ، گیانی دەکەوتە بەر زەبری تەوژمێکی ساردو ملیونەها دەرزی تیژتیژی تێدەچەقین و لە ناکاوێکدا سووکە لەرزێکی دەگرتو خۆشی گرژ دەکردەوەو ڕادەگوشی . ئەگەر لە دەرسیشدا بووایە ئەو هەر لەگەڵ خۆیدابوو .

یان لە سووچێکی بانەکەیان یا لە لاچەپێکی باخچەی کۆلێژەکەیان لەسەر تەختێك دەدەنیشت، یا پەنایەك لەسەر رۆخی شۆستەیەك بەدەم خۆ خواردنەوە هەڵدەتروشکا . یان بە لۆژەلۆژ بەرەو ژوورەکەیان هەڵدەکشا ، کە دەگەیشتەوە ئەویش بەکسەر خۆی بەقەرەوێلەکە دادەداو باڵیفەکەی دەخستە بن قاچیو هەردووەدەستیشی لە سەریەك دادەناو دەیخستە ژێر سەریو لە سەرگازی پشتی لێی ڕادەکشا بە تەنیا لەگەڵ چکە چکەی کات ژمێرەکەی سەر مێزی پشت سەری بە تاریکایی دنیا تەماویەکەیدا دەچووە خواری ... هەنگاو هەنگاو جار جارێکیش تیژ ئەم سەرو ئەو سەری دنیای تەی دەکرد .

وێنە گرتنی لەگەڵ ئەم و ئەوێکدا لە ڕەشبەلەکی سەبران و گەشتی ئەم شوێنو ئەوی تریانو هەموو پیاسەی کۆلێژەکانو دەعوەتکاریەکانی دەهاتنەوە بەرچاوو دەبوونە تابلۆیەکو بەبن میچی هۆدەکەوە دەنووسا کە چاوی بۆ زەق کردبۆوە پێلوەکانی نەدەتروکاند ، ڕای دەشڵەقاندو هەڵدەدێرا - بەوە ناو شەوە تەلیسماویەکەی ئاهەنگی (کریسمس) ،بست، بستو شەقاو شەقاو ، لەگەڵ دەنگی پژنەی پووتەکەی شەقاوە جۆڵو خامۆشەکەی دەبڕی ، دەناسە سواریو ئاوڕدانەوەو بە ئورگە لۆقە ڕۆیشتنی بەدەم ترسی دەرگا لێنەکردنەوەو ترسی ئاشکرا بوو نیبەوە ، کە هێشتا چاوەکانی هەر سوورنو بۆنی دەمیشی هێندەکەسکوونە هی ئەودنیبە بشاردرێتەوە ، لەم نیوە شەوەشدا کەوا شەو بۆ بەرەبەیان شۆڕ دەبێتەوە ، دەستیان دەخستە ئەوکی و خنکەخنکی دەگەیشتێو تا رای دەچلەکاندو بە درۆکردنێك لەئەڵ خۆیدا دەیگوت دەی..!

هەتا کچەکان دەگەڕێنەوە با خۆم بە شتێکەوە خەریك بکەم . هەڵدەستابەوەو لە ناو جانتا گەورەکەیدا باڵدەتو ئاوێنەو مووکێشەکەی دەردەهێناو جگەرەیەکی دادەگیرساندو بەدەم هەڵمژینی قوولی جگەرەکەوە ، بڕۆی چاك دەکرد ....

وەنەبێ ئەوانەی (خەندە)ی لە یاد نەبووبنو بە هەندێ هەڵنەگرتبن ، هەموو ئەمانەو هی تریشی لێ دەزانی . بەڵام حاڵو شوێنەکە بوو ، لە هەموویان پتر (نەبەز)ی بە (سەردانەکە) دەبەستەوە . موچڕك گیانی دادەگرتو لەئەڵ ژانی تەقەلی برینەکانیو جرە جرە خۆگەوزاندنی سەر قەرەوێلەکە تێکەڵ بە یەکتری دەبوون ... کە گشت دژستە نزیکو دوورەکانیشی چوو بوونە لایو نازیان کێشابوو تەنیا (خەندە) نەبێ .

(٢)

نەبەزو خەندەو ئەوی تریشیان ، لە هیچ شتێك یەك نەگرنەوە ئەوە لەم خاڵەدا یەکیان دەگرتەوەو دەبوونە چەپکە ژانێك ... کە هەر ئەم خاڵەش بوو ئەوکاتە هەر سێکیانی پێکەوە دەبەستەوە ... هەموو بیانوو پاکانەی چوونەکەی خەندەش بەم زەحمەتی چوونەو هاتنەوەو ڕێگا دوورەو کۆمەڵێك شەرمەوە هەر ئەو بوو ...) .

وەك بڵێی نەبەز نەیەوێ چیتر بەم وواتە وواتە ڕازی بێت بۆیە گوتی :

- ئێ ... ئینجا چی بووە !؟ چوویتو بەخێربێتیەوە ، گوایە چیت بۆ کردووە ، نیشتیمان- پەرستیو خۆشویستنی کابراش ئەوە دەهێنێ کەسێك نەك هەر بەتەواوەتی ڕێگای درێژی پاسی وەك ژمارە چراری بۆ ببڕێ بەڵکو زیانریش ! ئەویش (ئاوارەیەو هەست ناسکەو پیریش بووە)، ئەدی لە ڕۆژبکی وادا ئێمەومانانێك لەژوور سەرینگانی نەبین ، دەبێ کێ بێ ؟! .

- هەیهوو ... هەیهوو!! ئەوە جاری چەندەمینە بۆت باس دەکەمو نازانم بۆ دەبستا هەر تێم نەگەیشتووی ؟!

- دەتوخوا ئەگەر نەیبریەوە. چاکەیەکت کردووەو دەتەوێت ... (بەکسەر دەبتەوەلامەوە قسەی پێ دەبڕێ) .

- چاکەی چی ..؟! (بە بێزاریەکەوە) نەخۆم بکا ، نە چاکەم بکا .

- ئێ ... ! خۆ وەنەبێ نەتناسمو نەزانم لە زۆر شتدا، سەرکێشیو زیادەڕۆی وەك لە زۆری تریشدا ڕۆمانسیانە بیر دەکەیتەوە .

ئینجا بزانە ئەو کاتە شەپۆلی کامیان بە هێزتر بووەو تۆی بۆ لای خۆی لوول داوە .

سەرێکی لێ هەڵبڕیو زۆر بە ووردیو قوولیەوە چاوەکانی بڕیەیە ناو چاویو بەنەرمە زەردەخەنەیەکەوە ، سەرێکی بۆ لەقاندو گوتی : لەلای زۆر کەسیش گوتوومە تاقە دڵسوزو هاوڕێم هەبێو سەبووریم پێ بێتو لە ڕاستی زیانم گەیشتبێو گەبشتبێتە ناخی ڕازەکانم تۆی . کەچی لەم شتە بە گران تێم دەگەیت. نەبەزیش بە هێمینیەکەوە گوتی :

لە دەست ئەم سەردانەت سەرم گێژ بووە ، توخوا سەردانێك ئەوەندە دێنێ ! ئەوە جاری چوارەمینە تۆ من دەبینیو هەموو وەختمان بەم قسەیە دەکوژی .

- نازانم لەوە ڕوون تر تێبگەیەنم ، کە هەر جاری یەکەم بوو پێم گوتی .

ئینجا سەیرێکی کات ژمێرەکەی دەستی کرد گوتی :

با بەرەو بەشی ناوەخۆکەمان بچینەوە ، ئەوە شەویشی داهات هەر هەند ئەگەر بگەمەوە جێ ، با درەنگم بە سەر دانەیت ... چیتر لێم نابوورن ....

نەبەزیش بەرێزەوە نیشارەتێکی قایل بوونو گەڕانەوەی بۆ کردو گوتی :

بەڵام خۆزگە دەمزانی ئەم سەرابە چییە بەر چاوی گرتووی لێناگەڕێ بە ووردی بۆم باس بکەیت ؟ !.

نەمجارەیان بەشلەژاویو هەلچوونێکەوە

((سەرابی چیو مەرابی چی))!؟ بە زەردەخەنەیەکەوە دەیەویست خۆی هێور بکاتەوە . وەك بڵێ بمبوورە ئەگەر هەڵچووم ... لە قسە کردنیش هەر بەر دەوام بوو..

- « هەمووی فرو فێڵەو درۆیەو ئەویش درۆ دەکا » .

درۆ ؟ فروفێل ؟ کێ .. .؟

- ئەدی نەمگوت بۆ هەوال پرسینی چووینە لای لە خەستەخانەی ....

(ناهێڵێ قسەکەی تەواو بکاو دەڵێ) :

- ئێ .. . ئێ (بەدڵنیاییەوە)

- ئەو چارەگە سەعاتەی « ی بووین . هەر وەك لەگەڵ باوکمان قسان بکەین وا بەشەرمو کزیو ڕێزەوە قسەمان دەکرد ، کە هاوڕێیەکی نزیکی ئەو دبوی لای خۆشیانی لە کنبوو . کە هەستاینەوەو هیوای چاك بوونەوەمان بۆ خواست ، تۆقەی لەگەڵ کردین دەستمی توند توند ڕادەگوشیو بە مۆنیەکەوە چاوی لێم زەق کردبۆوە ، دەیگوت « ئێوە دەکوێ دەبینرێن ... دەکوێ ڕادەبوێرن ... !؟ »

کابرای دیکەش هەر لە جرونە ژوورەوەماندا بوو بە چاو « چاوبازیی » لەگەڵدا دەکردم . کە خوا حافیزیشمان لێ کردنو ڕوومان وەرچەرخاند ، گەلێ شتی ترم لە نێوچاوانە پیسەکەیاندا خوێندەوەو لە زمانی هێماو چاو چاوانیەکەیان دەگەیشتم . منو هاوڕێ کەشم هەر دەخزاینە پاڵ بەکو خوامان بوو لەم دۆزەخە فو تاربین . من شەرمەزاری هاوڕێکەشم بووم ، چونکە من لەگەڵ خۆمدا هێنابووم ، ئەئینا ئەو بەستەزمانە نە هەرەسی لە هاتنەدەر بوو نە دەتوانێ لای پیاوان دانیشێو قسان بکات . (بە هەناسە ساردیەکەوە ، سەرێکی بادا ، وەك لەگەڵ خۆیدا قسە بکا هەر لە بەرە خۆیەوە گوتی : ئەدی هەقی نییە ... !؟ هەقی خۆیەتی وا بیت .)

نەبەزیش هەر دەیەویست شتەکەی بۆ بە تەواوی بگێڕێتەوەو پتر تێ بگا . بۆیە لا شانێکی ڕاتەکاندو گوتی : دەتۆ جارێ قسەکەی دیکەت تەراو بکە .

(خەندەش بەزرە پێکەینێکەوە) گوتی :

لە وەش دڵنیا بووم کە ئێمە یەکەم کەس نین وا ڕەفتارمان لەگەڵدا دەکا . بەڵام ڕەنگ بێ لە سەلامەت ترینیان بوو بین .

ڕاوێژ :-

ڕێگای باسیژمارە چوار : لە بەغدا ، لە مەیدانەوە دەست پێ دەکا تا گۆڕەپانی ئەندەلوس .

ئاهەنگی کریسمس : جەژنو ئاهەنگی سەری ساڵە زۆر جار غەیری دیانەکانیش بە هۆی هاوڕێو ناسیارەکانیانەوە بەشداری تێدا دەکەن .

چیرۆك

سەرەڕانێ

دانستانەك دەگەڵ تورەڤانەکێ بەرزە

● ادریس محمد علی چەلکی

ب ڕاستی هەرێ فەقێ کوردەر هوزانێن هوزانڤانێن کوردا ڤالا بن ، ژ وان هوزانڤانەوەکی : مەلایێ جزیری، خانی، حاجی قادر ، ژبلی وان ژی ،با م ب خوە دبوانا جزیریو مەمۆزینو نیبهارا خانی .

ئەڤێ تێکلیامە ئەم پالداین بو تورێ کوردی نەخاسم نفیسینا هوزانێ ، ڤیجا ل سالا ١٩٥٥ یێ من دەست ب نفیسینا هوزانێ کر ، لێ پشتی هنگی من هوزان هشت ژ بەر هندەك ئەگەرا حەتا سالا ١٩٦٦ ێ ئەز دیسا لێ زڤریم چەندپارچەك من چێکرن «ئەڤینیو وەلاتی » ...

پ : باشە سەیدا دهوزانێت خودا تو ب چ هوزانڤانا گرفتار بی ی یان ژی کەسێچ کارتێکرن (تاثیر) د هوزانا تەدا نەکریە ؟؟

ب : د هوزانێن خودا لبڕێن ئەڤینی ئەز گرفتارێ مەلایێ جزیری بیم .

بەلێ ل بڕێن وەلاتی دانەز گرفتارێ سەیدایی حەگەرخوین بیم .

پ : سەیدا ئەڤێ پسیارێ ئەم برینە ئێکادی ، تو گەلەك د گەل (جەگەرخوین) ی رابی ی و روینشتی ؟

ب : من، جەگەرخوین لسالا ١٩٥٥ ێ ل باژێرێ « قامشلی » دیتی یە ، پشتی هنگی ژی گەلەك جارێن دی ژی ، بەلێ رابین وروبنشتنا من ب جەگەرخوین را یا پەرتوکێن وینە ، چونکەئەز وەلێ هرز د کەم هەر پەرتوکەك یا وی - نەخاسم ئەوێن ب لاتینی هاتین چاپکرن - پێتر ژ بیست (٢٠) جارامن وێ خاندنە ،

پ : باشە ل دویف زانیناتە هوزانڤانێت کورد ئەڤێت مەزن کیژنو چەوا ؟؟

ب : هوزانڤانێن کورد یێن مەزن ل بامن ئەڤن :

١ - مەلایێ جزیری ،مەکە درست بت ئەڤ گوتن مروڤ د کارت ب بێژت مەلایێ جزیری پاشایێ هوزانڤانانە ، چونکە ب راستی هوزانێن وی وەك گەنمی نە کێر هەمی کوچكو جڤاتا د هێن .

٢ - ئەحمەدێ خانی ،ب راستی مروڤ نکارت ب درستی سەیدایێ خانی بدت ناسکرن ، هەما وەیە وەك جەگەرخوین گوتی :

((ئەی جەگەرخوین ئەحمەدێ خانی بناقوسا مەزن کورد نەکر هشیار ژ بوچیودر د نالی وەك جەرەس))

ب کورتی خانی ناقوسامانەتێ کوردە

روژ بو روژێ کاروانێ رەوشەنبیریا کوردی بەرف ئارمانجاڤە د چیتو بیستانێ تورەڤانا یێ بەرفرەه د بیت ، بشکوژێت نوی یێ د بشکڤن ،بەرهەمێت خودان بهاو مفا یێ د کەڤنە بازاڕی ، دویروکێ- کەڤنو نوی - پێکڤە گرێد دەن ، ... ب راستی ئەڤە جهێ شانازیێیەو د بیتە مزگینی بو روژەکا گەش یا ل دویڤرا د هێتن ، .. ئەڤ رەوشە بی ئوشتا بودەرکەڤتنا گەلەك پەهلەڤانا - یێ د بەرزە - ل کەلهێت وانبو ناڤ شەڕگەها کاخا تێگەهشتنێ ، دا هندەك توزاڤێ کاخێ یا پیروزو « مقدس» خو د سەرو چاڤێت وان ژی وەرکەتن ، ...

خویندەڤانێ هێژا ئێك ژ ڤان پەهلەڤانا - شاگردێ سەیدایێ گرانو مەزنوەرکەڤتی جەگەرخوینی - هێژا زمەلا مەحمیدێ دێرشەوی)یە،یێ کو رەوشێ وی نەهێلای ب رەنگەکێ ئاشکرا بهێتە ڤێ کاخا پیروز ، ...

گەلەك جارا من د کرە دلێخو کو ئەز بخو بچمە باژێرێ زاخو دا دانستانەکێ (حوار) دگەل بکەم ، لێ ئەز نکاریم بچم ، روژەکێ ئەزێ ل بەغدا(لمەیدانێ) ب رێکا خو د چم ، ژ نشکەکێ ڤەمن دیت یێت د هێت ، ئەز بلەز چووم من سلاڤکرێو م گوت = ئەز ل ئاسمانا ل تە د گەریام تو ل ئەردا ب دەستمن کەڤتی ، پاشی من داخازا خو بو گوت ئەوی ژی گوت بلا ، پشتی هنگی ل ئوتیلەکێ ئەڤ. دانستانە من د گەلگێرا ،. . .

پ : دێ کاری - بەرەنگەکێ کورت - ل سەر ژینا خو ئاخڤی و کا چەوا توهاتیە گرێدان ب تورێ کوردی ڤە ؟؟

ب : سالا ١٩٤٠ ێ ئەزهاتمە دنیایێ ، ژینا خو م ل کوردستانێ ب رێکا ڤەقاتی یێ بورانداییە .

گریدانا من د گەلتورێ کوردی ژ مێژە ، چونکە

Institut Kurde de Paris

وتەیەك

● وا جاری دووەم ، لاپەڕەی ئافرەت لە ڕۆژنامەی هاوکاری دەردەچێ ، بێگومان، ئەوەتان لە یادە ، لە وتەی پێشووتردا هیوای ئەوەمان خواست ، ئافرەتان ، خۆیان ئەم لاپەڕەیەی خۆیان بەڕێوەبەرن ، بەشداری ڕاستەو خۆمان لە گەڵ بکەنو پێنوسەکانیان بخەنە کاروونەوەی لەدڵیاندایە دەری بڕنو بەرهەمیان چیە ڕای بگەیەنن . بەڵام ، وا دیارە هیوا خواستنەکەمان ، بەقەدەر خواستی ئێمە نەبوو ، ئەمجارەش ، ئەو بەدەنگەوەهاتنەمان نەدی کە پێویستە ، بەڵام ، وەنەبێ ئێمە ، ساردبینەوە ، دیسان چاوەڕێنو بە هیواین ، کە بەرهەمی ئافرەت ، لە خزمەتی تێکۆڕایی مرۆڤو پێداویستەکانیاو بەگیانی هاوچەرخەوە لە سەر ئەم لاپەڕەیە ڕووناکی ببینێ ، نەك تەنیا ، دەربارەی ئافرەت ، بەڵکو تێکۆڕایی ژیانو گەورەیی ئافرەتی مرۆڤ .

کارتی پێ ناسین

● ناوی گوڵاڵە جبارەوسالی ١٩٥٧ لە سلیمانی لە دایكبووە . مامۆستای قوتابخانەی گەڵاڵەی کچانە .

● خەریکی هونەری وێنەکردنەوە تا ئیستا سێ پێشانگای کردۆتەوە کە نیایاندا (٧٥) تابلۆی ڕەنگاو ڕەنگی پێشانداوە .

● یەکەم پێشانگای لەسالی ١٩٧٧دا لە شاری کۆیە کردۆتەوە .

● دەربارەی هونەری تەشکیلی دەڵێ :

- لە لەدەرونما ، ئارەزوویەکی کۆنی ئەم هونەرە پیرۆزە مەبوو ، توانیم لە ڕێگای جالاکیەکانی قوتابخانەوە ڕێگای دەربڕینم هەبێو هیوادارم لەداهاتودا ئافرەتی هونەرمەند هەنگاوی باشتر بنێ بۆ تەوکردنی بنەڕەتی ئەم هونەرە .

هەنگاوی باشتر بنێ بۆ تەوکردنی بنەڕەتی .

● عبدالکریم عبدالسلام
ناردوویەتی

ئافرەت و میهرەجانی ڕۆشنبیری کوردی

سەرگوڵ تەیمور

وەك دەزانین دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی ماوەیەکە کەوتۆتە خۆی بۆ ڕاپەڕاندنی میهرەجانێکی گەورەی ڕۆشنبیری کوردی ، هەر لە چواچێوەی ئەم خۆئامادەکردنەدا بەڕێزبەڕێوەبەری گشتی دەزگاکە گەشتێکی بە ناوچەی ئۆتونۆمی کوردستاندا کردو چاوی بە ئەدیبو کۆمەڵە هونەری و ڕۆشنبیریەکان کەوت . لەماوەیەدا ، ئێمەش چاومان بەچەند ئەدیبو هونەرمەند کەوت وپرسیارمان دەربارەی یارەی سەرنجیان لە ڕووی خۆئامادەکردنەوە بۆ ئەم میهرجانە ئاراستەکردن . لەوانە خوشکە « هیرۆکوران »ی چیروکنووسمان خواست کە باری سەرنجی خویمان دەربارەی بەشداری -بونی ئافرەت لەم میهرەجانەدا بۆ ڕوون بکاتەوەو ئەویش وتی :

● ئەمڕۆ ئافرەت بە بەراورد لەگەڵ ڕابووردودا حیاوازیەکی دیار بە خویەوە نەبینێت، لە ڕوی بەشداری- کردنی لە هەموو دەرفەتیکاو لە زوربەی لایەنی هونەریو ئەدەبیدا لەبەر ئەوە ئەبینین لەم چەند سالەی دواییدا دەرکەوتن کە لە لایەنی ناوی چەندەها ئافرەت ساتوگەریو هونەری تەشکیلو موسیقاو هەمو جورە هونەریەکانی تردا چالاکیان هەیەو لە داهینانا جیکایەکیان بۆ خۆیان کردوەتەوەو ڕوالەتی تایەتی خویان جەسپاندوەو ، لە ڕاستیدا هونەر خۆی ڕەنگدانەوەی بابەتەکانی کۆمەڵەو هەمومان ئەزانین کە ئافرەت تیوەی ڕاستی کۆمەڵە . لەبەر ئەوە بەڕای من بەرهەمە هونەریەکان کە ڕەنگ دانەوەی واقعێك باس ئەکات ئەو سەرکەوتنەی نابێت ئەگەر نیوەی کۆمەڵ بەشیوەیەکی نسبی متوازن دەوری خۆی نیا نەبینیت .

بەشداری کردنی ئافرەت لەو چالاکیانەی میهرەجانی ڕۆشنبیریو هونەری کوردیدا پر کردنەوە یەبۆتیکڕای بزوتنەوە هونەریو ڕوشنبیریەکەی هاوچەرخ .

هەروها لە لایەنی ئەدەبداو بەشەکانی ئەدەب وەك شیعرو چیروکو وتارو هەمو نوسێنیکی ڕۆژنامەنووس ئەبینین دەوری ئافرەت کەم بێ یان زۆر لەم لایەنانەدا بەدی دەکرێت دەورەکەی سەلەبی بێت یان ئیجابی لەگەڵ هەمو هاوڕێیەکانی تریا لە پیاوە ئەدیبو نوسەرەکان یەکسانە لەوەی کە بەشداری لەو تاقیکردنەوەیە ئەوە حەماوەر حوی حوکم ئەدات‌و ناوی ئافرەت لەلای خوینەرانی ئیستا هیچ سەیر نیەو بەرچاویان ئەکەوێت . لەبەر ئەوە لە جیگای خۆیەتی ئەگەر لە میهرەجانی ڕوشنبیریو هونەری کوردی بەشداری بکانو بەرهەمی خوی پێشکەش بە جماوەر بکات .

● **پاشە ئەی چون دەروانێنە ئەنجامی میهرەجان دوای ئەوەی ئەم توانا گەورەیەی دەبینن بۆی ئامادە دەکرێ ؟**

- پێشەکی ئومید ئەکەم کە میهرەجانەکە سەرکەوتو بێت‌و هیچ کەمو کورتی‌یەك نەکەویتە ڕیگای بەستنی‌و پروگرامەکانی‌و بە هەمو ڕادەیەك هەمو لتوانایەکی هونەرمەندان‌و ئەدیبانی بو بەکاربهێنریت . هەروەها بە هەوڵدانی ئەو لپژنانەی کە پێك‌هێنراون بو سەرپەرشتی ئیش‌وکاری میهرەجانەکە بە هەمو جورەکانی‌یەوە .

دەستنیشانی ئەدیبو هونەرمەندە لێهاترەکان لەگەڵ بەرهەمە چاکەکانیان کە بتوانن شتێك بە جماوەر بگەیەنن . سیمایەکو ڕوالەتیکی سەرکەوتو بدات بە میهرەجانەکە . هەروەها پێویستە ریکخستنێکی تەواو لە نێوان هەمو کارەکاندا هەبێت لە ساکاری وا کە پروگرام تێك‌دەدا .

هەروەها ئەم وتوویژەی کاربەدەستانی دەزگای ڕوشنبیری ئەیکەن لەگەڵ کۆمەڵانی ئەدیبو هونەرمەندانی ناوچەی کوردستاندا . بۆ دەربڕینی باری سەنجو پێشنیارەکانیان دەوریکی باڵای ئەبێت بۆ بە ئەنجام کەیاندنی ئەم میهرەجانە .

ئافرەت و شانۆگەری

ئافرەتیش
وەك پیاو
کانیاوی هونەر
لەدلیا
هەڵ ئەفۆڕی‌و
بەتاسەو
خۆزگەیەکی گەورە
خەو بە شانۆ
دەبینی‌و
بەردەوام لەگەڵ
خۆشەویستی شانو
ئەتوێتەوە

شێرزاد عبدالرحمن

بەڵام گەلێ جار لە ترسی کۆمەڵو لاسایی‌کردنەوەی کۆمەڵایەتی‌و پێوەندی ، ناچار ئەبێ لەو دڵدارە ئازیزە دورە بەرێز بێتەوە کە شانۆیە ئەگەر چی هەمو دەم خەوی پێوە ئەبینێ کە ئافرەت دێتە قسە سەبارەت بە شانۆ ، دەروونی پڕە لە گلەی ... هەر وەکو خاتو « ناصحە محمد عمر » دەروونی خۆی کردەوەو گلەیەکانی خۆی بۆ گێرایەوە خاتو ناصحە ماوەیەکی کەمە ئاشنای شانۆ بوە ، هەندێ جاریش وەکو کورس لە کۆڕالدا دەر ئەکەوێ ، لە کاتی پێش‌کەش‌کردنی بەرهەمێکی هونەری وتی :

کە ئافرەت دێتە سەر شانۆ قاچی دەلەرزێو دڵی نۆ دەدات‌و ڕادە چنی ، چونکە بەرامبەر بە خەلك خوی بە کەم دێتە پێش‌چاو لە کاتێکا کە بەو پەڕی بێ ڕەحمی بەبێ بەزەییانە ئەم کۆمەڵە دەیخاتە بەر توانج‌و پەلاری دڵڕەق‌و خۆشەویستی بەرامبەر بە هونەر زۆر جار ووشك دەکاتەوە ئەگەر چی ئافرەت هەمیشە خەو بەو دنیایە بێ خۆشەویستی‌یەی سەرشانۆ ئەبینێ‌و حەز دەکات لەسەر ئەو تەختەدا گیانی دەرچێ .

× **تۆ وەکو کچە کوردێك چۆن لە گیروگرفتی شانۆو ئافرەت دەگەیت‌و چۆن ئەتوانین ئافرەت لە شانۆ نزیك کەینەوە ؟**

- گیروگرفتی شانۆی کوردی بەرامبەر بە ئەبونی ئافرەت‌و قات‌وقڕی کچ لە بەرهەمە هونەریەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێ دەردەسەری کۆمەڵایەتی کە ئاشکرایە بە قسەی ڕووت چارەسەری ناکرێت‌و پێویستی بە گۆڕینی سەراپای کۆمەڵەوە هەیە ، چونکە پێشکەوتنی ئافرەت بەندەبە پێشکەوتنی هەمو کۆمەڵ . بڕە بۆ چارەسەری ئەم ئیروگرفتە گەورەیە ئەبێ کۆمەڵێ ئافرەتی خوێن گەرم بن بە قوربانی‌و ترسی خوشکانی تر بشکێنن بەرامبەر بە هاتنە سەرشانۆ ، بەتایبەتی برا هونەرمەندەکانمان ئەبێ زیاتر هانی کەس‌وکاری خۆیان بدەن لە پێناو چارەسەری مەسەلەکە .

× **کێ بەرپرسیارە لە دورە پەرێز بونەوەی ئافرەت لە شانۆی کوردی‌دا ؟**

- ئافرەتی کورد بەڕای من گوناهی لە مەسەلەکەدا نیە چونکە هەر کۆمەڵەکە پەلی دەگرێت‌و لە سەر شانۆ دەیهێنتە خوارەوەو نایەلێ نگات بە هیوای پیرۆزی . هەر کۆمەڵە دەنەویتە بەستنی هەزارەها قسەی ڕووت کە بە توانجی ناهەق وا لە ئافرەت دەکات هەتا هەتایە کە ناوی شانۆوی بێنی ڕابچڵەکی‌و ئارەزوو ئاواتی ڕەق هەڵبێت !!.

لە لایەکی تر ، برا هونەرمەندان گوناهبارن کە ڕێگە بە دەورو پشت‌و ناسیاوی نزیکی خۆیان نادەن ڕۆژێ لە ڕۆژان بێنە سەر شانۆو خەڵکی تر فێری ئەو خۆشەویستی‌یە بکەنو پەلمان بگرن بۆ سەرشانۆ . هەروەها خاتو - ناصحە - سەبارەت بە ئاواتەکانی ئافرەتی کورد ئەڵێ :

× ئافرەتیش دڵی پڕە لە ڕازونهێنی بەرامبەر بە هونەرو هەمو دەم چاوەڕوانی ئەوە ئەکات کە لە چوارچێوەی ماڵەوە بێتە دەرو بەشداری لە گۆڕینی کۆمەڵ بکات‌و لە پێشکەوتنی شانۆی کوردی‌دا بەشداربێ ، بەڵام چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە دێتە سەرشانو خەجالەت نەکرێت‌و بەردەوام بێ .

ئافرەتان دەنووسن

دوو چاوی سەوز

هۆنراوەی : شەم

دوو چاوی سەوز دەریایەکە قوڵوو بێ‌پەی
ئاوازێکە ، خۆشتر لە دەنگی عودونەی
باڵای بەرزی هەتا بڵێی ڕێك‌و قەشەنگ
ڕوخسارێکی هێمن‌و لەسەر خۆو بێ‌دەنگ
خۆشم ئەوێ زیاتر لە دڵ ، زیاتر لە چاو ، زیاتر لە گیان

بێ ئەو تەنانەت نامەوێ یەك ڕۆژی ژیان
لێم مەپرسن بۆچی هێندە خۆشم ئەوێ زۆر لە گیانم شیرین تره

کڵپەی ئەوینی من‌و ئەو لە گشت گرێك بەتین تره
چونکە تاکو ئێستا جوانی‌وا نەخوڵقاوە
نەخشەی دیمەنی هیچ کەسێ ئا بەم جۆرە نە نەخشاوە

ڕۆژو مانگ‌و ئەستێرەکان بەرامبەر ئەو شەرمەزارن
گەر جوانی ئەوان جۆرێك بێ جوانیەکانی ئەم هەزارن
ڕۆژ بە چیەوە ئەنازێ کەی دوو چاوی ئەمی هەبە
چاو چاو نیە ئەفسانەیە شووشەیەك خۆشترین مەیە
ئەی ئەستێرە ! بۆ ئەتوانی ڕوبەڕوی ئەو پرشنگدار بێ

کەی ئەتوانی بە وێنەی ئەو لای هیچ کە سێ وا ناردار بێ

ئەی مانگ بە چیەوە ئنازێ ؟ کەی باڵای ئەوی پێوەیە

پەیکەرێکەو دارێژراوە کوا ئەدۆنیس بەو جۆرەیە
ناسك‌ترین خونچەی سەرچڵ ناتوانێ خۆی بۆ بنوێنێ

دەموو لێوی ئەوی نیە بەچی گەوهەر هەڵوە ڕێنێ
دەنگ‌و قسەی شەپۆلێکە خۆشتر لە کەمان‌و سازە
چرپەکانی سیمفۆنیە ، ڕێك‌و پێك‌ترین ئاوازە
تەنها یەك تەماشای چاوی گەنجی سلێمان ئەهێنێ
یوسفی کنعان لە چاویا تبێکی بێ‌گیان ئەنوێنێ
کام چلچرا کریستالە ، یان گران‌ترین بلورە
تیشکی نیگای ئەوی بە جوانی یەکجار بێ‌سنورە
بە کورتی جوانی گشت جیهان هەموی لەوا کۆبۆتەوە
بێ هاوتایی بە جۆرێکە بە هیچ کەس ناشارێتەوە
بێ وێنەیە ، بێ هاوشا ، جوانە ، هەتا بڵێی جوان
مەلێن دڵسدارەکەی کێیە ؟ نازانن کێیە ؟ نیشتمان

شەم .

Institut Kurde de Paris

کۆمپانیای پیشەسازی سووکەکان

هەنگاو بۆ دامەزراندنی پیشەسازی خۆمالی

سمیرە محمد علی
وێنەگر : غازی

ئم کۆمپانیایە لە کۆمپانیاکانی کەرتی تێکەڵاوەکە لە ساڵی ١٩٦١ دامەزراوەو حکومەتی شۆڕشی (١٧)ی تەموزی نەتەوایەتی بابەخێکی زۆری داوەتە ئەم کۆمپانیایە چونکە بەشێکی گرنگی ئابوری وڵاتە ، هەروەها سەرمایەی کۆمپانیاکە لە سەرەتای دامەزراندنی (٥٠٠) هەزار دینار بوو بەڵام بەسایەی بابەخی سەرکردایەتی حزبو شۆڕشەوە بووە بە (٨) ملیون دینار ، ئومیدەوارین لە پاشە ڕۆژدا پتر تریش کەلە گەل فراوان بوونی فەوارەی کۆمپانیاکەو فراوانبوونی بەشەکانی بگونجێ . دەربارەی ئەم کۆمپانیایەوەبەرێز بەریوەبەری بەوەندیەکان محمد ابراهیم هایس دەڵێ :

ئەم کارگەیە پەرەی پێدرا هەتا ئەوەشی گرتەوەی چوار جۆر یەخچاڵو بەقەوارەی هەمە چۆر دروست بکا . زیاد لەمەش توانیویەتی فریزۆری (عامودی لە ساڵی ١٩٧٨ وبەرهەم بهێنێ هەروەها سوپای زەیتی کاوەبایی‌یشی بەرهەمهێناوە .

● **ئایا تاقە کۆمپانیایەکە بەم پیشەسازی‌یە بسپورە یا کۆمپانیایەکی تر هەیە ئەم پیشەسازی‌یانە بەرهەم بهێنێ . ؟**

– تاقە کۆمپانیایەکە بەم پیشەسازی‌یانە پسپورە بەڵام چەند کومپانیایەکی بچووک هەن کە پاشکۆی کەرتی تایبەتی‌یەکە سۆپای نەوتین تەباخی غازی‌و سۆپای غازی بەرهەم دەهێنن .

● **بەنیسبەت کادیری کرێکاران ، کۆمپانیاکەتان هیچ ناتەواویەکی نی‌یە . ؟**

– کۆمپانیاکەمان لەم بارەیەوە هیچ کەم‌وکورتی‌یەکی نی‌یە وەبەشی خۆی کادیری هەیەو پێویستی‌یەکانی ناو بازار بەجێ دەهێنێو ژمارەیان نزیکەی ١٧٠٠ کرێکارن بەڵام لە پاشە ڕۆژدا کاتێک کارگەکانی کۆمپانیاکە فراوانتر دەبێو کارگەی تر دادەمەزرێن ، دەبێ لە پلەی ئامانجمان بێ ، هەروەها بەنسبەت ئەندازیارانی کۆمپانیاکە هەموویان عیراقین بەڵام لە کاتی پێویستی‌دا ڕووبەڕووی هەندێ شارەزای بێگانە دەکەین بۆ ئەوەی سوود لە شارەزایی‌یان وەر بگرین‌و کارگەکانی کومپانیاکەی پێ پێش بخەین .

● **ج چەشنێکی تازەتان وبەرهەم هێناوە ، ئایا هەوڵتان داوە ئەم چەشنە بەرە پێ بدەن کە پێشکەشی هاوڵاتیانی دەکەن .؟**



– حەز دەکەم ئەوە روون بکەمەوە کەوا کۆمپانیاکە لە سەرەتای دامەزراندنیا تەنیا سۆپای دجلەی نەوتی بەرهەم دەهێنا پاش دامەزراندنی بەچەند ساڵێك چەند هێلێکی بەرهەمهێنانی تازەمان زیاد کرد وەکو تەباخی نەوتو تەباخە نەوتی‌یە میللی‌یەکان کە دەخرێنە سەر مێز . لەدوابیدا کۆمپانیاکە بەردەوام هێنی بەرهەمهێنانی زیاد کردووەو بەرهەمی تازەتری هێناوەتە دی وەکو سوپای غازی‌و تەباخی غازی ، . .

پاش شۆڕشی (١٧) ی تەموزی نەتەوایەتی ساڵی ١٩٦٨ و بە یارمەتی‌دانی حکومەتی شۆڕش کۆمپانیاکە دەستی کردوە بە لیکۆلینەوەی بەرهەمی‌و چەند هێلێکی بەرهەمهێنانی تری کردەوە ، ئەوە بوو یەکەم کارگەی بەخچاڵ (سەلاجە) لەساڵ ١٩٧٠ لەوڵاتدا دامەزرا

کۆمپانیاکەمان دەستی کردووە بە پێشخستنی بەرهەمەکانی . هەر چەند هەوڵێکی زۆری داوە بۆ چاککردنەوەی بۆ نموونە تەباخی کارەبایی‌و غازی لەم دوابیەدا وبەرهەم هێناوە هەروەها یەخچاڵی قەوارە (٨) پێی وبەرهەم هێناوە دەرلەماوەی ئەمساڵدا ئەم ساڵەدا یەخچاڵی ١٧ پێو دوو دەرگایی وبەرهەم دەهێنین .

وە ئێستا دیراسەتێکی تایبەتی هەیە بۆ بەرهەم هێنانی سوپای نەوتین کە بە شێوەیەکی تازەبێ لەوانەیە لە کۆتایی ئەم ساڵدا تەواو بکرێو بەجێ بهێنرێ کۆمپانیاکەمان بە سایەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌و بەردەوام ئەو یارمەتی‌دانەی پێشکەش دەکا لە ڕێگەی پێشکەوتن‌و گەشە سەندایەو بۆ ئەوەی چاکترین پیشەسازی پێشکەشش هاوڵاتیان بکرێ .

پاش ئەوەی گفتوگۆکەمان لە گەل بەڕێوەبەری عیلاقاتو بەڕێوەبەری (ئیستیرادو تصدیر) بە وەکالەت تەواو کرد ، سەرێکمان لە کارگەی یەخچال دروست کردن دا کەوا بەشێکە لە هەرسێ کارگەکانی کۆمپانیاکە .

ئەم کارگەیە نزیکەی دە دەقیقە لە بەرێوەبەرێتی کۆمپانیاکەوە دوورە ، بۆ ئەوەی بزانین کار چۆن دەڕوا بەرێوەو کرێکاران چۆن ئیش بەرێوە دەبەن .

کارگەکە بریتی‌یە لە چەند هێلێکی بەرهەم هێنان‌و هەر هێلێکی ژمارەیەك لە کرێکاران بە سەربەوەو هەر یەکە ئیشی خۆی دەکا . چووینە لای کرێکار کازم علی اکبرو لێمان پرسی :

کاکە سروشتی ئیشەکەت چی‌یە .

لە راستیدا بەشە بچووکەکانی یەخچاڵەکە بە بەکەوە دەنووسێنم‌و هەرچەند ماندووبوونی تیایە بەڵام ئەم ماندوو بوونەم لەبیر دەچێتەوەو هەستی پێناکەم کاتێك دەبینم لە ڕۆژێ کدا (٦٠ – ٧٠) یەخچال ئەواو دەکەین .

هەروەها چاومان بە خوشکە برباره داود کەوت کە نوێنەری نیقابەکەیەو لە هێلێکی تری کارگەکە ئیش دەکا .

ئەم کچە کرێکارە فریزۆری یەخچالەکە بەکاویە دروست دەکا لە دوایدا بە چەکوش لابەنەکانی دەکوتێنەوە ، بە ئارەزوویەکی زۆر گەورە ئیشی خوی بەجێ دەهێنا .



● **بەوەندیتان لە گەل کرێکاراندا چۆنە ؟ .**

پەیوەندیکی زۆر چاکە وەکو برای خۆم سەیریان دەکەین و دلسوزانە کار دەکەین بۆ پەرە پێدان‌و زیادە بوونی بەرهەم .

بەتەنگەوە هاتنی خواستەکانی خەڵك

سەرنج :

لەگۆشەی بەتەنگەوە هاتنی خواستەکانی خەڵکو ، دیسان لە گۆشەی باوە ڕبوون بەوەی ناتە واوی لە کوێدابێ دیاری بکرێ بەڵام بەنیازی سەرنج ڕاکێشان بۆ چارە سەرکردنی وبیرکردنەوەی ئەو تەواویانە بۆ سوودی تێکڕایی خەڵك وخواستەکانیان لە ژیانێکی کامەراندا . ئێمە ئەم دیمەنەی شاری هەولێر لەم لایەنەوە کە باری سەرنجی هاوولاتیەکە لە شارەکەدا بلاودەکەینەوە ئومیدمان وایە ، کاربەدەستانی دلسۆزیش‌لەم گۆشەیەو لە گەل ئێمە سەرنجی بدەن .

● بەشی لیکۆلینەوە ●

کەم‌وکورتیەکانی ناوشاری هەولێر لە چاوی هاوڵاتیانەوە

. عبدالله بابە علی .

دەتوانین پلێن شاری هەولێر گونترین شاری کوردستانە ، هەرچەندە ئەم شارە ئێستاش بنکەی ئۆتۆنۆمی‌یەو لە سەر ڕێگای هاوبەنە هەوارەکانە ساڵی چەندەها خەڵکی شارەکانی خوارو ناوەراست ودەرەوەی هەرێمەکەمان دێن بۆ گەشتو گوزار بە هەولێرا تێئەپەڕن .

ئەمشارە لەروی پەرەسەندنی دانیشتوانیەوە زۆر پەرەی سەندوە بەڵام لەرووی پاك‌و خاوینی شەقام‌و شۆستەکانی ناو شارەکە هەر وەکو شارەوانی لی نەبێ وایە . سەرەرای ئەوەی پلەی شارەواتی هەولیر زورباشە (ممتاز)ە :

ئەگەر بێت‌و بەناو ئەو گەرەکانەی کە لە دەورو پشتی شارەکە ئاوەدان کراونەتەوە بگەڕێن‌و ، گوێ ڕاگرین لە ناوەکانیان دەبیسین بە ناوی (ناچاری ، گوێ مەدی یا ... هتد) ناونراون .

ئەو گەرەکانەش زۆربەی هەرە زۆریان هیچ جۆرە خزمەت گوزاریەکیان بۆ نەکراوەتەوە . وەدانیشتوانی ئەو گەرەکانەش هەژارو لێ فەوماوانی دیهاتەکانن کە لەهەر هەژاری نەیانتوانیوە لە ناوشارا خانو بکەن یابیگرن‌و یا بەکری‌دانیشن بەناچاری وەك خۆیان ئەلین خانویان لەو شوینانە کردوە ناوی گەرەکەکانیان بەو ناوانەی سەرەوە ناونراون .

ئەو شارە دیرنیە جاری زۆربەی هەرە زۆری شەقامەکانی قیرتاو نەکراوە ، وە ئەوەی قیرتاویش کراوە یان زور کۆن‌بوە یان چاڵ‌و چۆلی لێ‌پەیا بووە ، گوللەی باری لێ‌ڕائەوەستی لەکاتی باراندا کە ئوتومبیل ئەروا قورو قوراو بەخەڵکا ئەکا .

خۆ شۆستی شەقامەکان زۆربەی هەرە زۆریان نەقیرتاوکراوە نەجیمەنتۆکراوە لەکاتی قورو بارانا ناتواندری بەسەریا بڕۆن بە (ناچاری) دەبێت بەسەر جادەکانا بڕۆیت .

ئەوجا مەترسی لێدانی ئوتەمبیلەکان لەولاوە ڕاوەستێ بۆیە تائیستا چەند ڕوداو ڕوی‌داوە کە خەڵك ئوتومبیل لی‌ی‌داوە . . .

شەقامی ٦٠ مەتری کە بەهەر چوارلای شاری هەولێرا کراوەتەوە شۆستەکەی هەموی خۆڵو قورە نەقیر نەچیمەنتو نەکراوە .

هەندی شەقامی تریش هەیە هەر شۆستەی بۆ نەکراوە واتە زبلو قور ببینی ئەو شوستەی وایەرزکردوتەوە کە شەقامەکە ژێرکەوتووە بوتە گولەئاو .

تەماشای ناو شاریش بکەین زور خراپترەو دەردەدارترە . خو لەزێراب هەر مەپرسە هەندێ زیرابی کۆن هەن لەناو شاری هەولێرا ئەوانیش واپر ئەبنەوە کەسی نیە دوریان بدات . وە زۆربەشیان دەرقاپیان لادراوە یان شکاوە مەترسی ئەوەی لێ‌ئەکری کە هانوچوکەران بکەونە ئاویانەوە ئەوجا لەپەنجەی پیان تا تەوقی سەریان لە قورو ئاوو پیسی نقوم‌بێت .

ئەو بەستەی کە بەناو شاری هەولیرا تێئەپەڕی لەهەر قورو پیسی‌و بۆن‌و مێش‌و مەگەزو مێشولە شارەکەی هەراسان‌کردوەو بۆتە سەرچاوەی نەخۆشی وابزانم بەڕێوەبەرە تەندروستیەکان خۆیان دورن‌و حێگای دانیشتنیان بویە لێ‌ناپێچنەوە .

کە بەناو شاری هەولێری گوی‌مەدیتا ئەگەرێن هەروەك گەلاوەی لی‌هاتووە ناتوانین باسی لێوە بکەین‌و چاککردنی شاری هەولێر پویستی بە جەندان ئامیری باش‌و تازە هەیە وەسەرەرای دلسوزی بۆ شارەکە تا لەروی خزمەت‌گوزاریەوە بتوانی پێش بخرێو دانیشتوانی لێ‌ی بجەسینەوە .

خۆ لەکاتی باو باراندا گوژانەوەی کارەبا بۆتە شتیکی ئاسایی شەوی واهەیە دووجار سی‌جار ئەکوژێتەوەو دانەگیرستیەوە . ئەوە لەکاتی هاوینیشا زوربەی تەرەکەکانی بێ‌تاون‌و ناویان نیە دانیشتوانی ئەبێت ڕۆربۆرین لەگەل شەوا نکەن نەنون تا بەشەتاوی خویان دائەنین سەرەرای لەهەولیرا چەندین بیری ارتوازی‌و پروژەی ئاوی ئیفراز هەیە بەلام وادیارە ناتواندری وەك پێویست دابەشکری . .

بریا کاربەدەستان‌و بەرپرسیاران لەروی پێشکەوتنی شاری هەولێر هەندیك بیریان بکردابوایەوەو پتر دلسۆزیان بنواندایە . .

لا کردنەوەیکی دلسۆزانە

● لەژمارەی ٥٠٩ ڕۆژنامەکەماندا و لەم گۆشەیەوە ، نامەی هاوولاتی (سمکو عزیز) مان لە شاری قەلادزێ بلاو کردەوە ، کە تیایدا هەندێ داواکاری‌و پرویستی شارەکەی بەرچاوخستبو ، لەوانە ، نەبوونی بەنزینخانە لەشارەکەدا ، جا پارێزگای سلیمانی – حوکمی محلی – بەنووسراوی ژمارە ١٥٥٧ لە ٢٤–٢–١٩٨٠ دا ئەم وەڵامەی نووسیوە :

بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری
باس نامەی هاوولاتیەك

ئیشارەت بۆ ئەوەی لەنامەی هاوولاتی (سمکو عزیز) دا لە دانیشتوانی شاری قەلادزێ هاتبوو کە لەژمارە ٥٠٩ ی ڕۆژی ٢١–١–١٩٨٠ ی ڕۆژنامەکەتاندا بلاو کرایەوە دەزگای گشتی دابەش کردنی بەرهەمی نەوت‌و گازی ناوچەی باکوور ئاگاداری کردین کە مەسەلەی دروست کردنی بەنزینخانەیەك لەقەلادزێ خراوەتە بەرنامەی پرۆژەکانی ساڵی ١٩٨٠ وە تکایە ئەم وەڵامە بلاو بکەنەوە .

جعفر عبدالکریم حسین
ج /پارێز گاری سلیمانی

هاوکاری : ....

ئێمە لەکاتێکدا سوپاسی ئەم لا لێ‌کردنەوەی پارێزگای سلیمانی دەکەین کە بەتەنگ وەڵام دانەوەی خواست‌و داواکاری هاوولاتیەکانەوەدێن دووبارەی دەکەینەوەئەم جۆرە هەڵویستە شایانی ڕێزەو خۆزگە دامودەزگاکانی ترش کە داواکاری هاوولاتیەکانیان ئاراستە دەکرێ ئەم هەنگاوە بنێن .

بۆ بەرچاوی بەڕێوەبەرێتی هاتووچۆی سلێمانی

لەهاوولاتیانی دانیشتوی خانووەکانی کارگەی جگەرەی سلیمانیەوە ، نووسراوێك هاتووە ، کە ئاراستەی بەڕێوەبەرێتی هاتووچۆی سلیمانی کراوەو تیایدا ڕوونیان کردۆتەوە ، ئەوەشەقامە سەرەکیەی لای ئەو خانووانەوە تێدەپەڕێ تائێستا چەندان کارەساتی بوون بە ژێر ئۆتۆمبیلەکەوەو لەیەکدانی ئۆتۆمبیلی تیا قەوماوە ، ئەمەش بەهۆی خیرایی لێ‌خوڕینی ئۆتۆمبیلەوەونەبوونی چاودێری تەواوی پولیسی هاتووچۆ لەبەرئەوە داوا دەکەن بایەخ بەم مەسەلەیە بدرێ‌و ئیشاراتی هاتووچۆ لە شەقامەکەدا دابنرێ لەگەل چاوێری پێویست‌و سزادانی توندی سەرپێچی کەران .

هاوکاری : ....

ئێمەش دەنگمان دەخەینەپال خواستی ئەو هاوولاتیانەو ئومیدی ئەوە دەکەین بەڕێوەبەرێتی ناوبراو دلسۆزانەو خێرا چارێکی مەسەلەکە بکا .

لە چوار قورنەش ئەم نامەیە

● **نامەی هاوولاتی محمدمصطفی احمد لە ناحیەی چوارقورنە لەنامەکەیدا دەڵێ:**

گەرەکەکەمان ، گەرەکی (گولەکیان) لە ناحیەی چوارقورنە کۆڵانەکانی بێ‌زێرابن‌و بەزستان قوڕو چڵپاو بەجارێ هەراسانی کردووین ، دیسان کارەبای کۆڵانەکان زووزوو دەکوژێنەوەیان جاری وا هەیە هەر داناگیرسێن کە کاریشی دەکا بێ‌هیزەو سوودی نیە . داوا لەکار بەدەستانی ناحیەکە دەکا بەدلسۆزی ئاوڕی لەباری ئەم گەرەکە بدەنەوە .

Institut Kurde de Paris

ماتماتیك و « ووشەی جووان گولە گول »

دلشاد محەمەد ئەمین

لەم ڕۆژانەی ڕابوردوودا کاك لەتیف هەلمەت کۆمەلە شیعری هەشتەمی بە ناوی « ووشەی جووان گولە گول » پێشکەش بە نامەخانەی کوردیو خوێندەوارەکانی کرد . برای شاعیرمان لەم قۆناغەدا بەوە ناسراوە کە شاعیری گفت ساکارو شیرینی لاوو گەنجە خوێندکارەکانی کوردەیە تایبەتی ڕووکارو دڵسۆزو لەفزڕەوان وەك سۆفیێکی خۆمالی دەدووێو لەڕێی شیعرەکانیەوە بێ پاسپۆرت دێتە دەکا بە لانەی خوێندکارەکانەوەدا لە قۆناغێکی تایبەتی تەمەنیاندا گەلو بیرمانیان لەبەر چاو سیرینتر دەکاو ووشەی شیرینی کوردیان دەدا لەبەرۆك .

دیارە شاعیرێکی لەم جۆرە ناچار دەبێ بۆ ڕوونکردنەوەی گەلێك مەسەلە واز لە هەندێك لایەنی هونەری بهێنێ تا ساکارتر بێتە پێشێ تا زۆربەی زۆری خوێنەرەکانی حاڵیبکا لەو دیمەنو هاوکێشە شیعریانەی لە لایەتی « ئیتر هی خۆیێن یان بە هزی خوێندنەوەوە چنگی کەوتبن » .. گرنگ ئەوەیە کە پێویستە خۆی تووشی گیرو گرفتی تەمو مژو مەتەڵو مەتەڵۆك نەکا ، شاعیری ئەم باسەمان لەم ڕووەوە وەك ئەو پێناسەیەی کردمان ئارادەیەك سەرکەوتووەو توانیوێتی ووشەی جوانیان وەك گوڵ بۆ دەربخا ، بەڵام شتێك هەیە ئێمە وەك خوێندەوارێك گومانی لێدەکەین برای شاعیرمان باوەڕی پێی هێنابێو بەکاری هێنابێ ئەویش ئەوەیە کە شیعر هەرچەندە ساکاربێ یان ساکار بنووێنێ هێشتا لەلایەن شاعیرەوە پێویستی بە هەندێك دەستکاری‌ی هونەری هەیە چ بە مۆنتاژ چ بە سەتکردنی زاراوەو ووشەی زێران ڕستەکان چ بە دۆزینەوەی پەیوەندی حەستکردنەوەی دیمەنەکان ڕووالەتی‌ی مەجازی لە نێوان هاوکێشە شیعری‌یەکاندا بۆ دەست نیشان کردنی بەیرەندی‌یە بناغەیی‌یەکانی نێوان ئەو هاوکێشانە ، واتە نابێ شاعیر شیعرەکەی لە بەکەم دەربڕین‌دا کە خستی‌یە سەر کاغەزەکە چۆن بووە هەروا پێشکەش بە خوێندەواری بکا بەبێ زیادو کەمو دەستکاری‌ی هونەری‌یانە ، چونکە ئەو کەسەی وادەکا « دوور لە ڕووی هەلمەتو خوێندەواران ، ڕێزم هەیە بۆ گشت لایان » لە شاعیر دەردەچێو دەبێتە شایەر کە لە کاتی چەپڵە ڕێزانی شایی‌دا چی لەدەم دەرچوو هەر ئەوەیەو لێی پەشیمان نابێتەوەو بە لوتکەی داهێنانی دادەنێ .

ئەم کەمتەرخەمی‌یە بە شیعرەکانی شاعیری ئەم باسەمانەوە دیارەو بە کەمو کورتی‌یەکم .زانی‌و لە دڵسۆزی‌یەوە حەزم کردەهەلمەت دەربارەیان وورریابکەمەوە هیوادارم لێم نەڕەنجێو تێز تێژێنم لەئەل نەکا چونکە ناشوکری‌نەبێ ئەمڕۆ ڕەخنەی کوردی وای لێهاتووە گەر دوو -سێ دێر تیبینی یان سەرنج یان ڕەخنەت لە نووسەرێك یاوەکو شاعیرێك گرت دەبێ دوو - سێ جار دەستی بۆ بدەی بە قورئان‌دا کە مەبەستەکەت پاکەو هیوات پێشکەوتنی ئەدەبەکەمانە دەنا دەکەوێتە چەفۆ لێساوین‌ودەشێ بتگرێو دو - سێ شەقی مزریشت تێهەڵبدا ، دیارە کاك هەلمەت شاعیرێکی ناسکەو لەوانە نی‌یە لەسەرورشەی جووان هەلوێستی ناجووان بەکاربێنێ .

ئەم مەسەلەی ڕازاندنەوەهونەری‌یە ئەمڕۆ لە جیهانی ئەدەب‌دا کارێکی پێویستەدەنا شاعیر تووشی هەندێك گیروگرفت دەکا ، لەوانەوەك : - ڕووو کاری،درێژەدان بە باس بەبێ ئەوەی جێی‌خۆی‌بێ ، لەیەك چوونو نزیك‌بوونەوەی شیعرەکان لەبەکتری .. بە جۆرێك ڕەخنەگر بە مسوەدی‌بەکتری‌یان تێدەگا ، جگە لە پەیدابوونی دژواری لەنێوان دیمەنو هاوکێشە شیعری‌یەکانی‌دا ، هەروەهاجگە لە کەم‌کردنەوەی تەئسیریان بۆ سەرخوێندەوار ، ئەم گیرو گرفتو ناتەواوی‌یانە هیچ‌دأسۆزێك حەزناکات لە شیعری شاعیرانی (کە هیچ‌نەبێ) گەلەکەی خۆی‌دا هەبێ بۆیە بە ووردی ئەم باسەم‌تەرخانی لایەنێکی ماتماتیکی‌کرد وورریابکەمەوە ، هیوادارم‌تەرخانی لایەنێکی ماتماتیکی‌کرد لە ڕووی سەر ژمارەی ووشەدووبارەکراوەکان‌دا « جووتە ووشە » ، دیسانەوە هیوادارم‌هەر لە ڕووی دڵسۆزی هەلمەت‌حۆیەوە بۆ شیعرەکانی واز لەم کەمتەرخەمی‌یە بهێنێو کەمێك‌خۆی بە بژارکردنی دەرهەمەکانی لەمەولایەوەحەریك‌بکا .

بۆ ساناکردنی سەر ژمێرەکەجووتە ووشەکە دەنووسم‌و لە تەکی‌یەوە ژمارەی لاپەڕەکەدەنووسم ، واتە ئەو ژمارەیەی خوێنەر دەیبینێ لە دووای‌جووای جووتە ووشەکەوە دایراوە ئەوە ژمارەی لاپەڕەی‌کتێبەکەی هەلمەتە کە ئەو جووتە ووشەیەی تێدایە .

خۆگەر ژمارەیەك دووپات‌بووەوە مانای ئەوەیە لەو لاپەڕەیەدا زیاد لە یەك‌دانەجووتە ووشەی تێدایە .

گولە گول - بەرگ
دەستەکانتان -دەستەکانتان - ٣
خۆشەویستی -خۆشەویستی - ٣
نیشتمان - نیشتمان -٣ و ٤٣
من من من - ١٢
دووئاوارەین دووئاوارەین- ١٥
تەڕ تەڕ - ١٦
تەڕ - ١٦ .
دادەباریێو دادەباریێ - ٢١و ٢٢ و ٢٨ .
نامێنێو نامێنێتەوە - ٢٢
نایەتەوەو نایەتەوە - ٢٤
ڕەش ڕەشە کە - ٢٦ دووجار
تینوو تینوو - ٢٦
کێ دەزانێ کێ - ٣٤دووجار
توند توند ، توند توند - ٣٩
شاعیرم شاعیر شاعیر -٤٥
بڕۆ بڕۆ - ٧١ سێجار
وانیە وانیە - ١٤١
شینە شین شین - ١٤٨ و١٥٣
گریاین گریاین - ١٥٦ دووجار
وسبە ڕۆڵە وسبە ڕۆڵە- ١٧٢ دووجار

(تێبینی : کاك دڵشادمحەمەد ئەمین ١٧٢ نموونەی جووتە وشەی هێنابووەوە ..بەڵام وامان بە پەسەند زانی کە هەر چەند نموونەیەکی‌لێبخەینە بەرچاوو ئەوانی تر خوێندکاران خۆیان لە کاتی‌خوێندنەوەدا هەستی‌پێ - دەکەن‌و داوای لێبوردن لەنووسەرو خویندکارانیشی دەکەین ..)

بڕوانە ل : ٧



نارینا من !!
بێ دەنگیا تە
کوڤانەکا گەلەك کویرە ..
هندەك دبێن : هاتناتە
ئومێدەکا ئێك جار دویرە ..
لێ شرینێ !!
دەمێ نەخشا ڕەشەجافێت
تە دخوێنم ..
برین کت کت ژلەشی دکەڤن ..
دەمێ بەردا کەڕبوینا تە
دهەلینم ..
ئازار من دهێلن‌و درەڤن ..
لێ نارینێ ئەز نزانم
بوچی هێدی هێدی دئێی ؟ !
هەی کەهنی‌با ئەڤێ ژینێ ،
چرا بێج پیچە تو دزێی ؟ !
ئاخ ! تو دزانی
من چەند تو دڤێی ؟!
زویە بێژە .
کەنگی دێ بی لافاوو نێی ؟!
کەنگی دێ ئێی ؟!
کەنگی دێ ئێی ؟!

« خلیل محمد دهۆکی »

تویشووی سەفەرێکی سەخت

لە هەولێر

لە دوا ڕۆژی مانگی شوباتدا .. کە هێشتا زۆرانبازی نێوان سەرماو بەستەلەکی زستانە سەختەکەو بەهارە ڕەنگینەکەی کوردستان کۆتایی نەهاتبوو.. بەڵام سروشت خەریك‌بوو وردە وردە بەدەم گوڵو بەهارو سەوزەگیاو ژیانەوە بخنێتەوە لەو ڕۆژەدا (سەفەرە سەختەکە)ی مامۆستا حسێن عارفی چیرۆکنووسو هونەرمەند کەوتە گێڕانەوەی بەشێك لە قاڵو تفتیو خەندەکانی ئەو ڕێگا دوورو درێژەی لە کاروانی وشەو هونەری چیرۆکنووسی بڕبوێتی ئیتر باس باسی « بەفر »و « پایز »و « تاریکایی » لاڕێ کانو « کانی » ڕوونی بەرتریفەی مانگەشەو، گزنگو «شەفەقی» بەرەبەیانو حەزو خۆشەویستی ڕیبوارانی سەفەرەکەو شەکەتی کاروانەکەو سەدان ئەندێشەی وردو درشتی ژنو مێردو منداڵو دڵداران‌و خۆبەختکەران . . هەروەها کینەو ڕقی بێ مروەتانیشە.

کەناری پشووداني « سەفەرەکە » .. ئەمجارەیان لە شاری هەولێرو لە هۆڵی « ئیبنول موستەوفی» بوو .

هۆڵەکە بە ئەدیبانو دۆستانی وشەی کوردی‌و هونەری چیرۆك جمەی دەهات . . بۆ ئەوەی لە گەل کاك شێرکۆ بێکەسی شاعیرو کاك ڕەوف حەسەنی چیرۆکنووس‌دا پێکەوە نۆرەدوو زدوادی ناو توێشەبەرەکە تامبکەن ..

کاکە مومتاز حەبدەری ڕۆژنامەنووس بە وتەیەك کۆرەکەی کردەوەو کاکە سامی شۆڕشی شاعیریش کۆرەکەی ئەڕیوەبرد ..

شێرکۆ بێکەس لەو باسەی‌دا کە ئامادەی کردبوو .. پێشەکی کێشەی « لە بیرچوونەوەو لە بیرنەچوونەوەی » چیرۆکی حستەڕوو کە هەندێ چیرۆك هەردەم نەمرەو لە ناو بیروهەستدا دەمێنێتەوە دەژی .. گەلێکشیان لایەڕەکانی چاپەمەنێکان بۆیان دەبێتە تابووتو بەرەو هەستو بیری خوێندەواران هەنگاو نانێن .

دوای ئەوە زۆر بە وپەسەندەو دەتوانرا لەم چیرۆکانە پێکەوە ڕۆمانێکیان لێ‌پێك بهێنرایەو حسێن عارفیش خۆی ئەم ڕایەی بەسەند کرد .

ئەمجا ڕەوف حەسەن ئەوەی ڕوونکردەوە کە لەوەوبەر بوسینەکەی شێرکۆی نەدیوەو بۆ ئەوەی ماوەی دەمەتەقێ بۆ ئامادەبوان بمێنێ ئەو ڕایانەی لەگەل شێرکۆدا چونێکن دووبارەی ناکاتەوەو زۆر بە کورتی سەرنجەکانی پێشکەشی دەکات ..

کورتی باسی ئەوەی کرد کە هەندێ ڕەخنە بەرهەمو داهێنانە ئەدەبیەکان دەچەوسێننەوەو زاراوەی « ڕەخنەی چەوسێنەر »ی بۆ بەکارهێنان ..

ئەمجا کاك شێرکۆ لە چیرۆکە بەرایەکانی حسێن عارفەوە پیاهاتو دەربارەی « لە کۆری خەباتدا» پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە تەنانەت لە ئاستی چیرۆکە هونەری‌یە عەرەبیەکانی ئەو سەردەمەی عێراقیش‌دا نەبوون .. بۆ « کلاڤەیێك ژانی تووڕە »ش وتی کە هێندەی «تویشووی سەفەرێکی سەخت » پەیوەست نەبوو بە ژیانو گوزەران‌و خاکو نەتەوەکەمانەوە . .

ئەرەشی ڕوونکردەوە کە ناتوانین هێڵێکی بەیانی ڕاستو ڕەوان بۆ گشت چیرۆکەکانی حسێن عارف بکێشین‌و ڕادەی بە ڕەو بێشەوەچوونی دیاری‌کەین .. چونکە لە هەموو سەردەمەکان‌دا حسێن لە ئەرزبوونەوەو نزم‌بوونەوەدایەو ئەم کۆمەڵە چیرۆکەشی داهێنانی ئەمرو لە بیرنەچووی تێدایە شان بە شانی بەرهەمی ئەو تۆ کە زیاتر خەریك‌بوونە لەگەل شتە « ذهنی »یەکان‌دا.

ئەو چیرۆکانەی لە بیر ناچنەوە وبەلای شێرکۆوە ڕابەیێکی تایبەتیان هەیە ، ئەوانەن کە لە ژیانو باری سەختی نەتەوەکەمانەوە هەڵقولاونو هونەرمەندانە دارێژراونەتەوە .. «جەستە مێکۆلانەکە »و «کانی‌ڕەحمان»و « بەفر » بە پلەی یێکەم دێنو ئەمجا « مەرگی نابینێ » و « دیمەنێکی ژەنگاوی »و « شەفەق » .

سەرەڕای ئەوەی کە تێبینی دەربارەی « بەفر » ئەوە بوو کە تا چەند دەتوانێ فەناعەت بە خوێنەر بکات بە هۆی غەفلەتە زانستیەکەیەوە کە ڕەق‌ذوونەوە لە ناو گەلەوە دەستپێدەکات ..

سەرەڕای ئەوە ، شێرکۆ توانی پێوەندی‌یێکی ڕبەرەکانەی نێوان گشت یا زوربەی چیرۆکەکان بە وزێنەوەو لای وابوو کە دڵدارەکانی « دوو چیرۆك‌و ئەشقێك » هەر ئەو تازە بوونو زاوایەی «خۆڵو باران‌و پاییز »ن‌و لە «شەفەق »ش‌دا هەوڕێی کۆچی یێکترن‌و «لە تاریکایی »ش‌دا ژن‌و مێردن ، بەڵام مێردەکە هەر سەودامەری دوای ڕاستیەو بە دەست تاوانە بێ مروەتیەکانەوە دەناڵێو لە لە چیروکی « مەرگی نابینێ »ش‌دا ژنە لەسەرە مەرگ دایەو خۆشەویستیە گەورەکە هەر بە ناوبان‌دا بەخشەو بەڵکە ڕۆژانی چەرمەسەرێ هێندەی تری بێکەوە لکاندوون . .. پیرەی « کانی ڕەحمان »یش هەمان گەنجی « سمۆرە »یە کە لە تەنیشت کانیاوەکەوە بشوویێك دەدا .

هەر دڵدارەکەی چیرۆکەکانی تربشە ئیتر چ لە خۆشەویستی بەر ئەردەوامی‌دا بۆ خاك‌و ئەتەوەو چ لە خۆشەویستی « ژن »ەکەی‌دا « جەستەچکۆلانەکە »ش دوور نیە کۆرپەیێکی ئەو ژیانە بێ لە ئەندێشەو سەوداسەریەیان بێو کەواتە « توێشووی سەفەرێکی سەخت » ناونیشانێکی گونجاو دەربارەی پێشەکیەکەی شێرکو وتی کە کێشەی لە سەرچوونەوەو نەچوونە وەی چیرۆك پێشەکیەکە بۆ هەموو ڕەخنەیێکی ئەدەبی دەشێو تایبەتی نیە بە کۆمەلە چیرۆکەکەی کاك حسێنەوە.. بۆ ئەو زاراوەیەی کە « چەوساندنەوەی ڕەخنە »یا « ڕەخنەی چەوسێنەر »یشی ناو ناوە .. پشتگیری شێرکۆی کرد کە « ڕەخنەی »وا هەیەو لە ناکۆکی کەسایەتیەوە هاتووە.. بەڵام ئەو ڕەخنانەی کە «دەقی ئامادەکراو » دێنێو ئەو ڕەهەمانەی پێ‌ڕەت دەکەنەوە کە بەڕاستی لە خزمەتی مرۆڤو کۆمەڵو بیری بێشکەوتنخوازی‌دا نین . . ئەمەیان چەوساندنەوە نیەو چی تیایە بە هۆی کۆمەلێ بیروڕاو فەلسەفەی مرۆڤایەتیەوە بەرچاوی ئەدیبان ڕووناکتر کرێتەوەو چی تیایە بە چیرۆکێکی وەك « بەیەکا چوونی شتەکان »

بڕوانە ل : ٧

بلۆك

سۆفیگەرێکی گاوری نزیك لە شۆڕش بوو..!

ئامادەکردنی : محمود زامدار

ئەلگزاندەر بلۆك ، دیاردەیەکی سەیرو لە ئەندازە بەدەری نێو شیعری ڕوسی‌یە ، شاعیرێکی بلیمەت‌و لێهاتوە ، لە ئەوەدەکانی سەدەی ڕابردودا، لەگەل سەرهەلدانی گەلێ کەلەشاعیری وەکو : (نیکراسۆف‌و تۆشیف‌و فێیت) دابووە ..

هاوچەرخی مایاکۆفسکی‌و گۆرکی‌بوو .. بەڵام لە کەشو هەوای شۆڕشگێڕانەی ئەو سەردەمە لاتەرازبوو .. لە پاك ئەوەشدا ساتوسەوای لەگەل مەبەلە هەڵیساوەکانی مرۆڤو بە تایبەتیش مرۆڤە چەوساوەکانا کردوە .. لە سیاسەت دووربوە ، کەچی هێڵی شۆڕشگێڕانەی مەسیح‌و مەسیحیەت زۆر کاری‌تێکردوە ... !! بە جۆرێ وێنەی مەسیح بوە بە مەرجێکی دیارو دیموکراتیانەی نێو شیعرەکانی بلۆك ... چل‌و دوو ساڵ زیارە ، بۆ مرۆڤە دڵبریندارو خەمگینەکان ژیاوە .. بەڵام قوتابخانە مەزنەکەی هەر بێکەس‌و بێناو ماوەتەوە .. ! کەچی ڕەختەگران، نازم‌و مایاکۆفسکی دائەنێن ... !!

ئەی ئەوەی بەخەمێکی قوول چەکدارکراوی ،
ئەی مەسیحە هەزار ڕەنگەکەم ،
من بە بۆشایی چەکدارکراوم
تەنیا (ئەیفونە) یەکم لە مل دایە
کە میهرو سۆزەکانم ئەمژێ .
مەسیحیش ، وەکو من تەنیابوو
وەکو من پاك‌بوو
وەکو من خەمگین‌بوو
وەکو من بۆن‌و بەرامەی ، گوڵە گەنمی لێ ئەپژا
وەکو من خەونی ئەبینی
وەکو من هەژارو جوانی پەرستبوو
وەکو من ڕق دایئەگرت‌و ئەڤینی لە هەمیز ئەنا
وەکو گوڵە گەنمێکی شیلەدار ، گەش‌و بەردەوام‌بوو

× × ×

(کاتیا) بە خۆشەویستی.، لێواو لێوبوو
بیری لە من ئەکردەوە
هەمو تەمەنی خۆی لەچاوەڕوانی منا ، بەسەربرد.
من ڕۆیشتم‌و کەوتمە نێو (توونی بابا) کانەوە
(کاتیا) گریاو چاوەکانی ئەسری تێزا
(کاتیا) بە نێو لەپی‌لە رزۆکی :
دانە فرمێسکەکانی هەلگرت ،
فرمێسکەکانی بوون بە خوێن
خوێن‌بوو بە سەرەتای قۆناغێکی تازەی ژیانی
(کاتیا)
(کاتیا) بوو بە خاوەنی فرمێسك
(کاتیا) بوو بە خاوەنی خوێن

× × ×

زریانەکە ئەبلوراند
منیش لە نێو کێلگەی ئەستێرەکانا ، بە دوای
دیدەکان ئەگەڕام بە گۆرانی بە ستەلەك تەڕ ببووم
روخساری پەراش بووی تۆم لەبەرکردبوو
منی پڕ لە ئەشکەنجەو بێزاری
منی ڕەنگ زەردو دڵدار ...
ئەی ئەو روخسارەی کە بەئاژاوەی بەستەلەك
چەکدارکراوی‌و
لە نێو گەردو گوڵی بەفرا ، سەفەر ئەکەی
ئەی مەتەلە سەختەکە
ئایا منت ناسی ؟
لەلای منا ، ئەستێرەکان وەکو ئەگریجەی خوێناوین
ئەبانەوێ ، بەر لە دارمان ، ڕێگەی خەم بگرنە بەر،
ئەزانی .. !
ئەوەی ئەمان ئەزانی ، زانیمان
منیش بەسێ شت : بە
« بەرەبەیان‌و مەی‌و تۆ » چەکدارکراوم ...



بە خەمناکی‌و گومانەوە دیدەنیت‌کردم ،
ئێستە ئەوەندەی دووری ئاسمان دوورکەوتویەوە .
وەك یەکەم دیدەنیت ئەبیەوە گومان‌و خەمناکی
هەموو دنیا ! .
چەپکێ گوڵی سوورو چرایەك بۆ سەر گۆڕەکەم
دێنی ،
هەمیشە لە پێش چاوما چەشنی لق‌و گەڵای
درەختەکانی وڵاتەکەم دەشنێ یەوە .
ئەڵێی هەر ئێستە لێم ونبووی ؟! .
سەرشێت‌و بێهودە بە
شەقامەکانی شارەکەودا لە دووت
دەگەڕێم‌و نات دۆزمەوە .
ئەم ساڵانە هێندە خێرا تێپەڕ ئەبن کە سەرئەکەمەوە
بە ژوورەکەمدا هەر بۆنی عەترەکەی‌تۆی لێدێ . .
کابوسێك وەها ئەم شارەی خنکاندوە هەرچی
بانگت ئەکەم نایەیت بە دەنگمەوە . هەرچی تەماشام
ئەکەی گومان ئەکەی‌و نامناسیەوە نە - حەمە -ی
نازم حیکمەتت دێتەوە یاد : نە بە شەقامی یەکەم
نامەی خۆشەویستیماندا ئەڕۆیەوە !.
ئاگر جارێك چیا ئەسوتێنێ ، جارێکی تر ئەبێتە
هەزار چراو عەشقێکی پیرۆز ! .

(٢)

چراکەی دەستت بە نفی دار ئەرخەوانێکی
- سەیوان - ەوە هەلدەواسی ، هەتا شەوێکی تر
بێی‌و دیدارم بکەیەوە ! .
ڕووناکی چرا نەبێ ڕێ دەرنابەی ،
چونکە تۆ هەمیشە کات‌و جێگاکانت بیر ئەچێتەوە!.
نایان دۆزیەوە .
ئەم چراو گۆڕو دیدەنیە بوو بە مێژوو ، ئاسمان
شەوان ئەستێرەی تێ ڕژایەوەو بەر بەیان خۆر
هەموی لە دڵی خۆیا شاردەوە هەزار شەو
ڕادەبووری ، چراکەی تۆو « ئەرخەوانەکەی
- سەیوان»(١) ئێشکی گۆڕەکەم دەگرن .
من خۆشەویستیم بەخشی بە تۆ ، تۆش چرایەکی
بیرەوەریت بۆ هێشتمەوە !.
ئەم ڕازو شێتبوونە کۆتایی هەیە ؟! .
لەم ڕۆژگارەدا پیاوی دێوانە خەلوەتی هەیە ؟!

- ٣ -

وتم : چرا مەکوژێنەوە !
ڕێ دەرنابەم .
ئەم وەیشوومەیە سەرم بۆ کام جێگا ڕائەفرینێت ؟!
خاکی نیشتمانی خەم بێسنوورە
وەك ئاسمان بێ کۆتایی‌یە ،
ئەم وەیشوومەیە لە سنوورو کۆتاییدا ئارام ناگرێ،
سەریشم گەیشتە نیشتمانی خۆی ،
گەیشتە یادی ماچە گەرمەکانی خۆشەویستی‌ی تۆ!،
بێوادە ڕۆیشتی !
بێ چرا ئەم ڕێیە تەنها مەرگی لە دڵایە .

١ - ئەرخەوانەکانی گردی سەیوانی سلێمانی بە ناوبانگن‌و لە زۆر شیعرو نووسیندا بەکارهاتوون .

Institut Kurde de Paris

دەق قسەکانی سەرۆکی فەرمانڕەوا صدام حسین لەکەل وەزیرانی کاری عەرەبدا « پاشماوە »

براینە ئەم هەشت بیروباوەڕە دوو لەم لێکدانەوەیە عیراق هیچ بە ڕژەوەندێکی تێدانییە .. وە هیچ خاڵێکی تێدانییە بەڵکو لەوانەیە ئەگەر بیرکردنەوەی نیشتمانیمان لەبیرکردنەوەی نەتەوایەتیمان دوورخستەوە کەسان دەبینین کە بڵێن ئەو بیروباوەڕانە دژی بەرژەوەندی عیراقو عیراقێکانە .. بەڵام ئێمە ناتوانین کە بەرژەوەندی عیراق بەبێ بەرژەوەندی نەتەوەکە ببینین .

● نرخی عێراق لەسەر فرازیی نەتەوەکەدایە .

سەرفرازیی عێراق نرخی نییە لەکاتێکدا نەتەوەی عەرەب سەرشۆڕ بکرێت .. ئەوە نرخی نییە کە بوترێت عیراق سوپای بێگانەو بنکەی بێگانەو تەسهیلاتی بێگانەی تێدانییە لەکاتێکدا سوپاو تەسهیلاتو بنکەی بێگانە لەجێگایەکی تر لەسەر خاکی عەرەب بێت .. هەروەها ئەم پێك گەیشتنەتان هەرچیەکی لێ وەبەرهەم بێت بێگومان لەوە چاکترە کە پێك نەگەن .. وەکاتێك هەمیشە نەخشەی ئەوە دەکێشن کەوا لەکۆبوونەوەی داهاتوودا هەنگاوێکی دوورتر دەنێن لەو هەنگاوەی لەم کۆبوونەوەیەدا دەنێن ئەوە هیوای گەردەمانە بەئێوەو لەگەڵ ئاواتەخوازیمان بەسەرکەوتنتانو سلاومان بۆ هەموو برایان بەبێ جیاوازی .. عەرەبو مەلیك سەرۆکەکان لەگەڵ ئاواتمان بەسەرکەوتنیان .

● هەموو ئەمە بۆ فەلەستینە

هەموو ئەم قسانە بۆ فەلەستینە ، بۆعەرەبێك دەست نادات کە بەعەرەبێکی برایەوە خەریك بێتو تەسەووری خێری ئەوەی لێ بکەین کە فەلەستین رزگار دەکات .. ناکرێت کە تەسەووری ئەوە بکەین کە جولەکە لەبرسییەکی دواکەوتووی ڕۆشنبیریو تەکنیکیو زانستی دەترسن .. « ئیسرائیل » لە سوپایەکی عەرەب ناترسێت کە لەدۆخی ئێستادا لەسێ ملیون پێك هاتبێ لەسەر زەمینەیەکی ئابووریی بەهێز و سایەی کۆمەڵگایەکی هاوچەشنو لەسایەی توانستێکی زانستیو تەکنیکێکی پێشکەوتوودا « ئیسرائیل » لەوەدە ترسێ .. وە بۆ ئەو پرۆژەیە مەبەست گەیشتنە بۆئەمە وەکاتێك بەمەدەگەین ئەوە مەبەستە .

گرنگ ترین ئامانجێکی بەشەرەفانە لەناو ئامانجەکانماندا ئەوەیە کە فەلەستین رزگاربێت .

خوا دەست بەشتانەوە گرێت

دوای ئەوە یەکێك لەبەرێزان وەزیرانی عەرەب وتارێکی بەناوی وەفدی عەرەبەوە خوێندەوە لە وتارەکەدا سوپاسو ستایشی خۆی بۆ بەرێز سەرۆکی فەرمانده صدام حسین نیشاندا بۆ ئەو دەستی ڕێزلێنانو میوانداریەی لێیان کراوە .

وە ستایشی ئەو هەرلو تەقەللایەی کردوو کە بەرێز سەرۆك لە پێناوی بەکێتی کاری عەرەبو سەرفرازی نەتەوەی عەرەبو بەرگری لەدەسەڵاتو سەربەخۆیی دەیدات .

لە چاوپێکەوتنەکەدا بەرێز طە یاسین رمضان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشو یەکەم جێگری سەرەك وەزیرانو عەقید روکن طارق حمد العبدالله ئەمینداری گشتیی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش وەئیلی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمارو هەندێك لەوەزیرەکان ئامادە بوون .

میسر (پاشماوە)

کردۆتەوە کە بەخشینی ئەم جۆرە زریلیە بە ڕژێمی سادات نابێتە مایەی مەترسی ئەوە . ئەوە بو وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە مانگی رابوردوودا ئەوەی راگەیاند کە ئەو زریلیو چل فرۆکەی ئیف - ١٦) بە ڕژێمی سادات دەفرۆشرێت . لەلایەکی ترەوە سایرۆس فانس وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاله واشنتۆن لەگەڵ ئیرل شارون وەزیری کشتوکاڵی زایونی دا کۆبۆتەوە کە ئێستاکە بۆ سەردان چووە بۆئەمەریکا .

لە کۆبوونەوەکەدا باسی ئەو مەسەلانەیان کردووە کە هەردوو لا لایان گرنگە شارۆدوای کۆبوونەوەکە رابگەیاندووە کە بنیاتکردنی موستەعمەرات لە خاکی زەوت کراوی عەرەبدا لەمەو بەرەوتا ئێستا بە لایەن قەوارەی زایونیەوە مەسەلەیەکی گرنگە .

چاوەروانکردنی (پاشماوە)

توندوتیژ لەمەیدانی بەڕێکردنی ئەنوپەلدا وهەڵاوسانی بودجەی پارەدان و ئەو پاڵەپەستۆیەی کە ولاتە یەکگرتوکانی ئەمەریکا دەیکاتە سەر ولاتانی هاوبەش لەبازاری ئەورووپا ٥ مووی دەبنە کارێکی چاك بۆ رووداتی تەنگو چەلەمەیەکی ئابووری لەنێوان ئەم کۆمەڵانەدا .

توێشووی (پاشماوە)

بوری : کامەتا مرۆڤ ؟! ئەم تاقیکردنەوە دەسکردە بۆ کێیەو لە پێناوی چیدایە ؟! ڕەنگە ئەورووپای تیرو تەسەلی ئەدەبو ریباژەکانی ئەم تاقیکردنەوانە زیانیان لێ نەدا جونکە زەخیرەیێکی گەورەیان خستوە .. بەڵام لای ئێمە وەك ئەوە وایە بوتلێ وێسکی بە قورگی برسیەکدا بکەی ..

ئەمجا بە کورتیو پچڕ پچڕ هەر لەسەر ئەم ڕێازە هەندێ لایەنی تری ڕوونکردەوە ، کە ڕۆمانی نوێی فەرەنسایی بەتایبەتی لای ئالان ڕۆب گرێەو بۆتۆرو ساروواتو .. هتد بایەخێکی تەراو بە وەسفکردنی « شتەکان » دەدەنو لایان وایە کە شت لە پلەی یەکەمدایەو مرۆڤ دوەم . . لای حسێن عارفیش وەسف دەورێکی گەورەی هەیە . . بەڵام مرۆڤ هەر لە پلەی یەکەم دایە .. چیرۆکەکانی « بەفر »و « خۆڵوباران»و بایبز»و «سمۆرە »و بەتایبەتی « بەیەکا چوونی شتەکان» زیاتر لە پەخشانێکی هونەری بەپێز دەچن .. ڕووداو نیە .. یا دەتوانرێت ئاری لێ بنرێت « ڕوواوی بێ ڕووداو » .. دایەلۆگ نیە.. ڕاڵەوانی « خۆڵو ... » بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوەو مەبەلۆژێکی بەردەوامە باشە درای گەڕانەوەی چی‌تر ؟! کابرای ناو « بەفر » لە مەرگ نزیك دەبێتەوە .. بۆ ولە بتناوی چی‌دا ؟! دوای- جاربڕینە چاوی « سمۆرە » چی‌تر هەیە ؟! مرۆڤی ناو « بەیەکا چوونی شتەکان » چی دەکا بۆ ئەو وەزعە ؟ ! ئەمانە پرسیارنو چیرۆکەکان وەڵامیان تێدا نیە ..

ئەمجا باسی ئەوەی کرد کە بە نیسبەت چیرۆکە نوێیەکانی فەرەنسای بەوە لە چەند لێکۆڵینەوەیێك زیاترمان بەرچو نەکەوتوە بەڵام حسێن عارف وبستوێتی سرود لە لایەنە هونەریەکانی وەربگرێ .

چیرۆکنووس تاوانمان بە دوو جۆرنیشان دەکا .. تاوان لە تاریکاییو بێدەنگیدا . . بەڵام لە « کبنەوزام »دا پڕ بەدەم هاوار دەکا .. خەڵکی دەهەژێنێ .. بڕبەندو درەوش لە هەستی خەڵکی گیر دەکا.. ئارست هەمەنگوای ئەم ئوسلووبە زبرەی زۆر بەکار هێناوە .. عەمەلیات‌کردنی بێ بەنج بە گوێزان . . شەقاربوونی دەستو پەنجە لە ئەنجامی خشانی گوریس بەسەریدا .. لەم چیرۆکەدا حسێن وشەو ڕستەی جارگبڕو بە ئازاری بەکار هێناوە .. پەنجەی زاڵمێك ئەناو برینی مرۆڤێك‌دا دەچێتە خوارەوەو بە مەبەستی کوشتن برینە کە هەڵدەدرێ.. ئەو کەسەی ئەم کارەساتانە دەبیسێو دەبینێ لەو کەسەی بەسەری دێت ئازاری زیاتر ئەدەگات .. لە «دیمەنێکی ژەنگاوی »و « لە تاریکاییدا » ئەگەر ئەو ڕستانە بژمێرین کە بۆ ڕووداوە بنچینەییەکان تەرخان کراون سێ چوار دێڕ زیاتر نین .. ئەوەی تر گێڕەرەوە خۆیەتی دێتو دەچێ . . جگەرە دادەگیرسێنێو پەنجەرە دەکاتەوەو دای دەخاتو ئەم کۆڵانو ئەو ماڵ دەکات . .

بەڵام هەر هێندەی ئێمەی بۆ ڕوون دەبێتەوە .

ڕەوف جەسەن بەرامبەر چیرۆکە سەرکەوتوەکانی هیچی ڕوون نەکردەوەو هێندەی وت : « بەرامبەر « کانی ڕەحمانو جەستە جۆڵانەکەو مەرگی نابینێو کبنەو زامو .. وەك ئەو دڵدارەوام کە بەرامبەر بە خۆشەویستەکەی دەحەپەسێو توانای نامێنێ هەستی خۆی بۆ دەربڕێ .. منیش هەروەها » ..

لە کۆتاییدا وتی :

کاکە حسێن لە بەرگی « کلافەیە ژانی تووڕە »دا قسەی پاڵەوانی چیرۆکێکی هێشتا نەنوسراوی پێ وتووین کە ئەمەیە :ـ

(بۆ ڕژوا بەڕێزەکان . . ئەوەی بە ڕەزامەندیی خۆتانو بەبێ منەت بە ئێمەتان بەخشی بوو تەنیا ژان بوو .. بەڵام ئەو ژانە لای ئێمە پیرۆز بوو .. چونکە گرو کلپەی ڕقو کینەمان بوو .. شاڵاوی نینو توانامان بوو .. چەکی کاریگەری دەستمان بوو لە ڕووتانا .. کەچی وا ئێستا هەریکن زەفەر بەوە ئەبەن کە ئەو چەکەشمان لێبدزن . . کە ژانەکەمان بە هەنگوین بۆ زەرکەفت بکەن .. نەء بەڕێزەکان .. نەخێر . . ژانی پیرۆزمان زەرکەفتی هەنگوینیتان ناگرێتە خۆی ژانی پیرۆزمان گەرو کنێوشاڵاوی هەزاران ساڵەیەو بە زەرکەفتی هەنگوین خامۆش ناکرێت .. نەء بۆ ڕژوا بەڕێزەکان .. نەء ..)

ئێمە لای خۆمانەوە چاوەڕوانی چیرۆکێکمان لێ دەکرد کە لە ئاستی «دایك»ی مەکسیم گۆرکی دابێ .. ئەوە دە ساڵەو بەڵام هەر چارەڕوانیش دەبین ...

دوای ئەمان کۆمەڵێ ئەدیبان سەرنجی خۆیان دەربارەی ڕاکانی شیرکۆو ڕەوفو چیرۆکەکانیش خستە ڕوو .. وەك کاك ڕەوف بێگەردی چیرۆکنووس و کاك حەمەی حەمە باقی شاعیرو کاکە عەباس عەبدوڵڵای شاعیرو کاکە عەبدوڵڵا عەزیز خالیدی چیرۆکنووسو کچە کوردێکی ئەدەب دۆستو چەند هاوڕێیەکی ترو بەزۆریش ڕای وردو زیرەکانەیان پێبوو.

لە پاشاندا مامۆستا حسێن عارف بە دڵە فراوانەکەی وبەو پەڕی دڵسۆزیەوە سوپاسی هەموانی کردو چەند سەرنجێکی دەربڕی دەربارەی کەرەسە هونەریەکانی خۆیو چۆن لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی دەبان ساڵەیدا بە دەست دەربڕینی هونەریەوە دانامێنی وگرینگ بەلایەوە فیکرەو مەبەستەکانە چۆنیان هەڵدەبژێرێو ئەمجا وتی کە لە پاڵ هەموو یەکی لە چیرۆکەکانیدا «بەیەکدا چوونی شتەکان ئەبێ » چیرۆکێکی تری ڕاستەقینەو فراوان هەیەو هەر هێندەی لێ کەوتۆتە بەرگە هونەریەکەوە.. لەکۆتاییدا وەڵامی چەند پرسیارێکی دایەوە لە مەڕ دایە لوگ لە چیرۆکەکانی‌داو هەروەها پەیوەندی بە شوێنەوارو خەڵکی کوردەوە .. بەم جۆرە پاش نزیکەی دوو سەعاتو نیو کۆتایی هات .

چەند هەواڵێك (پاشماوە)

دەربکا کە پاشکۆی گۆڤاری (الاقتصادی‌یە) کە مەڵبەندی گشتی کۆمەڵە دەری دەکا ، لیژنەی ڕۆشنبیری کۆمەڵە لقی هەولێر بەم بۆنەیەوە ، نوورسەرو شارەزا ئابورییەکان بانگ دەکا ، کە بەرهەمو باسو بابەتی ئابوری زانی بۆ ئەم بلاوکراوەیە بنێرن ، دوا کاتیش بۆ وەرگرتنی ئەو بەرهەمانە تا فریای ژمارەی یەکەم بکەوێ ٥-٤-١٩٨٠ یەو بەناونیشانی (بارەگای کۆمەڵەی ئابووری زانەکانی عیراق - لقی هەولێر - لیژنەی ڕۆشنبیری) نوورسراومان پێدەگاو جاوەڕێین .

تورەقانەکێ (پاشماوە)

د کر قیرو هاوار بو مللەتێ خو مللەتێن جیهانێ هەڤدوو د کوشتن سەرا بیروباوەرێن ژەنگی ، هێژ شوڕەشا فرەنگا ل چ جها نەبی ، چونکە وەلێ یا خوبایە کو ئەڤێ شورەشێ بیروباوەرێن ئەوەیی یێن ئینانەدەرێ ،.

٣ - حاجی قادرێ کوویی، ب راستی حاجی قادر ژی ژ دەستەکا خانیو هەڤاڵێن ویە ، چونکە پشتی چووی ستەمبۆلێ ئەو ژی گرفتاربی ب رێکا سەبدایێ خانیو بەدرخانی‌یافە ،.

٤ - جەگەرخوین ، ئەڤ هوزانڤانە سەبدایێ وەلاتپەروەریا کوردی‌یە ل ئاوایێ کرمانجی‌دا ، چونکە خەباتو کەفتەلەفتا وی کری روی ب زوی تو هوزانڤانا نەکریە ، جەگەرخوین رێیا هوزانا کوردی گوهرێ ژ هەردوو لاڤە ، حەتا ڤێ گاڤێ ژی سستاهیو خاڤینی ل ڤی بارەنی‌دا نەکریە ،..

پ : تایبەت تورێ کوردی چ نەو کیژ تای سەر ژ یێت دی ستاندی‌یە ؟؟

ب : تورێ کوردی وەك تورێ هەمی مللەتا پێکهاتی‌یە ژ ئان خالێن خارێ :

١ - ستران ب هەمی چفین خوڤە .
٢ - گوتنێن پێشی‌یا .
٣ - سەرهاتیو چیروك .
٤ - هوزانو پەخشان .
٥ - شانوگەری‌و تەمسیلی.
٦ - فلوکلور .

ب راستی سترانا گەلەك ژ دویروکا کوردی یا تومارکری ، ئو ژ هەمی تایبێن دی تر مللی‌تره ، بەلێ پا گوتنێن مەزنا ئەز وەلێ هزر د کەم ژ هەمیا تژی تره ژ کنارێ تورەی‌ڤە چونکە گوتنێن پێشی‌یا ژینو ژیانا مللەتێ کورد د دن دبارکرن ژ هەمی رەخو رویاڤە ، ژ رەخێ ئابوری‌ڤە ، ژ کنارێ وەلاتپەروەری‌ڤە ، ژ لایێ چڤاکی‌ڤە ، ب کورتی گوتنێن پێشی‌یا قانونیا مللەتێ کورده ،..

پ : باشە سەبدا منێ زانی‌ی تە بەرتوکەکا ل سەر گوتنێت مەزنا چێکری ، دێ کاری ب رەنگەکێ کورت بو خوینده‌ڤانا ل سەر بەیڤی ؟

ب : بەلێ راستە من بەرتوکەك وا چێکری ل سەر ڤی بابەتی ب ناڤێ «مشتاخا چیا ژ گوتنێن پێشی‌یا » ، ڤێ گاڤێ وا ل ژێر چاپە ، ل ڤان روژا وێ ب کەفیت بازاری ، ب خوە « ٨٧٨ » گوتنن بەلێ داخوازا من نەبەس کومکرنا گوتنابی ، بەلکی ئاها من ئەویی کو ئەز ل سەر هەر گوتنەکێ بڕەکێ باخڤم ل گور کارینا خوە کا چ زانین‌و ئاقلداری تێدا هەیە، ب راستی من گەلەك ئیرا پێڤە دیت ، چونکە ژ سالا ١٩٦٤ ێ حەتا ڤێ گاڤێ ئەز پێڤە مژبلم ، بەلێ ب راستی ئەز وەلێ هرز د کەم ئیزایێ من بەبهوده نەچو ، چونکە مروڤ د کارت ب بێژت ئەڤ پەرتوکا هە - چەندا کو ژ کێم‌وکاسا نەڤالایە - بەلێ وەکی ئەز هرز د کەم کەسێ بەری من دەرگەهە نەفوتایە ، ...

پ : چ ئوشتا (سبب) تو پالدای کو تو ڤێ پەرتوکێ دانی‌و ژێدەرێت تە چ نە ؟؟

ب : ئەگەرا من ل دانینا ڤێ پەرتوکێ دا ئاهو کۆڤانو مەرەڤێن ل سەر زمانێ کوردی بین نەخاسم زارێ کرمانجی ، ئو ب راستی ژی من هاریکار نەبین ژبلی ڤان ئەگەرا ، ژێدەرێن من ژی پیرەمێرو پیرەژنێن کوردا بین ، ....

کۆرێك دەربارەی زمان(پاشماوە)

لەسەرەتاوە مامۆستا عەبدولسەتار تاهەر شەریف مامۆستای کۆرگێری پێشکەش کردو وتی : لەم کۆڕەدا با بەختێ لەدنیای شاعیرو جیرۆك دوورکەوینەوەو بچینە دنیای زانستی زمانەوە . . کە بەڕاستی پێویستمان بەوەیە بایەخێکی تایبەتی بەم لایەنە بدەین ..

ئەمجا دکتۆر ئیبراهیم باسی ئەو لێکۆڵینەوەو نووسینە سەرپێیی‌و ناتەواوانەی کرد کە زانایانی زمانی کوردی‌و ڕۆژهەڵاتناسەکان دەربارەی ئامرازی - کە - بڵاویان کردۆتەوەو لەمەدا پەنجەی بۆ مامۆستایان کۆردۆئێف‌و مەکایێف‌و مەکەنزی‌و کەریمی ئەیوبی‌و ئارنەست مەکاریۆس‌و سەعید صدقی کانان‌و جگەر خوێن‌و نوری عەلی ئەمین‌و محەمەد ئەمین- هەورامانی‌و ..هتد درێژکردو ئەمجا بەشێوەیێکی گشتی باسی - کە - ی وەك ئامرازێکی گەیێنەر کرد لە شوێنی جۆراو جۆری ڕستەدا وئموونەی بە شیعرو چیرۆکی کوردی هێنایەوە .. ئەمجا باسی ئەو ئامرازە لێکدراوانەی کرد کە ئامرازی «کە» یان تێدایە وەك - هەر کە، چونکە، بەلکە بەشکە ، تاکو ، هێشتاکە . . هتد - لە کۆتایی دا ئامادەبوان بە گفتوگۆ بەشداریان لەباسەکەدا کردو بەتایبەتی مامۆستا محەمەدی مەلاکەریم ڕای وابو کە ئەو نموونانەی دکتۆر لەچیرۆك‌و شیعرە کوردیەکانەوە وەری گرتبوو جێگەی خۆی نەبوو .. چونکە ئەوانە کردن بە سەرچاوە بۆڕاستی زمان ناشێن‌و زۆربەیان خۆیان بەهەڵەی زمانناسی‌دا دەڕۆن‌و و لەشیعریش‌دا زۆرجار بۆڕاگرتنی وەزن ئامرازی «کە» بەکاردێنن کە پێویست نیەو .. دەبێ نموونە یا لە فولکلۆرو پەندی پێشینانی کوردی بێ یا لەشاعیرە کلاسیکەکانمان ..

ئەمجا عەبدولکەریم دەشتی شاعیرو د. عیزەدین مستەفاو مستەفا نەریمان‌و د. ئەحمەد عوسمان تێبینی‌و سەرنجی خۆیان خستەڕوو.. کۆڕەکە نزیکەی سەعات‌و نیوێکی خایاند .

گوێزە گەورە (پاشماوە)

- گوێز ناخۆم !

هەر ئەم قسەکانی لەدەم دەرچوو . ورچەکە لەو بەرزاییەوە شلپ بەربوەوە. دەنگی دڵی‌هات . بەدەم لنگەفرتیوە بۆلە بۆلی بوو . پەلاماری بەردو گل‌متکی لەئازاد دەدا .

دوای ئەوەی ئازاد هاتەوە سەرخۆی ئەمجا ئاگای کە ورچەکە ئەمی نەدیوە ، بەلکو ئەتە گوێزەکانی پیشانی ئەوقی مانگاشەوەکە داوە ، هەتا بەئاسانی کاکلە گوێزەکان ببینێ :

ئازاد ، لە گوێزەکە هانە خوارەوە کەڕایەوە ماڵەوە . بۆ سبەینێ خەڵکی دێ دەچوونە تەماشای ورچەکەی‌و ئافەرینی ئازادیان دەکرد .

ئازادیش ئەو شەوە وانەیەکی نوێ فێربوو . ئاونیشانی وانەکەیش ئەمەبوو : **مرۆڤ لە هەموو گیان‌لەبەرێك بە تواناترە ..**

تێبینی : بیری ئەم چیرۆکە لە فۆلکلۆرەوە وەرگیراوە . پێشتر مامۆستا - جمال نوری - لە ژمارە (٧)ی گۆڤاری بلێسە - دا ، هەمان بیری کردۆتە هەوینی چیرۆك‌و بە شێوەیەکی تر .

هەرجارە نووسینێك (پاشماو)

برادەرینە !

ئەوا ئەدیبە ناسراوەکان لەبەر ناسراوی‌یەکەیان کەسێ بوو بەدەنگیانەوە بێ‌و ، لەسەریان بکاتەوەو ، داوای لێ‌بووردنیان لێ بکاو،بۆ دڵدانەوەیان بنووسیو گۆشەیەك بگۆڕێ .. ئەی ئەم هەزاران لاوە کە چەند ساڵە لە گازری خانەی‌بۆستەی خوێنەرەوانەدا ئەکوترێنەوەو ، بە چەکوشی حاوەن وەڵامەکان میراز ئەکرێن .. کێ بەدەنگیانەوە بێ‌و ، کێ هەقی پێشێل‌کراویان بسێنێتەوەو ؛ (ئیعادەی ئیعتیبار)یان بۆ بکاتەوەو ، تۆڵەی جواناوی شەرمی لەبەرێێ قەڵەم بەدەستانی بە ناهەق جووڵاوە - ڕژاویان بۆ بکاتەوە ؟ کێ بێ بڵێ کەرامەتی ئەم خەڵکە زۆر بەرزو بەبایەخە.. چرۆی تازە پشکووتووی بەهرەی ئەم هەزاران لاوە زۆر نازداره ، بۆ لەخۆڕایی پێشێلی ئەکەن ؟

من پۆستەی خوێنەرەوانم لا زۆر بەرێزە ، ئەگەر لە دەستی کەسانی شارەزای،رادا بێ شارەزایی‌یەکەو گیانێکی باوکانەی پەروەشیو سنگێکی کراوەو فراوانیان هەبێ .. پۆستەی خوێنەرەوان ، لە ولاتی خوا پێداوانەدا ، قوتابخانەیە .. جێگەی ڕاستکردنەوەی هەڵەو ، دەستنیشان کردنی چەکەرەی بەهرەو گەشە پێدانیەتی . لە ولاتە پێشکەوتووەکاندا ئەدیبی دوارۆژ لە (پۆستەی خوێنەرەوان)ەوە هەنگاوی یەکەمی بەرەو جیهانی بەدەرەتانی بەهرەی ئەدەبی ئەنێ . کەواتە ، بۆ خوا ، ئێوە بۆ ئەبکەن بە فەلاقەی فوتابخانەکانی جاران .. بە ژووری لێ‌پرسینەوەو جەزرەبەو سزادان ؟

ئەنجا ئێوەو خۆتان کەم بەرهەمی بێ‌پێزو بێ‌سەروبێو بێ‌سوودی خۆتانو کەسانی ناشیتان ،وەك نموونەی هەڵبژاردەی خواداوی ئەدەب ، هەر لەبەر هاوڕێ‌یەتی‌و پێوەندی تایبەتی، بڵاو کردوەتەوە؟بۆ خوا بیلێن ئەگەر مەیدان‌بدرێ‌و ڕەخنەگران ڕێیان ببێ لە نووسینەکانتان بکۆڵنەوەو بەرهەمەکانتان شی بکەنەوە، چەندتان بێ‌ئارق دەرئەچن ؟

دەسا ، با کەتنەکەی ئەمجارەو ، ئەو کارە باشەی (بەڕێوەبەری نووسین) کردی ، ببن بە عیبرەت بۆ لەمەوپاشی هەمدانو ،ئیتر (پۆستەی خوێنەواران‌یش بەڕاستی پۆستەی خوێنەرەوان بێ‌و ، باخە نەمامی ئەدیبانی دوارۆژی کورد بێ ..

کۆرێك دەربارەی (پاشماوە)

ئاسەکەی کرد بە چەند بەشێکی سەرەکی‌یەوەو تێکڕا باسی ئەم خاڵانەی حوارەوەی بە پێشکەشکردنی نموونەوە کردو بەدرێژی هەریەکێ بەشەکانی شی‌کردەوە .

● پێش‌کەوتنی ڕێبازی نازانستی .

● لەم مەسەلەیەدا باسی نوقتەی هاوبەشی کردو وتی:ـ

× نوقتەی هاوبەش ، بەزمانی ماتماتیك بریتی‌یە لە لە بەکدانی هێڵی فەلسەفەو زانستو بەزمانی فیزیا بریتی‌یە لەو مەجالەی کە فەلسەفەو زانست بەجووت دروستی دەکەن واتە مەجالێکی هاوبەش لە ئەنجامی تێکەڵاو بوونی هەردوو مەجالەکەوە ،مەجالی فەلسەفەو مەجالی زانست ، وە بەزمانی کیمیا بریتی‌یە لەو پێتەی کە فەلسەفەو زانست هەردووکیان تفاعلی تێدا دەکەن ..

● دنیامێکی نوقتەی هاوبەش

● دوای ئەوە کاك ناصر بەم شێوەیەی خوارەوە سەر ئەنجامێکی بۆ ئەو بابەتانەی پێشوو خوێندەوەو وتی :ـ

× فەلسەفە لەسەر زانست ڕاوەستاوە ، لەبەر ئەوە زانستی ئەمڕۆ دەبێت فەلسەفەی ئەمڕۆ لێی بدرێت ، زانستێکی پێش‌کەوتوو لەگەڵ فەلسەفەیەکی کۆندا جێگای نابێتەوە بەرانبەر بەهەموو زانستێکی نوێ فەلسەفەیەکی نوێ هەیە ، ئینجا ئەگەر فەلسەفەیەکی نوێ نەبوو ، بەگوێرەی زانستێکی سەردەم، مانای نەبوونی ئەو فەلسەفەیی‌یە لە ئارادا ، بەلکو ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت کە هێشتا ئەو فەلسەفەیە لە ئارادا دەرهێنراوە ، هێشتا گەڵاڵە بەکراوەدایە کە دەبێت بڕوامان بەوە هەبێت کە بەرانبەر هەموو زانستێکی نوێ فەلسەفەیەکی نوێ هەیە ، ئەگەر وابیر نەکەینەوە دەبێت بڕوامان بەوە نەبێت کە فەلسەفەو زانست بەپەرەندی‌یان بەیەکەوە هەیە ، وە دەبێ بڕوامان بەوە هەبێت کە مرۆڤ پێوەری ڕاستی‌یە ، ئەوسا دەبین بە سەفتەسەچی ، سەفتەی ئەمڕۆ هینی ئەم سەردەمە ، ئەوسا روانینە زانستی‌یەکە ون دەکەین ، روانینی ئەمڕۆ هینی ئەم سەردەمە .

١ - یەکێتی فەلسەفەو زانست .
٢ - جوولانەوە جێ‌هێشتنو ئەبشتنە .
٣ - جوولانەوە موتلەقەو وەستان تەنها بۆچونە .
٤ - تێگەیشتنی نوێی جوولانەوە .

● دوای ئەوەی کاك ناصر ئەو خاڵانەی سەرەوەی یەکەیەکە شی‌کردەوەو بەدوورو درێژی لێیان دوا ، ئامادەبوان لە شێوەی پرسیارو وەڵامدا موناقەشەو گفتوگۆیان دەربارەی بابەتەکە لەئەنجامدا کردو کۆڕەکە نزیکەی دووسە عات‌ونیوی خایاند . ئەوەی شایانی باسە کاك ناصر کەلکی لە نزیکەی (١٠) سەرچاوەی زانستی‌و فەلسەفی وەرگرتبوو .

ماتماتیك (پاشماوە)

تا لاپەڕە (١٧٢)م سەرژمێرکرد گەرچی کتێبەکە (٢٢٢) لاپەڕەیە بەڵام ئەمەندە بەسە بۆنموونە کە لە (١٧٢) لاپەڕەدا (١٧٢) جروتە ووشە هەن لە کاتێکدا کە خوێنەر بە چاو پێداخشاندنێك بە جۆری ووشەکاندا ڕەنگە بگاتە ئەو ڕوابەی کە فەرهەنگی ڕمانە شیعری‌یەکەی هەڵمەت دایەتی‌یە کزی ، بە بڕوای ئێمە ئەم دیاردەیەی لێی دەدوێین پێویستی بە توێژینەوەیەکی ووردتر هەیەو هۆی پەنهان‌و دیاری خۆی هەیە ئومێدم وایە لە دەرفەتێکدا بگەڕێمەوە لای ئەم باسەو گەلێك باسی‌تر کە هەموو جۆرە دەردو پەتاو کەمو کورتی‌یەکی تایبەتن بەم ئۆناغە نوێ‌یەی گەلەکەمان‌و لە ئەدەبەکەمان‌دا ڕەنگی داوەتەوە دەنا مەسەلەکە هەروا ساکارانە سەرژماردنی جروتە ناو نی‌یە وەرگرتنو بوونی دژواری‌و وزن‌بوونی زانستە ، بەتایبەتی زانستە بنەڕەتی‌یەکانی درووست بوونو ئەش‌ونماکردنی کۆمەڵ لای نورسەرەکانمان .

Institut kurde de Paris

له بیٚنجەم پیٚشانگای هونەرمەند لیلی العطار

● ذکریات محمد حسن ●

لیلی عطاری هونەرمەندلەدایك بووی ١٩٤٤و دەرچووی خوێندنگای هونەرەجوانەکان ، لەساڵی ١٩٧٠وە چوار پیشانگای لە بەغدادا کردۆتەوەو ، تێکڕاش بەشداری چەندان پیشانگای تری کردووە کە لە ناوەوەی وڵاتو دەرەوەدا کراونەتەوە ، لەم دوایەشدا لە هۆتلی ((الرواق)) پیشانگای پێنجەمی کردەوە .

● لەم پیشانگایەدا (٢٥) تابلۆ پیشاندرا کە باسەکانی لە ئافرەتو خاکو بەخشش دەدوان . لیلی هونەرمەند باسەکانی ئافرەتی لەسەردەمی شەهریارو شەهرەزادەوە تا ئەم چەرخە هەڵبژاردبوو .

ئافرەتو خاك و بەخشش

لیلی دەربارەی ئەم پیشانگایە دەڵێ :

– ئافرەت ، خاك ، بەخشش لەنێوان ئەم سێ شتەدا هونەر یەك دەگرێ ، جا لەم پشانگایەدا دەمەوێ ئەمە ساغ بکەمەوە ، سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ بینەران ، من، تەقەللای ئەوە دەدەم بە یەقینەوە کۆمەڵ لە دەورو ڕێزو بوونو مرۆڤایەتیی ئافرەت تێ بگەیەنم چەکی منیش لەم تەقەللایەدا ئەو هێلانەن کە تێکەڵ شەپۆلی ڕەنگ دەبن ، لەپاڵ هەست پاکی و گەیشتن بە ڕەزامەندی دەروونیو ڕەزامەندی بەهرەی داهنیان .

دەربارەی بەرهەمی داهاتووی دەڵێ :

– بە (١٢) تابلۆ لە میهرەجانی سینەمایی فەلەستینداا بەشداری دەکەم. هەروەها لەو پیشانگایەشس کە یەکێتی ئافرەتانی عیراق دەیکاتەوە .

چەند هەواڵێك

دوو هەواڵی هونەری لە هەولێرەوە

کۆمەڵەی هونەرو وێژەلفی هەولێر بەردەوامە لەسەر مەشق کردن بۆ تۆمارکردنی تەمسلیلی ((ئەزمون)) کە تەلەفت سامان نووسیوەیەتی و دەری دەهێنێ و کۆمەڵی هونەرمەندی لاو بەشداری تێدادەکەن .

● لەم ماوەیەدا تیپێکی نوێ لە شاری هەولێر ڕێگەی کارکردنی پێدرا بەناوی – تیپی نەتەوایەتی – ، یەکەم لەمیهرەجانی بەغدادا بەشداری (هەبوو ، نەبوو)ە کە نەبەرەی ئەم تیپە شانۆگەری کرد .

بلاوکراوەی [ئابووری ژان]

کۆمەڵەی ئابووری ژانەکانی عیراق ، لقی هەولێر بڕیاری داوە ، بلاوکراوەیەك بەناوی (ئابووری ژان)ەوە بەکوردی

بڕوانە ل : ٧

ترۆسکە

دوا هۆنراوە

هۆنراوەی : روبیر دیسنو
مارف عمر گول
لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی

خەوم بینی ، لە تۆ بە هێزتر بووم
زۆر ڕۆیشتم
قسەم زۆر کرد
ڕۆر سێبەرەکەتم خۆشوبست
ئەو سێبەرەت زیاتر لە خۆت
لە گەڵما نامێنێتەوە .
ئەوەم بۆ ماوەتەوە
بیمە سێبەرێك لە نێو سێبەرەکاندا
بیمە ئەو سێبەرەت کە دێ
لە ژیانی ڕووناکتا
دووبارە دێ .
بیمە ئەو سێبەرەت کە دێ

دیسنۆی شاعیر ئەمە دوا هۆنراوەیەتی لە ژیانیدا بۆ خۆشەویستەکەی ناردوە .

کۆڕێکی زمانناسی لە کۆمەڵی ڕۆشنبیری کوردی

سەر لە ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٢ ی ئادار کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لەبەغدا کۆڕێکی بۆ دکتۆر ئیبراهیمی عەزیزی ئیبراهیمی بە ناونیشانی ((ئامرازی کە ـ ی گەیێنەر لە زمانی کوردیدا)) سازکرد .

بڕوانە ل : ٧

هەرچارەی نووسینێك

محمدی مەلا کریم

ئەی کێ لەسەر ئەم هەزارانە بێت دەنگ ؟

لە ژمارەی ٣ـ٣ـ١٩٨٠ی ئەم ڕۆژنامەیەدا ڕوونکردنەوەیەکم بەرچاو کەوت ئیمزای بەڕێوەبەری نووسین (لامواین هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی دەزگای کولتوورو بلاوکردنەوەی کوردی)ی پێوەبوو، داوای لێ بووردنی لە هەندێ شاعیرو ئەدیبی ناسراوی کورد کردبوو کە ناویان خرابوە پۆستەی خوێنەرەفی گۆڤاری بەیانو لە ڕیزی کە سانێکدا وەلامیان درابوەوە کە بە داب و نەریتی باوی ڕۆژنامەنووسی ئێمە بە تازەکارو ڕانەهاتوو ئەدرێنە ئەڵەم .

ڕاستەکەی دەمێك بووئەمویست شتێ لەبارەی ئەو جۆرە وەلامانەوە بنووسم کە زۆر جار لە بلاوکراوەکانی دەزگای ناوبراودا ئەکەونە بەرچاو ، وەلامیوا کە لەجیاتی هاندانی لاوانی تازە هەڵچووی خوێنگەرم بۆ خوێندنەوەو نووسینو پەندوەرگرتن لە ڕێبازو بەرهەمی ئەدیبانی دبارو خۆ قاڵکردن لە کۆڕی خەباتی ئەدەبیدا ، بەردێکی ڕەق بە دەمو دانیاندا ئەدەنو ، لەناو ئاوەڵانی قوتابخانەو کارگەو گەڕەکەکانیانا شەرمەزاریان ئەکەنو ئەیانکەن بە مەیدانی پێکەنینو گاڵتەجاڕی ، مەگەر هەستی نەتەوەپەرستیو ئەدەبدۆستیان لەو قسە سەختانەی پۆستەکانی خوێنەرەوان پتەوترو ڕەقتر بێ ، ئەگینا سێبەسێ تەلاقی ئەدەبی کوردیو کوردی خوێندنەوەو نووسین بۆ دەزگای کولتوورو بلاوکردنەوەی کوردی ئەدەنو ، ئەگەر باوەش بە گۆڤاری لە کوشکەکانی کتێب فروشیی کوردستاندا بەئاسانی دەستئەکەون ، هەر هیچ نەبێ پێوەندیان لەگەڵ ئەدەبی کوردی نامێنێ .

بڕوانە ل : ٧

لە چالاکیەکانی بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیریی جەماوەرلە سلیمانی

کۆڕێك دەربارەی فەلسەفەو زانست

حمە سعید حمە کریم

لە چوارچێوەی وەرزی ڕۆشنبیریی . بەڕێوەبەرێتیی ڕۆشنبیریی جەماوەرداەسلیمانی ، کە حەفتەی ڕابردوو بەرنامەکەیمان بلاوکردەوە ، حەفتەی ڕابردوو تر کۆڕێك ساز کرابۆ شاعیری لاو ناصر حەفیدو لەم کۆڕەدا باسێکی ڕۆشنبیری بەناونیشانی (فەلسەفەو زانستوجوولانەوەی نوێ)ی پێشکەش کردو ، کاك جمال مختار کۆڕەکەی بەڕێوە دەبرد .

● لەسەرەتادا ، خاوەنی باسەکە، مەسەلەی فەلسەفەی زانستانەی ڕوون کردەوە ، ئەوەی ڕاگەیاند کە (فەلسەفەی زانستانە لەسەر سنووری ڕوانین بۆ دنیا جێمان ناهێڵێت ، بەڵکو ، دنیامان تێ دەگەیەنێت ، تێ گەیشتنیش لە دنیا ،باشترین کەرەستەیە بۆ گۆڕینو گەیشتن بە ئەنجام.).دوای ئەمە ، کاك ناصر

چاپکراوی نوێ

ژمارەیەکی نوێی ڕۆژی کوردستان

ژمارەی (٥٧)ی گۆڤاری ڕۆژی کوردستان کە گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتییەو بە هەردوو زمانی عەرەبیو کوردی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لە بەغدا دەری دەکا لەم دوایەدا کەوتە بازارەوە . لەم ژمارەیەدا کە بە چاپێکی ناباوو نووسراوی بە نەڵکی ڕۆشنبیری ڕازاوەتەوە ، ژمارەیەکی تایبەت لەنووسەرو ڕۆشنبیرەکان بەشداریان تیا کردوە ، لەبابەتەکانی ئەم ژمارەیە :

– لە سەر ڕێگای بەدی هێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی – مامۆستا هاشم حسن عقراوی .

– کتێبی کورد لێکۆڵینەوەی میژوویی و سیاسی ، دوکتور احمد عثمان .

– بەراووردکردنەوەیەك – مامۆستا عبدالستار طاهر

– نیگارو وێنە لە بازنەکەی کاکە مەمدا – مامۆستا عبدالله سەراج لەگەڵ شبەرو چیروکو گەڵێ بابەتی تر .

دیوانی بێکەس

چاپی دووەمی دیوانی شاعیری مەزن فائق بێکەس لەم دوایەدا دەرچووە ، ئەم دیوانە کە مامۆستا محمدی مەلا کریم ڕێکی خستووەو سەرەتای بۆ نووسیوەو سەرپەرشتیی لە چاپدانی کردووە . کۆمەڵی شیعری نوێی شاعیری نەمری بۆ بەکەمجاریتا بلاوکراوەتەوە ، کە لە چاپی یەکەمی دیوانەکەدانین . لە چاپدانەوەی بەرهەمی شاعیرە نەمرەکانمان، هەنگاویکی پیرۆزەو ئەو دڵسۆزانەی ئەم هەنگاوە دەنێن شایانی ڕێزو خۆشەویستی هەموانن .

جیهانی منداڵان

شعر بو منداڵان

(خونچەی بەهار)

من خونچەی نەوبەهارم
نێرگزی ناو گوڵزارم
دیاری جەژنی نەورۆزم
من خونچەی نەوبەهارم
وەکوکاوە دڵسۆزم
هاتووم خێرو فەڕێنم
تۆوی برایی بچێنم
لە نێو نیگام بڕوانن
تا لە نیازم بزانن
کوا مرۆی ئەم دنیایە !؟
گشت وەکو یەك بژیایە

سەردار سەپان

بۆ زاخاوی مێشك

منداڵی ئازیزینە :

وشەی گرەوی ئەمجارە لەشەش پیت پێك هاتووەو ڕۆژێکی پیرۆزە لە ژیانی هەموومانداو بە هاتنی شادمان دەبین ئەگەر پیتەکانی ئەم وشەیە ، بۆ دڕووست کردنی وشەی تر بەکار بێنین بەم جۆرە دەبێ :

١ – ٥ + = ژمارەیەکە لەژمارەکان .
٤ + ٢ + ٦ = باخێکی
٦ + ٣ ٣ = پێچەوانەی لە سەر خۆیە .

ئەوەی ژیر بوو ، زانی چیە ، بابۆمان بنووسێ ..

چیرۆکی منداڵان — نووسینی : محمد فریق حسن

گوێزە گەدوە

ڕوونکردنەوەیەك

لەژمارەی پیشوتردا ٢٥ـ٢ـ١٩٨٠ چیرۆکێکی منداڵان بەناوی ((ژانە سەر)) بلاوکرایەوە کە نووسرابوو لە نووسینی (احمد محمد اسماعیل) لەراستیدا ، وەك نووسەر خۆی بۆی نووسیوین ئەم چیرۆکە لە زمانی تورکیەوە کراوە بەکوردیو هەڵەکە لەکاتی هێنانو بردنی چاپخانەدا ڕووی داوەو ڕاستیەکەی (چیرۆکی هاشم رشاد اوغلو)یەو وەرگێڕانی (احمد محمد اسماعیل) .

ئەرکی ماڵەوەی بەجێهێنابوو . خۆی گورج کردەوە . دەستی دایە کۆڵەگۆچانەکەی باوکیو کەوتە پشت ئاوایی .. هەرچەند دەیشتا مابووی مانگ هەڵبێ، بەڵام ئازاد گوێی نەدایەو پشتی بە شارەزایی خۆی تایم بوو .. تەنانەت پرسی بە دایکیشی نەکرد .. وردە وردە بە گردەکاندا سەرکەوت، تائەیشتە باخەکەیانو خۆی گەیاندە ئەو تەڵانەی گوێزە گەورەی لێیە .. بەدەم ڕێگاشەوە لە خەیاڵی دەنگو باسی دێدا بوو .

« بەتاریکی ناپێکرێ .. تەڵە لە هەڤی نایە ، هەڵیدەکەنێو لەگەڵ خۆیدا دەیبات . . ئیوە بەردەفرکێی ورچتان ئەدیوە .. تاڵانی کردووین.. شەوێك هەنگەڵانەکەی مام وسووی کاول کردووە . چی هەنگوینی تێدابووە خواردوویەتی . ئەو شەوەیش بەرخێکی هەراشی لالەپیرۆت. ئەوە دوو شەوە هێڵە بە گوێزە گەورەی مام بایز دەکات هەژارە ئاگاشی لی نیە لە شارە ئایەو مایەی ئازادە . ئەویش منداڵە .»

ئازاد ئەو دەورو بەرەی تاقی کردەوە ، ئەمجا لەسەر خۆ بە گوێزە گەورەدا هەڵزنا. لەگوێدا چڕو پڕبوو لەوێدا حۆی دایە مەکۆ .. باقەی چەقەڵو لوورەی گورگی چەمو باخەکانی بەردەمی ترسیان دەنایە دڵیەوە . بەڵام سوورربوو لەسەر بەرەنگاربوونەوەی ورچەکە . هەوڵی دەدا بەسەر ترسەکەیدا زاڵبێت .. مانگ سەری هەڵیناو بەرچاوی کەمێ روونا کردەوە . سەرنجی وا ورچەکە لە گوێزە گەورە نزیك دەبێتەوە .. ئازاد ، ئەوە یەکەم جاری بوو ورچ ببینێ. پتشتر تەنیا بۆیان باس کردبوو .. نەیدەزانی ئەوەندە چاپووك و تێکسمڕاوە.

بەلایەوە سەیربوو کاتێ بینی ورچەکە وەکو مرۆڤ هەڵسایە سەرپێو دەدارگوێزەکەدا هەڵزنا !.. « خۆ ئەوە ڕێوڕێ بۆ لقەکەی لای منی دێ .

با زیاتر خۆم حەشاردەم.. گوێکانی قوت . چاوەکانی ڕەش . دوو شەویلاگەی درێژو دوو ڕێزە ددانی تیژ . چەپۆڵەکانی لە دەستی مندال دەچن . لەشێکی تبسکنو گوشنن . » ورچەکە هەرکە گەیشتە لای ئازاد ، دوو گوێزی کردەوەو بەیەکیدا دان . گوێزەکان شکانو لەتەکانی بەرز کردەوە !. ئازادیش نەیدەزانی چی بکات ((هەبێو نەبێ دیومی . دەیەوێ بەشم بدات . »

ئازاد گوێی لە دەنگی دڵی خۆی بوو . بۆ ڕزگار بوونی لە دەست ورچەکە نەیدەزانی چۆن هەڵسو کەوت بکات .. نەجارێك ، نەدووان ، نەسیان . هەرکە توێزەکانی دەشکاند ، لەتەکانی بەرامبەر ئازاد رادەگرت .. تا ئازاد تەواو بێزار بوو . بەهەموو هێزی بەسەریدا قیراندی :

بڕوانە ل : ٧

Institut kurde de Paris